ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە

بەرهەمی سێیەم:

# لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی

ساڵی چاپ: ٢٠٢٤ سلێمانی

سەرپەرشتیار: ڕێڤان عوسمان

ئاریان ئومێد

هاوکاران: جێگر جەواد

چراخان چۆمانی

چرا یاسین

ڕەوەند کوێستانی

ڕۆژیار خاڵە حەسۆ

هەوراز غازی

هەڤاڵ محەمەد

هێڤیدار شەعبان

دیزاینی بەرگ: هەوار نووری

هەڵەچن: زریان سەرچناری

لە [گرووپی ڕوون بۆ هەڵەچنی و پێداچوونەوە-٠٧٧٣٣٥٧٤٧٢٧]

پێڕست:

بەرایی........................................................................ ٤
د. کامەران جەمال بابان زادە........................................................ ٦
د. ڕەنج نەوزاد................................................................... ٨
ئیبراهیم سادق مەلازادە.......................................................... ١٢
د. هەردی مەهدی................................................................. ٢٧
د. شێرکۆ کرمانج................................................................. ٣٤
ڕەزاق مەهدی.................................................................... ٤٠
مانی ڕەحیمی.................................................................... ٥٨
سۆران کۆستە.................................................................... ٦٤
ئارام ڕەفعەت.................................................................... ٧٠
مەیسەم موڕادی.................................................................. ٧٣
هەڵمەت مەعرووفی................................................................ ٧٧
هەڵوێست فەهمی................................................................. ٨٥
هەڵۆ بەرزنجی.................................................................... ٨٩
هیوا سەلام....................................................................... ٩٤
محەمەد ڕەسوڵ.................................................................. ١٠٢
مەسعود بابایی................................................................... ١٠٨
گۆران سەباح.................................................................... ١١٠
ڕەوەند کوێستانی................................................................. ١١٢
هەتاو کوردی.................................................................... ١١٥
زیدان تەها....................................................................... ١١٩
ڕۆژیار خاڵە حەسۆ............................................................... ١٢٦
وریا کوردستانی.................................................................. ١٣٠
چرا یاسین....................................................................... ١٣٥
کامەران کوردی.................................................................. ١٤١
سەرهۆز تاهیر.................................................................... ١٤٣

هەوالنامەی کتێب

**هێما نیازی.................................................................. ١٤٦**
**زەردەشت نوورەدین......................................................... ١٤٩**
**میران حەسەن............................................................... ١٥١**
**م. عەبدولحەمید سیوەیلی................................................ ١٥٣**
**دلێر ڕۆستەمی.............................................................. ١٥٧**
**د. هیوا حەمید شەریف................................................... ١٥٩**
**ئالان دارا.................................................................... ١٦٠**
**یوسف حەسەن.............................................................. ١٦١**
**گۆران ماد..................................................................... ١٦٢**

**بەرایی**:

ئەم نووسینەی بەردەستتان سێیەم بەرهەمی ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوەیە کە ناوەندێکی سەربەخۆی قازانجنەویستە، کار لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەکات.

پرسیاری سەرەکی ئەم بابەتەمان: بەربەستەکان، لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی چین؟

بۆ ئەمەش جیاواز لە بابەتەکانی دیکە هەوڵماندا‌وە قسەکەری سەرەکی کەسانێکی دیکەی دەرەوەی ناوەندەکەمان بن، بەتایبەت ئەو کەسانەی گرنگی بە پرسی نەتەوەیی دەدەن و لەبارەیەوە دەنووسن و لێکۆڵینەوە دەکەن، بۆ ئەمەش بە سوپاسەوە چەندین هاوڕێ لەگەڵمان بەشداربوون.

سەرەتا ئەگەر باسێک لە پێناسەی ناسیۆنالیزم بکەین تا زیاتر بەرچاوی خوێنەر ڕوونبێت: ناسیۆنالیزم بەگشتی سیستەمێکی فیکرییە یان بیروباوەڕێکی سیاسی-کۆمەڵایەتییە، ئەندامانی کۆمەڵگە بە خۆشەویستی نەتەوە، پاراستن و بەرەوپێشبردنی بنەما هاوبەشەکانی نەتەوە و ڕاگرتنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی گۆش دەکات. نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بە ئاراستەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی، نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکانیش بە ئاراستەی پاراستنی نیشتمان و قەوارەی سیاسی و گەشەپێکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاراستەدەکات بێ ئەوەی هێرش و پەلامار بکەنە سەر سنووری سیاسی نەتەوەیەکی تر. واتە ئەندامانی نەتەوە لە چوارچێوەی یەکەیەکی ئیداری یان جوگرافیایەکی دیاریکراودا هاوئامانج و هاوبەرژەوەند و هاوچارەنووس دەبن، بۆیە بەرگری لێ دەکەن و گەشەی پێ دەدەن، بەتایبەت لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە".[١]

هەڵبەت پرسی دەوڵەتسازی بۆ هەر نەتەوەیەک پرسێکی چارەنووسسازە، کاری ناسیۆنالیست دروستکردنی دەوڵەتە. پرسی دروستکردنی دەوڵەتیش زەمینەسازی و ستراتیژیی دەوێت. بۆ گەلی کورد کە هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیک و دۆزەکەی زۆر ئاڵۆزە، بۆ بەکرداربوون زنجیرەیەک لەمپەڕ لە بەردەم ئەم گوتارەدا هەیە.

---

١ جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چ. ڕەنج، (سلێمانی، ٢٠٠٤)، ل ٤٦-٤٧.

باوەڕمان وایە بۆ چارەسەری هەر کێشەیەک دەبێت سەرەتا هۆکار دیاری بکرێت، دەمانەوێت بزانین هۆکار چییە تا ئێستا ناسیۆنالیزمی کوردی نەگەیشتووە بە ئامانج، هەر بۆیە لە چوارچێوەی ئەم کارەدا دەستمانکرد بە وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی شارەزایانی ئەو بوارە. لێرەدا بەبێ دەستکاری و بە ئامانەتەوە ڕای هەر یەکێک لەو کەسانە وەک خۆی دانراوەتەوە.

لە کۆتاییشدا هیچ ئەنجامێکمان نەنووسیوە، ئەویش بەو هیوایەی پرسیارەکە بە کراوەیی جێبهێڵین، چونکە ئەگەرچی گوتارەکە تەواو ڕوونە، بەڵام وردەکاری و لەمپەڕەکانی پێویستی بە توێژینەوەی وردتر و وەڵامی زیاترە.

**د. كامەران جەمال بابان زادە**

لەو بڕوایەدام تاكوو ئێستا ناسیۆنالیزم لەناو كورددا درووست نەبووە، تاكوو قسە لەسەر بەربەستەكانی بكەن.

ناسیۆنالیست یان ناسیۆنالیزم تاكوو ئێستا لەناو ژمارەیەكی كەم دەستەبژێری ڕووناكبیری كوردیدا هەیە، لەناو شعری شاعیران لەناو هەندێك تێكستدا هەیە.

كورد ئینتیمای بۆ شتە بچووكەكان زیاترە وەك لە شتە گەورەكان ئەگەر ناسیۆنالیزم بەو مانەیە بێ كە میللەتی ئێمە دەمار و دەمارگیری هەبێت كە (ئیبن خەلدوون) لە پەرتووكی (موقەدیمە)دا باسی دەكات.

كە پێكەوە جۆشدراون و بەرگری لەیەك دەكەن و (عەسەبیەت)دەمارگیرییان بۆ یەكتر هەیە.

خاوەن بیروبۆچوون و ئایدۆلۆجیا و ئینتیمان بۆ ئەو نەتەوەیە كە نەتەوەی كوردە، تاكوو ئێستا ئەو حاڵەتە لە چوارچێوەیەكی بچوكدا نەبێت بەشێوەیەكی گشتی نییە.

هۆكارەكان لە بەردەم بۆ درووستنەبوونی ئەم ناسیۆنالیستە دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك هۆكار:

١-كوردایەتی یان ناسیۆنالیزمی ئێمە بەپەرچەكرداری لەدایك بووە، نەتەوایەتی ئێمە بە پەرچەكرداری لەدایكبووە، چیرۆكی چەوسانەوەی خۆی (زاڵمییەت)ستەمكاریی ئەوانی تری كردۆتە كەرەستە و (شەحنكەرەوە)بارگاویكەرەوە بۆ درووستكردنی جۆرە ئاڕاستەیەك كە پێی دەوترێت كوردایەتی، بەوەی كە تۆ یەك نەگریت و خەبات نەكەیت دوژمنت هەیە، ئەگینا ناسیۆنالیستی بەمانا دەوڵەتدارییەكە وەكوو ئەڵمانیا لە سەردەمی بسمارك و ناسیۆنالیستی ئیتاڵیا لە دوای گاری باڵدی و كافوری، ئەم جۆرە ناسیۆنالیستە كە درووست ببێت لەسەر بنەڕەتێكی ئابووری فیكری لەناو كورددا لەدایك نەبووە، چونكە ناسیۆنالیزمی ئێمە پەرچەكردارییە كە چیرۆكی چەوسانەوەی درووست دەكات.

هەركاتێك چەوسانەوەی دوژمنەكانی لەسەر لابچێت ئەو ناسیۆنالیستە كاڵ دەبێتەوە، چونكە فاكتەرەكەی دیارە.

٢-دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار پارچەدا، هەریەکەو لەگەڵ شوێنێکدا خۆی گونجاندووە، ئەو وڵاتەی کە بەسەری دابەشکراوە بە نەیاری دەزانێت، وە لە هەوڵی نەرمی نواندن و گونجانە لەگەڵ وڵاتانی تر کە کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە.

٣-کۆمەڵگەی ئێمە لە ڕابردوودا کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و خێڵی بووە، کە خێڵ و هۆز زۆر بەزەحمەت ئینتیما بچووکەکانی خۆیان دەگۆڕنەوە بە ئینتیمایەکی گشتی کە ناسیۆنالیستی نەتەوەیە.

٤-نەبوونی زمانێکی ستاندارد کە هەموو کورد کۆبکاتەوە، کوردێکی باکوور و باشوور و لوڕستان (کوردە سادەکەی) بەئاسانی لێک تێناگەن.
ئەگەر کوردێکی لوڕستان کە لە هەواڵەکان دەبینیێ کوردێکی باکوور یان ڕۆژهەڵات یان ڕۆژاوا ئازار دەبینێت، تەنیا دەزانێت کە ناوی کوردە، هاوسۆزیەکەی بۆ کوردبوونەکەیەتی، دەنا لە زمان و (سەقافەت)ی بەئاستەم تێ دەگات، واتە ئاڵوگۆڕی کولتوور نییە لەنێوان بەشەکانی تری کوردستانی ئێمە.

٥-هۆکاری ئابووری، ئێمە شاری گەورەمان نەبووە، کە شارێک بێ تێیدا چینی بۆرجوا و چینی سەرمایەدار بەرهەم بهێنرێ، وە ئەوانە وردەوردە وەلائێکیان هەبێت لەسەر بنچینەیەکی (سناعی)پیشەسازی بۆرجوازی و سەرمایەداری، چونکە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی زۆر بەئەستەم ناسیۆنالیستی تیادا لەدایک دەبێت.

**د. ڕەنج نەوزاد**

بە گشتی دوو جۆر فاکتەر هەیە: فاکتەری ناوخۆ و فاکتەری دەرەکی، کە زۆر کات تەواوکەری یەکترن و یەکتر بەرهەمدەهێننەوە، یان ڕەنگدانەوەی یەکترن.

**أ-فاکتەری ناوخۆ:**

١-لاوازی یان نەبوونی پرۆژەیەکی گشتگیر بۆ ناسیونالیزمی کوردی. پرۆژەیەک کە پێناسە و بنەماکانی ناسیونالیزمی کوردی و ئامانجەکانی دیاری بکات و زۆربەی گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان باوەڕی پێ بکەن و ببێتە بنەمای تێڕوانینی ئەوان بۆ سیاسەت و ناسیونالیزم و کوردبوون.

٢-لاوازی لەسەر ئاستی تیۆری. ئەکادیمیست و ڕۆشنبیرەکانی کورد لەو بوارەدا کاری زۆریان نەکردوە، یان ئەگەر کرابێت نەبووەتە بەها و تێڕوانینێکی گشتی.

٣-دابەشبوونی حیزبەکان و ململانێ کردنیان لەگەڵ یەکتر، بووەتە مایەی هەبوونی تێڕوانینی جیاواز و تەنانەت دژبەیەک، سەبارەت بە چییەتی ناسیونالیزمی کوردی.

٤-بەکارهێنانی هەندێک بەها و گوتاری ناسیونالیستی وەک پروپاگەندە و موزایەدەی سیاسی لەلایەن هەندێک حیزبەوە، کە حیزبە نەیارەکانی دژایەتی ئەو گوتارە دەکەن. لە پرسی ڕیفڕاندۆم بینیمان لەبەر دژایەتی پارتی بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی و لایەنە سیاسییەکان کەوتنە دژایەتی کردنی ئەو پرسە.

٥-بەستنەوەی ناسیونالیزمی کوردی بە هەندێک ئامانج و دەستکەوتی دژەناسیونالیزم. وەک بە فیدراڵیکردنی عیراق، بەدیموکراسیکردنی تورکیا و ئێران و سووریا... لەلایەن هەندێک لە گرووپ و حیزبە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. لە کاتێکدا بنەمای ناسیونالیزم دەبێت سەربەخۆیی و دەوڵەت بێت، نەک بوون بە پارچەیەکی دەستووری و یاسایی لە دەوڵەتی داگیرکەر، ئەوەش بەئارەزومەندانە. وەک دەنگدانی کوردی باشوور بە دەستووری عیراق ٢٠٠٥.

٦–قــۆرخكردنی ناســـیونالیزم لەلایەن گرووپێکـــی دیـــاریکراوەوە. کە نە دەتوانێــت گشتاندنی بۆ بکات و ببێتە تێڕوانین و بەها و ئامانجێکی گشتی کە پشتگیری بکرێت لەلایەن زۆربەی نوخبە و لایەن و گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تر، نە سازش دەکات بۆ ئەوەی گرووپەکانی تریش ڕاکێشیت بەلای خۆیدا.

٧–تێکەڵکردنی نیشتمان و نەتەوە بە حیزب و دەسەڵاتی سیاسی، بەو مانایەیی کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسی گەندەڵ و تاوانبارە، دەبێتە هۆی تاوانبارکردنی نیشتمان و ئاڵا و نەتەوە لەلایەن بەشێک لە کۆمەڵگەوە. ئەمەش دەبێتە ڕێگری لە درووستبوونی گوتار و بەرنامەیەکی ڕوون و بەهێزی ناسیونالیستی.

٨–قــۆرخکردنی ئــابووری و چەک و میــدیا و تواناکــانی کوردســـتان لەلایەن چەنــد حیزبێکەوە. کە هەر گرووپێکی تر بیەوێت پڕۆژەیەکی سیاسی و ناسیونالیستی جدی هەبێت، یان ڕێگری لێ دەکرێت، یان دەبێت ببێتە بەشێک لەو حیزب و لایەنانەی کە خۆیــان زیــانی گەورەیــان لە ناســیونالیزمی کــوردی داوە، یــان لەبەر کەمــی توانــا و گەیاندن، ناتوانێت پڕۆژەکەی بگەیەنێت و گشتاندنی بۆ بکات بۆ کۆی کۆمەڵگە.

٩–هەبـوونی زیـاد لە گرووپێکـی چەکـدار، کە ئەمەش دەبێـتە هـۆی هەبـوونی چەنـدین سیاسەت حکوومەت و میدیا و ئابووری و تێڕوانینی دژبەیەک. هەر یەک لە خـاوەنی ئەم گـرووپە چەکـدارانە بـۆ مـانەوەی خۆیـان و خۆپاراسـتن لە نەیـارە سیاسـییەکانی تریـان، کە هەر کـوردن، دەبێـت خۆیـان بـدەنە پـاڵ دەوڵەتێـک. لە کەیسـی کـورد ئەو دەوڵەتانە داگیرکەری کوردستانن. ڕوونە زۆربەی حیزبە کوردییەکان پشت بە ئێران و تورکیـــا، یـــان بە عیـــراق و ســـووریا دەبەســـتن بـــۆ ئەو مەبەســـتە. ئەمەش واتە ناسیونالیزمی کوردی دەخرێتە ژێر ڕەحمەتی داگیرکەرانی کوردستان.

١٠–وتاری هەناسەدان و مانەوە وەک کرۆکی ناسیونالیزمی کوردی. بە گشتی بەشێک لە کورد پێیوایە کە بمێنێتەوە و بە زمانی خۆی قسە بکات، واتە کورد پارێزراوە. لە کاتێکدا ناسـیونالیزم پڕۆژەیەکی دوورمەودا و ئـاڵۆزە، چەنـدین قۆنـاغی گرنگـی هەیە.

سەرەکییترینی گەیشتنە بە دەوڵەتی سەربەخۆ. نەک خەونێکی بچووکی وەک هەوڵدان بۆ مانەوە. کە سەرەتاییترین قۆناغی ناسیونالیزمە و دەبێت ماوەیەکی کورت و دیاریکراو بێت، نەک ببێتە بەشێک لە ژیانی نەتەوەیەک و ببێتە ئامانج.

**ب-فاکتەرە دەرەکییەکان:**

١-نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە بە پێی دەستوور و دەزگای دەوڵەتی ناسیونالیزمی کوردی پیناسە بکات و بەرژەوەندییە باڵاکان دیاری بکات. خودی ئەو گرووپانەی کە بانگەشەی ناسیونالیزمی کوردی دەکەن (حیزبە کوردییەکان) زۆربەیان داوای فیدراڵی و دیموکراسی دەکەن بۆ دەوڵەتانی داگیرکەر، نەک سەربەخۆیی. ئەمەش ڕێگرییەکی سەرەکییە لە بەردەم ناسیونالیزم. گرنگترین قۆناغی ناسیونالیزم بریتییە دەوڵەتی سەربەخۆ، کاتێک دەوڵەتی سەربەخۆ دێتە دی، ناسیونالیزم کۆتایی نایەت، بەڵکوو دەگۆڕرێت بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئەو دەوڵەتە. بڕیاربەدەستی کورد هاوکار نییە بۆ گەیشتن بە قۆناغی سەربەخۆیی، نەبوونی دەوڵەتی کوردی، هۆکارەکەی فاکتەری دەرەکییە، کە گرنگتر و سەرەکییترە، هەروەها فاکتەری ناوخۆش.

٢-دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی داگیرکەردا، بەربەستێکی سەرەکییە لە بەردەم نەبوونی گوتارێکی گشتگیر و ڕوون و یەکگرتووی ناسیونالیزمی کوردی. هەر پارچەیەک بارودۆخ و داگیرکەرێکی جیاوازی هەیە، گوتاری ناسیونالیزمیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت لە دۆخێکی لەو شێوەدا.

٣-دەبێت ئەو خاڵە بە گرنگ بزانین کە پەروەردەی مرۆڤی کورد بە دەست کێیە؟ ئەوەی کورد بە گشتی پەروەردە دەکات قوتابخانە و دەزگا و میدیا و ئەدەب و پەرتووک و زمانی داگیرکەرە، نەک هیی خۆی. ئەم مرۆڤە هەوڵێکی زۆر و عەقلێکی گەورەی پێویستە بۆ ئەوەی دەربازی ببێت لەو پەروەردەیە. پەروەردەی دەوڵەتی داگیرکەر چییە؟ مرۆڤی کورد فێر دەکات کە داگیرکەر و بکووژەکەی خۆش بوێت، کولتوور و زمان و دەوڵەتی ئەو بەپیرۆز بزانێت... نەفرەت لە خۆی بکات. بۆ

ڕۆژهەڵات و باکوور ئەمە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. لە باشوور لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تا ڕادەیەک ڕزگاری بووە، بەڵام بەتەواوی نا. ڕۆژاوای کوردستان چەند ساڵێکە بەرەو ئەوە دەچێت کە ڕزگاری بێت، بە تایبەت نەوە تازەکەی.

٤-سیستمی جیهانی دەوڵەتی کوردستانی قبوڵ نییە. کەواتە ناسیونالیزمی کوردیش قبوڵ ناکات کە دەبێت ئامانجەکەی سەربەخۆیی کوردستان بێت.

٥-دەوڵەتانی داگیرکەر بەهۆی توانا سەربازی و هەواڵگری و ئابووری و میدیا و هێزی نەرم و ڕەق و تیژ و زیرەک... ڕۆڵێکی سەرەکییان بینیووە لە کاریگەریی دانان لەسەر مرۆڤی کورد و دوورخستنەوەی لە ناسیونالیزمی کوردی. کاریگەری زۆر داناوە لەسەر فکر و ڕەفتار و خەون و ئاڕاستەکانی مرۆڤی کورد. کە هەر هەمووی ڕێگرییە لە ناسیونالیزم و لێدانە لێی.

**ئیبراهیم سادق مەلازادە**

**لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی (وتار)**

**پێشەکی:**

کـورد دۆزێکـی ڕەوای هەیە، بەڵام تـا ئەمـڕۆ نەتـوانراوە هـێڵە گشـتییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی دیاری بکرێن، بێجگە لەو درووشـم و چەند نووسـراوەی کە لە ڕاسـتیدا ناتوانرێت بە هیچێک لەو نووسـینانە بوترێت، تیـۆریزەکردنی ناسـیۆنالیزمی کـوردی. دەکرێـت، هەر ئەو دۆخەش لە خـودی خۆیـدا لەمپەڕێـک بووبێـت لە بەردەم دەرنەکەوتنی سیما گشـتییەکانی کوردایەتی و بەکولتـوورکردنی بنەمـا ئەخلاقییەکانی. بۆیە، هەرچی هاتووە بۆ خۆی گوتارێکی تایبەتیی بەکارهێناوە، بەڵام گوتارێکی شێواو و دوور لە خواســتی ســەروەریی نەتەوەیــی. بەو پێــیەش، هەر زوو، واتە هەر لە ســەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوو بنەما بە تێپەڕبوونی کـات بـوون بە کولتـوور، یەکەمیـان باشـوور، بـوو بە کوردسـتانی عێراق، دووەمیشـیان لە سەربەخۆییەوە گەڕانەوە بۆ ئۆتۆنۆمی(حوکمی زاتی)، بێ ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەک بۆ ڕەهەنـدە مێژووییەکـان و ئەگەرەکـانی ئەو خۆڕادەسـتکردنە بە عێـراق بکرێـت. بەو جـۆرە، گرنگتـرین خەسـڵەت لە بـزووتنەوەی سیاسـی کوردسـتان، دابەزیـن بـوو لە سەروەری و لە گوتاری سەربەخۆخوازی بۆ کوردستانی باشـوور. بەو جۆرە، کـورد بـوو بە عێراقی و ئەوە لەبیرکرا کە دوای زیـاتر لە پێنج سـاڵ لە دامەزراندنی عێراق، کوردســتانی باشــوور (ویلایەتــی موســڵ) بەو عێــراقەوە لکێنــدرا، کە پێشــتر عێـراق پێکهاتبوو لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە. دوای ڕاپەڕین، واتە دوای حەفتا سـاڵ لە هەوڵ و تێکۆشـــــان و قوربانیـــــدان و جینۆســـــاید، ئینجـــــا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پرسی پارێزبەندی بۆ کورد لە چوارچێوەی بڕیاری (٦٨٨) ی نەتەوە یەکگرتووەکـان بـۆ کەمتـر لە نیـوەی باشـووری کوردسـتان خەتـی(٣٦)ڕاگەیەنـرا و بڕیارەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. لە کاتێکدا پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەر لەژێر نیری داگیرکەردا ماونەتەوە، بێجگە لەو دۆخە تایبەتەی کە ئێستا لە کوردستانی ڕۆژئاڤادا هەیە.

**ئایا کورد ناسیۆنالیزمی هەیە؟**

لەگەڵ ئەوەی کە کورد خاوەنی دۆزێکی ڕەوا و دادوەرانەیە و لەسەر نیشتمانی خۆی دەژی و لێی داگیرکراوە، تا ئێستاش بۆ من قورسە بڵێم کورد ناسیۆنالیزمی هەیە، ئەمەش دەکرێت وەکوو یەکێک لە لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی تەماشا بکرێت، ئەگەر بڕیاربێت ناسیۆنالیزمی کوردی بەمانا مۆدێرن و ئەکادیمییەکەی، هەبێت. چۆن؟

**لەمپەڕی یەکەم:** دوای سەد ساڵ لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی بە مانا مۆدێرنەکەی، نەتوانراوە چەند لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەو بارەیەوە بەرهەم بهێنرێن، یا بە گشتی گوتارێکی یەکگرتووی نەتەوەیی بە ئاڕاستەی سەروەری نەتەوەیی بەرهەم بهێنرێت، بێجگە لە (جەمال نەبەز) کە لەو بارەیەوە چەند پەرتووکێکی نووسیون، لەوانەش "بیری نەتەوەیی کوردی"، "ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالیزمی کوردی"، بەڵام ئەو پەرتووکانەش زیاتر چەند بنەمایەکی سەرەتایی و چەند لێکدانەوەیەکن کە زیاتر بۆ ئەو سەردەم پێویست بوون. ئەوەی دەمێنێتەوە هەندێک نووسینی گشتی و لە چەند درووشمێک تێپەڕی نەکردووە. لەو بارەیەشەوە، زۆربەی چاودێران لەسەر ئەو ڕایەن کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، ناسیۆنالیزمی کوردی تیۆریزە نەکراوە و کەسێک نەهاتووە پێمان بڵێت ناسیۆنالیزمی کوردی چییە و چۆن کار دەکات، وەک ئەوەی زۆربەی ناسیۆنالیزمەکانی دونیا خەڵکێکی تایبەتمەندیان هەبووە، تیۆریزەیان کردووە و دەیان ئارگیومێنت و دژەئارگیومێنتیان لەو بارەیەوە وروژاندوون، وێڕای ئەوەی بەڕوونی سەر بە یەکێک لە قوتابخانەکانی ناسیۆنالیزمن و ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی خۆیان داڕشتوون. توانیویانە بەجوانی سنوورەکانی نەتەوە دەسنیشان بکەن، پێناسەیەکی ورد و درشتی دوژمنی نەتەوەکەیان بکەن. کۆمەڵێک سیمبوڵی نەتەوەیی دابڕێژن و هەموو نەتەوە لەسەریان کۆک بن، توانیویانە حەڵاڵ و حەرامی نەتەوەیی دەسنیشان بکەن و کەس نەتوانێت ئەو سنوورانە ببەزێنێت. هەر کەسێکیش بەزاندبێتی، بە دژەنەتەوە و بەرژەوەندی نیشتمانی تۆمەتبار کراوە.

لەو بارەیەوە، ئاماژە بە چەند نموونەیەکی ناسیۆنالیزم دەدەم لەڕووی تیۆرییەوە؛ هەروەها، بەکورتیش ئاماژە بە ناسیۆنالیزمی هەر سێ نەتەوەی داگیرکەری کوردستانیش دەدەم.

**ناسیۆنالیزم لە ڕووی تیۆرییەوە:**

ئەگەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بە نموونە: وەربگرین، یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی پەیوەست بە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی (یۆهان گۆتلیب فیختە) بووە. (فیختە) فەیلەسوفێکی کاریگەری ئەڵمانی بووە لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، زۆرجار بە یەکێک لە باوکە ڕۆشنبیرەکانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی دادەندرێت. کارەکانی (فیختە) بەتایبەتیش نووسینەکەی بەناوی "وتار بۆ نەتەوەی ئەڵمان"، (Reden an die deutsche Nation) کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە سەردەمی ناپلیۆندا پێشکەشی کرد، جەختی لەسەر بیرۆکەی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و بەئاگای ئەڵمانی دەکردەوە، داوای بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەیی بەکۆمەڵی دەکرد و هانی ناسنامەیەکی جیاوازی ئەڵمانی دەدا. بەشدارییەکانی (فیختە) لە بناغەی فیکریی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیدا کاریگەرییەکی درێژخایەنی بەسەر پەرەسەندنی بیری سیاسیی ئەڵمانیدا هەبووە.

لەو نێوەندەشدا چەمکی دەوڵەت وردەوردە بووە بە بابەتێکی تایبەت لە پەیوەندی بە ناسیۆنالیزمەوە. هەر ئەو چەمکەشە کە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی لە هەندێک ناسیۆنالیزمی دیکە جیا دەکاتەوە. بۆ نموونە: فەیلەسوفی ئەڵمانی (یۆهان گۆتفرید هێردەر) فەیلەسوف و ڕەخنەگری ڕۆشنبیری سەدەی ١٨، بە یەکێک لەلایەنگرانی سەرەتایی بیرۆکەی "نەتەوەیەک بە زمان و کولتوور و مێژوویەکی هاوبەش" پێناسە دەکرێت. ئەو دەیوت نەتەوە بوونێکی ئۆرگانی و کولتوورییە و بە تێپەڕبوونی کات بە شێوەیەکی ئۆرگانیک سەرهەڵدەدات. لە کاتێکدا (هێردەر) دەوڵەتی وەک مەرجێک نەخستووەتە چوارچێوەی نەتەوە، بەڵام جەختکردنەوەی لەسەر لایەنە کولتووری و زمانییەکانی نەتەوەیەک، بەشداری لە پەرەسەندنی دواتری ئەو بیرۆکەیەدا کردووە کە نەتەوەیەک بە نزیکییەوە بەستراوەتەوە بە بوونی قەوارەیەکی سیاسییەوە، وەک دەوڵەت.

له بەرانــبەردا، ئەو بیــرۆکەیەی کە فــاکتەری چارەنووســسـازە بــێ درووســتبوون و پێکهێنانی نەتەوە، زۆرجار پەیوەستە بە کارەکانی بیرمەند و مێژوونووسـی فەرەنسـی (ئێرنست ڕێنان) لە گوتارە بەناوبانگەکەیدا بە ناونیشانی "نەتەوە چییە؟" ( Qu'est-ce qu'une nation?)، کە لە سـاڵی ١٨٨٢ بڵاوکـراوەتەوە، (ڕێنـان) باسـی پێکهاتەکـانی نەتەوەی کردووە و جەختی لەسـەر ڕۆڵـی ئیرادە و ڕەزامەندی سیاسیی هـاوبەش لە درووسـتکردنی نەتەوەدا کـردووەتەوە. (ڕێنـان) بـاس لەوە دەکـات کە نەتەوە تەنیـا لەسەر بنەمای فاکتەری وەک ڕەگەز، ئایین، یان زمـان دانامەزرێت، بەڵکوو پێشـنیاری کـرد بـوونی ڕاپرسـییەکی ڕۆژانە، دەربڕینێکـی بەردەوام و خۆبەخشـانەی ئیـرادەی بە کۆمەڵی ئەندامەکانی نەتەوە بێت بۆ بەرگەگرتن و خۆپاراستن زۆر گرنگە. ئامـاژەی بە کـۆمەڵەی سیاسـی خۆبەخشـانە کـردووە. نەتەوە بە بـڕوای (ڕێنـان) ڕیفرانـدۆمێکی ڕۆژانەیە، کردەوەیەکی بەردەوامی خەڵکە بۆ پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا، بۆ نموونە: لە ڕێی هەڵبژاردنەوە.

هەروەهــا خــاڵی دووەم، پابەنــدبوونی هــاوبەش بە داهــاتوورییەکی هاوبەشــەوە، وەک تــوخمێکی جەوهەریــی چارەنووســسـاز بە مــانەوەی نەتەوەی زانیــوە. ئەو پێــی وایە خواست و ئیرادەی بە کۆمەڵی نەتەوە بۆ بەردەوام بوون لە پێکەوەژیـان و کـارکردن بــۆ ئامــانجە هاوبەشــەکان بــۆ بــوونی نەتەوە پێویســتە. ئەم پابەنــدبوونە هاوبەشــە پەیوەندییە مێژووییەکان تێدەپەڕێنێت و پرۆسـەیەکی بەردەوام و داینـامیکیی هـاوکـاری و تێگەیشتن لە یەکتر، لەخۆدەگرێت. لەو چوارچێوەیەشدا دەوڵەت وەکوو پێکهـاتەیەکی سیاسـی تەماشـا دەکرێـت کە ڕۆڵێکـی بنەڕەتـی لە داڕشـتن و پاراسـتنی یەکگرتـوویی نەتەوەیەکدا دەبینێت.

لە بنەڕەتدا تێڕوانینی (ڕێنان) بۆ ناسیۆنالیزم، تیشک دەخاتە سەر سرووشتی دینامیکی و پەرەسەندنی نەتەوەکان، جەخت لەسەر گرنگی ئیرادەی دەستەجەمعی و هەڵبژاردنی بەردەوامی تاکەکان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بەشێک بن لە کۆمەڵگەیەکی سیاسی.

ئەم جیاوازییە لە تێگەیشتنی (فیختە) و (ڕێنـان) بـۆ نەتەوە، دەکرێت بە جیا و بەوردی ببێت بە مایەی تێڕامان و لەسەر وەستان بۆ کورد، بۆ ئەوەی بەوردی بتوانن جۆرێک لە تێکهەڵکێش لەنێوان ئەو تێگەیشتنە بۆ ناسیۆنالیزم لە پێناو داهاتووی کورد مۆبیلیزە بـکەن. دەبێـت لەوە تێـبگەن کە ڕابـردووی ئەو سـەد سـاڵەی مێـژووی دونیـا ئەوەی

سـەلماندووە، هەر نەتەوەیەک دەوڵەتـی نەبێـت هەمیشـە لە بەردەم هەڕەشـەی لەناوچوون، جینۆساید و بێکەرامەتکردن دایە. لەو هەلومەرجەشدا، دەکرێت بوترێت کە نەبـوونی دەوڵەت یەکەم لەمـپەڕە لە بەردەم نەک هەر ناسـیۆنالیزمدا، بەڵکـوو لەبەردەوام چارەنووسی کورد و ئاییندەیەکی گەش بۆ نەتەوەی کورد. کە دواتر بە وردەکاری قسەی لێ دەکەین.

**ناسیۆنالیزمی داگیرکەر!**

ناسیۆنالیزمی داگیرکەرانی کوردستان، کە هەر یەکێک لەو ناسیۆنالیزمانە ئەو بەشەی کوردستانی ژێردەستی خۆیان بە بەشێک لە نیشتمانی خۆیان دەزانن، جۆرێکە لە ناسیۆنالیزمێکی ڕەگەزپەرست، کە تا ئەوڕۆش نەیتوانیوە لە گرێی دژەکوردبوون ڕزگاری بێت. لێرەدا، کورتەیەک لەسەر ناسیۆنالیزمی هەر سێ نەتەوەی داگیرکەر باس دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

**یەکەم:** سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی، یەکێک لە تیۆریستە دیارەکان کە پەیوەندی بە تیۆریزەکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە هەیە، بریتییە لە (ساطع الحصري). ساتیع حوسەری (١٨٧٩-١٩٦٨) ڕۆشنبیر و پەروەردەکارێکی کاریگەری عەرەب بووە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پەرەپێدانی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا.

بیرۆکەکانی ئەلحوسەری، لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا کاریگەر بوون و بەشداری لە بناغە فیکرییەکانی ناسنامە و یەکگرتوویی عەرەبدا کردووە. جەختی لە پەیوەندییە هاوبەشە زمانەوانی و کولتوورییەکانی نێوان نەتەوەی عەرەب کردووە وەک توخمێکی جەوهەری لە پێکهێنانی نەتەوەیەکی یەکگرتووی عەرەبیدا. هەروەها کارەکانی باس لە گرنگی پەروەردەکردنی هۆشیارییەکی هاوبەشی نیشتمانی لەنێوان عەرەبەکاندا دەکەنەوە.

شا فەیسەڵ، کە لە ٢٣ی ئابی ١٩٢٣ لە عێراق تاجی پادشایەتی خرایە سەر، ئەلحوسەری لەگەڵ خۆی هێنایە عێراق. هێنانی حوسەری بۆ عێراق بێ هۆکار نییە، دوای ئەوەی لە سووریاش حوسەری دامەزرێنەری وەزارەتی مەعاریفە. بەو جۆرە، لە

بەغـدا شـا فەیسـەڵ حوسـەری ڕاسـپارد؛ چـۆن مەنهەج(کۆریکۆلـۆم)ی پەروەردەی سـووریای دانـا، ئـاواش هیـی عێـراق دابنێـت. حوسـەری کۆریکۆلـۆمی سـەرتاپای قوتابخانەکانی عێراقی داناوە. کۆلێژیی یاسای لە زانکۆی بەغدا دامەزراندووە و بۆ ماوەی دە ساڵ بۆ خۆی ڕاگری بووە. جیا لەوەش، ڕاوێژکاری کۆمکاری وڵاتانی عەرەبیی بووە. یەکێک لە کارەکانی حوسەری پێشنیازێکی شا فەیسەڵی ڕەتکردەوە بە دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراق، بەڵکوو سوور بوو لەسـەر گوتـار و مەنهەجێکـی یەکگرتـووی نەتەوەیـی عـروبەوی، کە هەمـوو ئـایین و نەتەوە و کەمینەکان تێپەڕێنێت. جیا لەوەش، بە هیچ جۆرێک ڕێگای نەداوە خوێندن لە باشووری کوردستان بەکوردی بێت.
بەوجۆرە، ئەلحوسەری لە عێراق بەردەوام بانگەشەی بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکرد تـا هەڵگیرسـانی شۆڕشـی (ڕەشـید عـالی گەیلانـی) لە سـاڵی ١٩٤١، دوای ئەوە بە فەرمـانی دەسـتەڵاتی بەریتـانی ئەو کـاتە، دوای ٢١ سـاڵ لە (تەعریـب)بەعەرەبکردنی عێراق، لە عێراق دوور خرایەوە.

**دووەم**: سـەبارەت بە نەتەوەی تـورک، یەکێـک لە دیـارترین بیرمەنـدە تورکەکـان لە پەیوەنـدی بە ناسـیۆنالیزمی تـورکییەوە، (زیـا گۆکئەڵـپ)ە. زیـا گۆکئەڵـپ ڕۆشـنبیر و شـاعیر و کۆمەڵناسـێکی تـورک و (بە ڕەچەڵەک کـورد و خەڵکـی پارێزگـای ئـامەد)، لە سـەردەمی کۆتـایی ئیمپڕاتـۆرییەتی عوسـمانی و سـاڵانی سـەرەتای کۆمـاری تورکیـا ژیـاوە. ڕۆڵێکـی چارەنووسسـاز لە داڕشـتنی ئایـدیۆلۆژیای ناسـیۆنالیزمی تورکیـدا دەبینێت، بیرۆکەکانی کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر دیمەنی کولتووری و سیاسی وڵاتی تورکیادا هەبووە. بۆچوونە ناسیۆنالیستەکانی (گۆکئەڵپ) جەختیـان لەسـەر پێویسـتی یەکگرتوویی کولتووری و بەرەوپێشـبردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیـی هـاوبەش لەنێوان گـرووپە نەتەوەیـی و کولتـوورییە هەمەجۆرەکـانی نـاو ئیمپڕاتـۆرییەتی عوسـمانی و دواتریش کۆماری تورکیادا دەکردەوە. داکۆکی لە دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تورکی مۆدێرن و عەلمانی و یەکسان دەکرد.
بیرۆکەکانی گۆکئەڵپ، کاریگەرییان لەسـەر سیاسـەتەکانی سـەرەتا دامەزراندنی کۆمـار هەبوو، بەتایبەتیی لە سەردەمی سەرکردایەتی (مستەفا کەمال ئەتاتورک) دامەزرێنەری

تورکیای نویێ. له کاتێکدا بەشدارییەکانی گۆکائەڵپ له ناسیۆنالیزمی تورکیدا بەرچاون، بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە کەسایەتی و فاکتەری دیکەش هەبوون کە ڕۆڵیان لە داڕشتنی گوتاری ناسیۆنالیزمی تورکیدا هەبووە.

**سێیەم:** سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی، بەهۆی بیرمەند و ڕووداوە مێژووییە جۆراوجۆرەکانەوە لە قاڵب دراوە و وەک حاڵەتێکی جیاواز پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە تیۆریستە تاکەکەسییەکانەوە نەبووە. بەڵام یەکێک لەو کاسایەتییانەی کە بەشدارییان لە پەرەسەندنی بیری ناسیۆنالیستی ئێراندا کردووە، (ئەحمەد کەسرەوی) بووە. هەرچەندە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی، ڕاستە "ئێران" وەکوو نیشتمان باس دەکات، بەڵام هەرگیز فارسبوون و ئێرانیبوون لەیەک دانەبڕاون. بەو مانایەی ئێرانیبوون بەشێکە لە فارسبوون، نەک بە پێچەوانەوە.
ئەحمەد کەسرەوی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕۆشنبیر و مێژوونووس و ڕیفۆرمخوازێکی دیاری ئێران بووە. بانگەشەی بۆ عەلمانییەت و دابڕانی ئایین و دەوڵەت و پەرەپێدانی ناسنامەیەکی مۆدێرن و سەربەخۆی ئێرانی دەکرد. کارەکانی کەسرەوی بریتیبوون لە ڕەخنەگرتن لە نەریتگەرایی، کاریگەریی ڕۆحانییەکان و دەستووەردانی دەرەکی لە کاروباری ئێراندا.
گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندووە و لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هۆکاردا بووە، لەوانە ڕووداوە مێژووییەکان، پێشهاتە کولتوورییەکان و کەشوهەوایی سیاسی، ڕۆشنبیران و نووسەران و سەرکردە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بەشدارییان لە داڕشتنی هەست و سۆزی ناسیۆنالیزمی ئێراندا کردووە و وای کردووە کە ئایدیۆلۆژیایەکی ئاڵۆز و فرە لایەنە بێت.

**لە بەرانبەردا ناسیۆنالیزمی کوردی:**

لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی ئەو سێ نەتەوە داگیرکەرەی خاک و چارەنووسی کورد، بێجگە لەو درووشم و سروودانەی کە ڕۆژانە بەر گوێی هەمووان دەکەون، تا ئەورۆ نازانرێت پرینسیپڵ و بنەماکانی ناسیۆنالیزمی کوردی چین!.

نەبوونی. هیچ پێوەر و بنەمایەکی نەتەوەیی وای کردووە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک ببینەوە، لەوانەش:

١-نەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی. ئەگەر بەوردی سەرێک بە ناو گوتاری حیزبە سیاسییەکانی کورددا بکەین، ئەوسا تێدەگەین گوتاری ئەو حیزبانە لە چ سەرگەردانییەکدا دەناڵێنێت. حیزبەکان نەک هەر گوتارێکی یەکگرتوویان نییە، بەڵکوو گەڕەلاوژێ یەکێکە لە سیماتە گشتییەکانی گوتاری حیزبەکان.

٢-بەدرێژایی مێژووی داگیرکاردنی کوردستان، هەر کەس و حیزبێک هاتووە ختوکەی نەتەوەیی خەڵکی داوە، بە ئاسانی بەلاڕێدا براون. هۆکارەکەش ئەوەیە کە کولتوورێکی نەتەوەیی نییە کە پەیوەندی بە بنەماکانی نەتەوەیی کوردەوە هەبێت و خەڵک لەوە تێناگات داخۆ چیان دەوێت و ئەو حیزبانەش دەیانەوێت بەرەو کوێیان ببەن.

**لەمپەڕی دووەم: کاریگەری خێڵ و خێزان**

ڕۆح و ستراکتۆری خێڵەکی کۆمەڵگەی کوردی، هاوپێچ لەگەڵ نەخوێندەوارییەکی ڕیشەدار و سەرتاسەری کۆمەڵگە، وای کردووە خێڵ بە ئاسانی چەندین ئاڕاستەی جییاواز وەربگرێت. لەلایەک، کە کەسێک بووە بە ڕێبەری بزووتنەوەیەک، ئاڕاستە و ستراکتۆری خێڵەکی بەسەر بزووتنەوەکەدا زاڵ بووە و وای کردووە، حیزبیش بە هەمان تام و چێژی خێڵ بەڕێوە ببرێت و ڕەنگرێژ بکرێت. لەوەش خراپتر، خێزان بووە بە قۆرخکاری ڕێبەرییەتی حیزب و هەژموونی بەسەر خێڵدا کردووە، یا بەمانایەکی دیکە، چۆن خێزانێک دەبێتە کاکڵی خێڵ و لە ڕێی کەسی یەکەمی خێزانەوە خێڵ بەڕێوە دەبرێت، بەهەمان شێوە حیزبی کوردیش تا ئەمڕۆ لە ڕێی کەسی یەکەمی خێزانەوە حیزب بەڕێوە دەبات. ئەمەش هەمیشە لەمپەڕ بووە لە بەردەم درووستبوونی حیزبێکی مۆدێرن و هەڵگری بنەما ئەخلاقییەکان.

لێرەدا نەتەوە لەنێوان دوو بەرداشدا ستەمی لێ کراوە. بەرداشی یەکەم، حیزب لە فۆرمی خێڵدا هەمیشە هەوڵی داوە نەتەوە بچووک بکاتەوە لە حیزب و پەڕوباڵی بکات. بەو مانایەی لەجیاتی ئەوەی حیزب دونیابینی و فەلسەفەی سیاسی خۆی فراوان بکات و بیگەیەنێتە ئاستی ڕووداوەکان و خواستی نەتەوە، حیزب هەمیشە هەوڵی داوە

نەتەوە دابەزێنێتە ئاستی خواستەکانی خێڵ و لە کولتووری خێڵدا قەتیسی بکات. ئەمەش بووە بە هۆکارێک کە حیزبی کوردی هەرگیز نەیتوانیوە لەگەڵ مۆدێرنیتە براوت و بەها و نۆرمەکانی مۆدێرنیتە بکات بەبەها و نۆرمەکانی خۆی. بەڵکوو هەندێک جار بە پێچەوانەوە دژ بەو بەها و نۆرمانەش وەستاوەتەوە.

لە بەرانبەر ئەقڵی خێڵدا، لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، بە تێپەڕبوون بە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم، دوو ئایدیۆلۆژیا بە دوای یەکدا سەریان هەڵداوە، ئەوانیش ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزم بوون. هەردوو ئەیدیۆلۆژیاکە ڕەهەندی سنووربڕیان هەن و دان بە نەتەوەدا نانێن، هەردووکیان بە دوو مۆتیڤی جیاوازەوە. ئالێرەدا هەردوو ئایدیۆلۆژیاکە، وزەیەکی بێ سنووری کوردیان بە فیڕۆ داوە لە پێناو ئەوەی نەتەوەی کورد لەناو بازنەیەکی بەرفراوانتر و گەورەتر بتاوێننەوە. ئیسلامیزم هیچ ستراتیژییەتێکی نیشتمانی کوردستانیی نییە، بەڵکوو دەیەوێت هەموو سیماتەکانی نەتەوە بسڕێتەوە و لە بازنە گەورەکەی ئوممەتی ئیسلامیدا بیتاوێنێتەوە، لەژێر درووشمی هەموو موسوڵمانان بران و هەمووشیان یەک چارەنووسیان هەیە. ئیسلامیزمی عەرەبی پێی وایە دوای ئەو دابەشبوونەی کە ئەوڕۆ دونیای ولاتانی زۆرینە موسوڵمانی گرتووەتەوە، نابێت لەوە زیاتر ڕێگا بە دابەشبوونی زیاتر بدرێت. بەو جۆرە، کورد لەنێوان هەردوو ئاراستەی بچووککرانەوە و تواندنەوەدا تووشی گرفتی گەورە و لەدەستدانی زۆر دەرفەتی جیاواز بووە.

**لەمپەری سێیەم: ئایین**

هاوئایینی لەگەڵ داگیرکەر، خاڵێکی دیکەیە کە وەکوو شێرپەنجە هەمیشە دەژییەتەوە و خۆی چالاک دەکاتەوە، چۆن؟ سەرەتا بەر لەوەی بچمە ناو خودی قسەکردن لەو خاڵە، مەبەستی من باشی و خراپی هیچ ئایینێک نییە، بەڵکوو وەسفی ئەو دۆخەیە کە کورد تێی کەوتووە.

**ئەو خاڵەش لە سێ خەسڵەتدا چڕ دەبێتەوە:**

**خەسڵەتی یەکەم:** بەهۆی هاودینییەوە کورد هەمیشە فێڵی لێ کراوە، چۆن؟
بەدرێژایی ئەو سەد ساڵەی ڕابردوو کە کوردستان دابەش دەکرێت و کورد دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی داگیرکەر، سەرەتا بەشێکی زۆری کورد هەر باوەڕی بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تورک نەبووە، بەهۆی پاشخانی عوسمانیزمەوە. کۆلۆنیالیزم کە هاتۆتە ناوچەکە تورکەکان هەر زوو توانیویانە کورد جۆشبدەن دژ بە داگیرکەری کافر. تورکەکان لەو ڕووەوە وشیاربوون و زانیویانە چیان دەوێت، بەڵام کورد نەیزانیوە چی دەوێت، یان باشتر بڵێین کورد لە پێناو ئاییندا خوێنی خۆی بەخشیوە و ئامانجی تورکیش دوورخستنەوەی هێزە کۆلۆنیالیستەکان بووە، لە هەمان کاتیشدا خۆێکخستن و ئیدارەدانی هێزەکان بە کوردیشەوە، وێڕای گرتنە دەستی جڵەوی ئیدارەدانی شار و تەواوی ئەو جوگرافیایەی کە دەستیان بەسەریدا شکاوە بە بەشێک لە کوردستانیشەوە، کە زیاتر کوردستانی باکوور دەگرێتەوە. تورک تەنانەت توانیویەتی بەشێک لە کورد ڕازی بکات بەوەی ئەرمەنییەکان مەترسین لەسەر خاکی موسوڵمانان و دەبێت وریایان بین. هەر لەگەڵ جەنگی یەکەمی جیهان، کە عوسمانییەکان چوونە پاڵ ئەڵمانیا، (مەلا سەعیدی کوردیی) چەندین سریە و هێزی درووستکردن و لە ڕۆژهەڵاتەوە شەڕی دژ بە ڕووسەکان ڕاگەیاند. بەو مانایەی کورد لەسەر ئاستی میللیشەوە بەهۆی سۆزی ئایینداریيەوە چوونەتە ناو ململانێکان و لەپاڵ سوپای عوسمانی شەڕی هاوپەیمانانیان کردووە. دوایش کە هاوپەیمانان شەڕەکەیان بردەوە، زۆر بە ئاسانی دەکرێت بڵێین کوردیش لە ڕیزی دۆڕاوەکان بوون.

لێرەدایە، نەبوونی وشیاری نەتەوەیی وای کردووە کورد بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی بە قوربانی ئاراستە ئایینییەکە بکات و هەموو هێز و توانای خۆی لەو دووڕیانەوە سەرف بکات، دوایش بە دۆڕاوی لێی دەرچووە، چونکە برا موسوڵمانەکەی وشیار بووە بە خواست و ئاراستەی نەتەوەیی خۆی، هەر زوو کوردی سەرکوتکردووە و خستوویەتییە پەراوێز.

**خەسڵەتی دووەم**: هاوئاییینی بووەتە هۆی ئەوەی هەر تاوانێک دژ بە کورد ئەنجام درابێت، لە بەرانبەردا کورد لێبووردە بێت لە ئاستی دوژمنەکەی. چۆن؟
دوای هەر تاوانێک کە دژ بە خەڵکی کورد کرابێت، هاوئاییینی بووەتە هۆی ئەوەی هەر زوو ئەو تاوانە لەژێر پاساوی برایەتی ئاییینی لەبیر بکرێت. کە جینۆسساید ڕوو دەدات، عێراق خاوەنی گەورەترین سوپا و سەدان هەزار چەکداری میلیشیایی بووە. ڕێژەی هەرە زۆری ئەو هێزانە بەشداربوون لە قەڵاچۆکردنی کورد. بەڵام هەر زوو بەهۆی هاوئاییینییەوە، بە پاساوی ئەوەی ئێمە هەموومان براین، ئەوەی تاوانەکەی ئەنجام داوە حیزبێکی بێدین و هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی دژەدینیش بووە، بۆیە هەر زوو کورد تاوانەکەیان بیرچووەتەوە و دەستیان خستووەتەوە ناودەستی هەمان ئەو خەڵکەی کە تاوانەکانییان ئەنجام داوە. لە ئەنجامدا کورد لەسەر دوو ئاست دەستبەتاڵ ماوەتەوە.

**ئاستی یەکەم**: ئەگەر بهاتبایە زۆرینەی کورد ئاییینی جیاواز بوایە لەگەڵ داگیرکەر، بە دڵنیاییی هەموو کورد دەیتوانی بەیەک دەست، دژ بە داگیرکەر بووەستێتەوە و پشتیووانی دەرەکیش بەهێزتر بێت بۆ کورد.

**ئاستی دووەم**: لە غیابی ئاستی یەکەمدا، کە هەرگیز مێژوو ناگەڕێتەوە دواوە و ناتوانرێت هاوئاییینی هەڵبووەشێندرێتەوە، دەبوایە کورد هێندە بە ئاگا بوایە، نەهێڵێت هیچ تاوانێک بەبێ سزا بەسەر داگیرکەردا تێپەڕ ببێت. یەکێکیش لەو هەنگاوانە بۆ نموونە: دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی یا ناوخۆیی بوو بۆ ئەوەی لە چرکەساتی ڕووخانی هەر دەستەڵاتێکی داگیرکەر، توانای ئەوەی هەبوایە تاوانباران ڕاپێچی بەردەم دادگا بکات، بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا هەر هێزێک بیەوێت پەلاماری کورد بدات، لەجیاتی جارێک چەندین جار بیر لەوە بکاتەوە. بەڵام کورد بە هەر هۆکارێک بێت، بەتایبەتیش بە پاساوی لێبووردەیی، ئەوەی نەکردووە، کە پێم وایە چاوپۆشین لە تاوانەکان، هەرگیز ناچێتە قاڵبی لێبووردەیی، بەڵکوو دەچێتە قاڵبی گەمژەیی و تێنەگەیشتن لە بنەماکانی نەتەوەسازی.

**خەسڵەتی سێیەم**: هاوئایینی بووەتە هۆی ئەوەی هاونەتەوەی خۆشمان قەڵاچۆ بکەین. کوردی موسوڵمان بەدرێژایی مێژووی خۆی، دەیان تاوانی دژ بەو کوردانە ئەنجام داون کە موسوڵمان نەبوون، لە پێشەوەی هەمووشیانەوە ئێزدی. ئەگەر هەر ئێزدییەک دڵی خۆی بە سافی بکاتەوە، لەوە تێدەگەیت چەند بە ئازارن بەرانبەر کوردی موسوڵمان. هەر هیچ نەبێت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کوردی موسوڵمان هەمیشە بە چەمک و دەستەواژەی نەشیاو کوردە ناموسوڵمانەکانییان ئازار داوە. ئەمەش هەمووی لەباربردنی وزە و توانای کوردە. کوردێکی موسوڵمان زۆر ئاساییە بەلایەوە لەگەڵ عەرەبێکی موسوڵمانی هاومەزهەبی خۆی، تێکەڵ بێت و هاتوچۆی کۆمەڵایەتییان ببێت بەڵام بۆی ئاسایی نییە لەگەڵ خێزانێکی ئێزیدی تێکەڵ ببێت.
ئەم هاوئایینییەش وای کردووە هەمیشە لەمپەڕ بێت لە بەردەم پرۆسەی ئازادی و بزووتنەوەی کوردایەتی.

**لەمپەڕی چوارەم: هۆشیاری و ئەخلاق**

بەئاگابوون لە ڕەوڕەوەی مێژوو، بەئاگابوون لە خواست و داخوازییەکانی نەتەوە و پرسی سەروەری نەتەوە و شکۆی تاک، هەروەها ناسینی دوژمن لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی و قەبارە و تواناکانیشی، وێڕای ناسینی دوژمن لەڕووی کولتووریشەوە، گرنگترین هەنگاوە لە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەدا. ئەو شەڕانەی کورد لە مێژووی نوێدا دژ بە داگیرکەر کردوونی، هەمیشە لەدۆخێکدا بوون کە بێجگە لە درووشمێکی گشتی، لەڕووی تیۆرییەوە نەزاندراوە ئەنجام و ئاکامەکانی ئەو شەڕانە چ دەبن. ئایا لە ڕێی شەڕەوە دەتوانن نەتەوەکەیان بە کەنارێکی ئارام بگەیەنن؟ بەپێچەوانەوە نەخێر.
ئەخلاق یەکێکە لە بنەما گشتییەکان کە پەیوەندییە مرۆییەکانی لەسەر دادەمەزرێت. ئەخلاق هەمیشە یەکێک بووە لە بوارە فەلسەفییەکان و بەهۆی گرنگی ئەو بوارە فەرامۆش نەکراوە. هەڵبەت ئەخلاق بە مانا دینییەکەی نا، بەڵکوو بە مانا گەردوونی و هەموو ئەو پێوەر و بنەمایانەی کە پەیوەندییەکانی مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستێتەوە. زۆرجار لەناو خەڵک ئەوە باو بووە کە دەڵێن "سیاسەت و ئەخلاق پەیوەندییان بەیەکەوە نییە". هەر ئەو بنەمایە بۆ خۆی بێئەخلاقییەکی گەورەیە. ئەو بنەمایە وای

کردووە خەڵک دژ بە بێئەخلاقی سیاسیی قسە نەکات و وابزانن ئیدی ئەوە سیاسەتە و شتێکی نامۆ نییە.
گریمانە ئاوایە دەبێت حیزبی کوردی لە پێناو ئازادی و شکۆی مرۆڤی کوردستانیدا دامەزرابێت، بەڵام سرووشتی خێڵەکی مرۆڤی کورد، دەپەڕێتەوە بۆ گرووپ و حیزب، ڕەهەندێکی خێڵەکییانە و دیوەخان لە چوارچێوەی حیزبدا چڕ دەبێتەوە، تا لە ئاکامدا خودی حیزبەکە دەبێت بە ئامرازێک بۆ خۆسەپاندنی گرووپێک یا خێزانێک یا خێڵێک و لەوێدا حیزب دەچێتە خزمەتی ئەو گرووپە. حیزب لە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی نیشتمان دەبێت بە ئامانج، وەکوو شورەیەک بۆ پارێزگاریکردن لە خودی ئەو خێزان و خێڵەی کە ڕێبەریتی حیزبی کردووە، لە هەر حیزبێکیش بە ڕێژەیەکی جیاواز. ئەو گۆڕانەی حیزب لە ئامرازەوە بۆ ئامانج، سرووشتی سێکتێکی ئایینی پێ دەبەخشێت. سرووشتێک کە ئیدی حیزب دەبێت بە یەکێک لە لەمپەرە هەرە دژوارەکانی بەردەم یەکێتی نەتەوەیی، نەک هەموو کوردستانی گەورە، بەڵکوو لەناوخۆی یەک پارچەی کوردستانیش و لەمپەڕ لە بەردەم داڕشتنی ستراتیژییەتێکی نیشتمانی. لێرەدا سێ بنەما ون دەبن و تا ئەوڕۆش لە حیزبە کوردییەکاندا ونن.

**یەکەمیان**، بنەمای ئەخلاق، بنەمایەک وا دەکات سیاسەت و ئەخلاق بۆ تا هەتایە لەناو کورددا لێک داببڕێن. بنەمایەک کە سیاسییەکانی حیزب کاتێک دەگەڕێنەوە ناو شارەکان، دوای ماوەیەکی کورت، ئەوە بۆ خەڵک دەسەلمێنن کە ئەوان بەدوای سازکردنی نیشتمانەوە نین. هەم لە نیشتمانسازی و هەمیش لە دەستنەبردن بۆ سامانی نیشتمان، بەتەواوەتی هەرەس دەهێنن و بۆ خۆیان دەبنەوە بە هێمای بێهیوایی و دژەنەتەوە. ئالێرەدا دوای نزیکەی سی و دوو ساڵ شتێک نامێنێت بەناوی سەروەریی نیشتمان و شکۆمەندی تاکی کوردستانی.

**دووەمیشان**، وەکوو ئەنجامێکیش بۆ نەبوونی بنەمای ئەخلاق، کە حیزبی کوردی دەگاتە دەستەڵات، هەم لەسەر ئاستی ئەخلاقی شسکت دەهێنێت، هەمیش لەسەر ئاستی نەتەوەیی. دەکەوێتە ناو ستراتیژییەتی داگیرکەر و زۆر خێرا وەکوو پڕۆکسی بۆ داگیرکەر جارێکی دیکە لە جەستەی دێو لەدایک دەبنەوە. نەبوونی بنەمای ئەخلاقی

وایـان لـێ دەکـات، لەجیـاتی سـەنگەرگرتن لە داگیـرکەر، سـەنگەر لەیەکـدی بگـرن، سـەنگەرگرتنێک کە لە بەرژەوەنـدی داگیـرکەر تەواو دەبێت. سـەنگەرگرتنێک کە هـیچ حەرام و حەڵاڵێکـــی نەتەوەیـــی و نیشـــتمانی لەنێـــوان حیزبەکانـــدا نەمێنێـــت. ئەو پەیوەنـدییەی کە بە داگیـرکەرەوە دەیانبەسـتێتەوە، سـەدان قـات بەهێزتـر بێـت لەو پەیوەندییەی کە بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە.

**سێیەمیان،** نەبوونی بنەمای مۆدێرنێتە لە بوونیاد و فیکر و هۆشیاری حیزبی کوردیدا، کە یەکێکە لە شکستە هەرە باوەکانی حیزبی کوردی، بەتایبەتیش دوای گەڕانەوەیان بۆ شار. حیزب بۆ خۆی دیاردەیەکی مۆدێرنێتەیە، بەڵام حیزبی کوردی لە ڕواڵەتدا وەکـوو دیـاردەیەکی مـۆدێرنیتە لە دایـک دەبێـت، هەر لەڕواڵەتیشـدا لە پێنـاو بنەمـا مۆدێرنەکان، لەوانەش سەربەخۆیی و دیموکراسی و تەواوی ئازادییەکان. بەڵام حیزبی کـــوردی، بەهـــۆی ئەو سرووشـــتەی کە لە خـــاڵی یەکەمـــدا باســـمان کـــرد، هەم لە پێڕەوکردنی ڕەهەندی دیموکراسی و ئازادی شکست دەهێنێت، هەمیش لە ئیدارەدانێکی هاوچەرخ و حکوومەتدارییەکی پێشکەوتوو شکست دەهێنێت.
لە ئاکامـدا، نەبـوونی بنەمـای ئەخلاقـی، لەنـاو بـزووتنەوەی ناسـیۆنالیزمی کـوردی و حیزبی کوردیـدا، کولتـوورێکی دژەنیشـتمانی درووسـت دەکـات. لە ئاکامـدا مۆنۆپـۆلی سـەرچاوەکانی داهـاتی نیشـتمان و مۆنۆپـۆلی هێـزە چەکدارەکانیش دەکەن. لە وەهـا دۆخێکیشـدا، نەک هەر دامەزراوەکـانی نیشـتمان دانـامەزرێن، بەڵکـوو ئەوەش کە هەیە دەبنە مـوڵکی حیزب و دوورکەوتنەوەیـان لەو حیزبـایەتییە سـەکتاریانیزمە، لە مەحـاڵ نزیک دەبێتەوە.
لێرەدا، مرۆڤی سیاسی بێ ئەخلاق، هەر خوێنی خەڵکی ناوێت، بەڵکوو خۆی دەکات بە کەڵەگـا بەســەر نەتەوە و نیشــتمانەوە، ســامان و کەرامەتــی نەتەوەشــی دەوێــت و ئازادیشی لێ زەوت دەکات. لە کاتێکدا کە خەڵک بۆ ئـازادی تێدەکۆشـن، سیاسـییە بێ ئەخلاقەکان بە جۆرێکی دیکە ئەو ئازادییە لە خەڵک زەوت دەکەنەوە. کاتێک کە خەڵک بۆ خاک و نیشتمان خوێنی دەڕێژێت، سیاسییە بێ ئەخلاقەکان دەست بەسـەر خـاک و مـوڵکی ئەو خەڵـکە خەبـاتگێڕەدا دەگـرن و سـوود لـێ وەرگرتنـی چـڕ دەکەنەوە لەنـاو ئەندامانی خێزان و خێڵ و حیزبدا. کە سیاسـییە بێ ئەخلاقەکـان دەسـتی خۆیـان دیت،

نەتەوە لای ئەوان چڕ دەبێتەوە لە ئەندامانی حیزب و هاوڵاتیانی نیشتمانیش وەکوو ئاش دەهاڕن لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان. لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ داگیرکەر دەست بە سەودا و مامەڵەی هەمەجۆر دەکەن. نەبوونی ئەخلاق یەکێکە لەو کارەساتانەی کە هەمیشە وای کردووە پەیوەندیی حیزبی لەنێوان حیزبە کوردییەکان بە ئاڕاستەی دوژمنداریدا بڕوات و هیچ حەرام و حەڵاڵێکی نەتەوەیی نەمێنێت. بۆیە بەلایانەوە زۆر ئاسان بووە، وەکوو ئاوخواردنەوە پەنا بۆ داگیرکەر ببەن دژ بە حیزبێکی کوردی دیکە، کە خودی شەڕ و ململانێیان لە پێناو نەتەوە نەبووە، بەڵکوو لە پێناو هەژموون و هەندێک جاریش شەڕی بە وەکالەت بووە بۆ داگیرکەر، کە لە هەمووی کارەساتبارتر بووە.

هەوالنامەی کتێب

## د. هەردی مەهدی میکە

**لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی:**

سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ گەیشتن بەوەڵامێک و دەرچونمان لەو داوی تیۆریاکانی ناسیۆنالیزم، لە دوو پرسیاری "هەڵوەشێنەرەوەگەرادا"ی بنچینەییەدا وەڵامەکە ڕێک دەخەمەوە:

**یەکەم**: ئایا کورد بۆچی بەر لە دەوڵەت داوای ناسیۆنالیزم دەکات؟
دەمەوێت پراگماتیکییانە وەڵامی ئەم پرسە بدەمەوە، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی "خوودبوونەوەی کورد" و "سەرپێکەوتنەوەی مرۆڤی کورد"بەکەڵک بێت، وەک ڕزگارکراوێک هەم لە زەینیدا کۆڵۆنیالیزم ڕەت بکاتەوە هەم لە سنووری یاسایی و جوگرافیاییشدا داگیرکراویی ڕەت بکاتەوە، بۆیە وەڵامەکانیش لایەنگری ئەم تێڕوانینەیە کە لە بابەتەکە ئەڕوانێت، واتە بەر لە هەرشتێک دەبێت قۆناغی پۆست کۆڵۆنیالیزم دەستپێبکەین و داگیرکاریی بە هەموو شێوەکانییەوە ڕەتبکەینەوە، ئەمە پێشمەرجی شێوەگرتنی سەرەتایی هەر نەتەوەیەکە.

دیارە کورد بۆیە داوای ناسیۆنالیزم دەکات، چونکە باوەڕی بە تیۆرێک هەیە کە ناسیۆنالیزم دەوڵەتی نەتەوەیی دروست دەکات، ئەمەش بەو واتایە دێت کە کورد دەیەوێت لە کەناڵی ناسیۆنالیزمەوە دەوڵەت دەستبخات، لە کاتێکدا مەرج نییە. دیارە ئەمەش تیۆریا و پاشخانی خۆی هەیە. بەڵام پێدراوە مێژووییەکان و شێوەگرتنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان ئەنجامێکی دیکەمان پێدەڵێن و مەرج نییە هەموو دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەهۆی ناسیۆنالیزمەوە دروست بووبێت، هەر بۆ نموونە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا و پاکستان لەم نزیکانە بە پێچەوانەوە دەوڵەتیان دامەزراند پاشان بە کردەی زۆرەکی نەتەوەسازییان دەستپێکرد و سەپاند.
کەواتە مەرج نییە سەدی سەد ناسیۆنالیزممان هەبێت ئەوسا بیر لە دەوڵەت و ڕزگاریی کوردستان بکەینەوە.

**دووەم پرسیار:** ئایا ناسیۆنالیزم دروووست دەکرێت یاخود خودی و سرووشتییە لە نەژادەکاندا خۆبەخۆ هەبووە؟

پێدراوە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کە ناسیۆنالیزم دروووست دەکرێت(بنیاد دەنرێت) نەوەک نەژادی یان زمانی یان هەر هەبووبێت، ڕاستییەکەی پاڵنەری دروووستبوونی ناسیۆنالیزم ئیرادەیە، کە بەهۆی یادگە و زمان و کولتوور و شوناسەوە پێکدێت و پێکەوە دەبنە سەرخەری ئیرادەی ناسیۆنالیزمەکە.

دەبێت لە سەرەتادا ئیرادەیەک هەبێت بۆ دەوڵەت وەک پارێزەری سەربەخۆیی و پاشان ناسیۆنالیزم، ئەوسا دەتواندرێت جوگرافیا و زمان وەک پێکهێنەرێکی شوناس دیاری بکرێت، گەرنا زۆر گەلانی دنیا هەن کە پارێزراون و ڕەچەڵەکیان پارێزراوترە لەو نەتەوانەش کە دەوڵەتیان هەیە و نەیانتوانیووە ڕەچەڵەک و شوناسیان بپارێزن بۆیە مەرج نییە کە (ناسیۆنالیزمت هەبوو دەبێت دەوڵەتیشت هەبێت) چونکە دەکرێت دوو پرسی جیاواز بن. ئەمە بۆیە دەڵێم بۆ ئەوەی پەنجە لەگەڵ ئەو تیۆریانەدا نەرم نەکەین کە پێیانوایە کورد ناسیۆنالیزم نییە کەواتە دەوڵەتیشی نابێت. دەمەوێت ئەوە ڕەتبکەمەوە و بڵێم دەکرێت بە هەر ڕێگەیەک بێت کورد بگاتە ڕزگاریی و پاشان نەتەوەسازیش ئاسانتر دەبێت، بەمەرجێک داگیرکاریی زەینی و جوگرافی و مێژوویی لە زەینیدا ڕەتبکاتەوە. ئەڵمانییەکان و فەرەنسییەکان ئەمەیان کرد و ئەنجامیان دا و دەوڵەت و ناسیۆنالیزمیان بوونیاد نا.

ئایا مەرجە ناسیۆنالیزم دەوڵەت دروووستبکات؟ من پێم وا نییە کە ئێمە پێشمەرج بێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە. چەندین دەوڵەت هەبوون پێش هەبوونی ناسیۆنالیزم دەوڵەت بوون، ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسی یەکەممان کە بۆچی کورد باوەڕی بە ناسیۆنالیزمە، لە وەڵامی ئەوەدا دەتوانم بڵێم بەهۆی ئەوەی کورد باوەڕی وایە ناسیۆنالیزم دەوڵەتی بۆ دروووست دەکات، بۆیە تەسلیمی ئەو تیۆریایە بووە و بۆ ناسیۆنالیزمێکی نموونەیی دەگەڕێت ئەمەش جۆرێک لە مەحاڵی بۆ ئەم سەردەمە لێهاتووە.

یاخود ئەگەر پرسەکە پێچەوانەوە بکەینەوە بۆ ئەم دێڕە: ئایا ناسیۆنالیزم ئێران و عێراق و ئەمریکای پاراستووە؟ بێگومان نەخێر. ئایا ناسیۆنالیزم لەناو ئەڵمانیادا پێشتر بوونی هەبووە تا دەوڵەتی ئەڵمانیا دروووستبکات یاخود ئیرادەی دەوڵەتبوون

چەکەرەی کرد وەک ستراتیژیی ڕزگاربوون؟ تیۆری ناسیۆنالیزم بریتییە لە (دەوڵەت-نەتەوە) نەک (نەتەوە-دەوڵەت) واتە ناسیۆنالیزم پێویستی بە بوونی دەوڵەت هەیە بەهۆی ئەوەی دوو بنچینەی هاوتەریبن، وەک ئەوەی ئێرانی سەردەمی پەهلەوی ئەنجامیدا کە هەستا بە دروستکردنی دەوڵەت پاشان دەستیکرد بە بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی تایبەت بە دەوڵەتی خۆی و زۆرەکی سەپاندی.

هەر بۆیە دەبێت کورد خۆی ڕێکبخاتەوە و هەڵبستێت بە دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی کولتووری خۆی بە ستراتیژی دەوڵەتسازی و بە ئامانجی دەوڵەتبوون کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناسیۆنالیزم و ئەمەش خودی کردەی نەتەوەسازیی هاوچەرخە، واتە: (ناسیۆنالیزم بۆ کورد دەرەنجامە نەوەک دەستپێک و پێشمەرجی دەوڵەت).

**گووتاری یەکگرتوو، کورد ڕزگار دەکات، نەک یەکگرتنی هەموو کورد:**

ئەوەی کە نەتەوەی کورد ڕزگار دەکات بوونی گووتارە، بۆیە گووتارێکی یەکگرتووی هەژموونداری نەتەوەیی دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی نەتەوەی کورد نەوەک "کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو"، کۆمەڵگەگە هەرگیز یەکگرتوو نابێت و لە دنیاشدا هیچ نەتەوەیەک نییە هەمووی یەکگرتوو بێت، چونکە لە ململانێی سیاسی و نەتەوەییدا دەیان وتار لە ناوچەکە و زەمینەکەدا ململانێ دەکەن و هەر بۆیە دەبێت گووتارێک هەبێت کە بتوانێت باوەڕ بە نەتەوەکە بهێنێت و لە مەیدانی ململانێدا لە گوتارە لاوەکییەکانی دیکە بەرێتەوە و ببێتە گووتارێکی سەرتاسەری و هەژموواندار.

ئەوەش وا دەکات هێزی خۆی لە دەرەنجام و ڕووداوەکاندا بپارێزێت، نەبوونی گووتار کورد پەرتەوازەتر دەکات هەر ئەوەش وای کردووە تا ئێستا خاوەن دەوڵەت نەبێت چونکە خاوەنی گووتاری نەتەوەیی و یەکگرتووی خۆی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە خاوەنی گووتاری تەسلیمی و سازشکارییە.

وتاری سازش-تەسلیم یاخود (ڕازیبوون بە دوژمن و دوژمن شەیدایی) وەک ئەوەی دەبینرێت کە ڕازییە بەوە فارسێک، عەرەب یاخود تورکێک سەروەری بێت، ئەوەش بەهۆی شەیدابوونیەتی بۆ دوژمن و داگیرکراوییە لە زەینیدا. لە ڕاستیدا گرفتەکە لەوەدایە ئێران، تورکیا، سووریا، عێراق، کوردیان وەک کورد ناوێت، بۆیە کورد گەر

ئەویشی بویّت هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕیّت. چونکە ئەوان تۆیان وەک کوردێک ناویّت، بەڵکو وەک شاگردێک دەیانەوێیت، بۆیە هەوڵدەدەن لە چەندین دۆخ و ناوچە و لاوە گۆڕانکاری بکەن تا تۆ وەک کوردێک خۆت نەبیت (لەگەڵت دەجەنگن بە هەموو جۆرە جەنگێی توند و نەرم بۆ ئەوەی کورد خۆی نەبێت) بۆ ئەوەی زەوی و سەروەری و شکۆمەندی و سەرجەم سامانەکانی سنوورە جوگرافییەکەت داگیر بکەن. لە ڕێگای ڕەوایەتیدان بە شکستی هەستی نەتەوەیی و ناچارکردنت بە خزمەتکردنیان، بە جۆرێک کە تۆ خۆت باوەڕ بهێنیت کە هیچ نیت و ناتوانیت نەتەوە بیت و دەوڵەتت هەبێت!

ئەوەی وای کردووە (کورد خۆی نەبێت بەهۆی نەبوونی گووتارێکی نەتەوەییەوە بووە)، کە نەیتوانیووە ململانێی گووتارەکانی وڵاتانی دراوسێ و سەرجەم گووتارەکانی دیکە بکات ئەوەش وا دەکات کورد خۆی نەبێت.

بۆیە لەم قۆناغەدا بیرکردنەوە لە دروستکردنی دەوڵەت لە ناسیۆنالیزم گرنگتر و پێویسترە بۆ کورد، وەک چۆن ئێران سەرەتا هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتیدا بۆ ئەوەی بتوانێت سەرجەم نەتەوەکانی ناوچەکە لەخۆیدا گرێبداتەوە و بتوێنێتەوە و پاشان دەستیکرد بە دروستکردنی ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازیی لە نێوخۆی ئێراندا (گەرچی ئەمە نموونەیەکی باڵا نییە).

هەولێرنامەی کتێب

**بۆچی تا ئێستا بەو قۆناغە نەگەیشتوون؟**

دەتوانم لێرەدا ئەم پرسە ڕوونبکەمەوە بەهۆی ناکۆکی و ناپەیوەندیی کۆمەڵگە بچووکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەیەکەوە و نەبوونی پردی پەیوەندی کولتووریی و ئابووری و بەرژەوەندی هاوبەش و هۆشیاری و یادگەی هاوبەش: وەک دابەشبوونی بۆ بازنەکانی (شارەکان، لادێکان، عەشیرەتەکان، خەڵکە گەڕۆکەکان، حزبە نێوچەییەکان،.. هتد) ئەوەش وای کردووە ئەنجامێکی تری لێبکەوێتەوە. وەک نەبوونی شاری گەورە کە بتوانێت کۆمەڵگەیەک کۆبکاتەوە و تێیدا سیاسەت بە مانا تەواوەکەی ببێتە پرۆسە. لەدایکنەبوونی گووتارێکی هاوبەش کە هەوڵقولاوی سەرجەم بازنە و لایەنەکانی کوردستان بێت ئەوەش گرفت بووە بۆ کورد، چونکە کۆنەکردنەوەی لایەنە بچوکەکانی کورد لە ناوچەیەکدا هۆکارێک بووە بۆ دروستبوونی ناتەبایی و نەبوونی

پردی هاوبەشی پێکەوەکارکردن، دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کورد خاوەن یەک زمان و یەک ئایین نەبووە بەڵکوو خاوەنی دەیان زمان و ئایینی جیاواز بووە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان هەبوون لەناو ئیسلامدا و لە دەرەوەی ئیسلامیش دەیان ئاین و ئایینزانی دیکە هەن کە لەوەشدا نەمانتوانیوە ئایینداراەکان هاوکۆک بکەین لە نەتەوەیەکدا. وەک نموونە: پەیوەندی سلێمانی و دیالە باشترە بەڵام لەگەڵ هەولێر و دهۆک باشتر نییە، بەهۆی ئەوەی دۆخی کلتووری و ئابووریی هاوبەشیان بۆ دروستنەکراوە، هۆکاری گواستنەوە لاوازە. لە ڕێگای هەنگاو و هەژموونێکی ئایینی و نەتەوەیی تەریب بەیەکەوە دەبوو کورد لەگەڵ هەوڵەکانی دەوڵەتبووندا بیری لەوە بکردایەتەوە کە چۆن ئەم ناوچانە پێکەوە ببەستێتەوە، چونکە هاوکولتووری و هاوبیری و پێکەوەژیانی ئایینی درووستنەبێت کورد بە دابڕاوی دەمێنێتەوە.

**ڕۆڵی میدیا لە گووتاری نەتەوەییدا:**

نەبوونی میدیایەکی کوردستانی، کە تا ئەمڕۆ نەیانتوانیووە گووتاری نەتەوەیی سادەبکەنەوە بۆ هاوڵاتیانی کورد ئەوەش گرفتێکی گەورە بووە بۆ تیۆری دەوڵەتسازیی و لەدایکنەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردستانی و دەوڵەتداریی کورد، چونکە میدیا دەبێتە پرد و هەوێنێکی وەشاندنی هۆشیاریی نەتەوەیی و دروستکردنی نەتەوە لەسەرکاغەز.

نەبوونی ئەمم میدیا بەرفراوان و گشتگیرە گرفتەکانی گەورەتر کردووە وەک لە قۆناغی یەکەم و دووەمی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کورددا کە نەبوونی بە ئاشکرا دیارە کە کۆمەڵگە و نوخبەی سیاسیی نەیتوانی پێکەوە کار بکەن و هەوڵەکان یەک بخەن. نەبوونی میدیا بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت بیر و گوتاری نەتەوەیی سادەبکەنەوە بۆ سەرکاغەز و بگاتە هاوڵاتی کورد لە شوێنە دوورە دەستەکان. بە دیاری کراویش لە ساڵی ١٨٤٠-١٨٨١ وە قۆناغی دووەم لە ١٨٨١-١٩٣٠ بووە کە میدیا هیچ ڕۆڵێک یاخود کەمترین ڕۆڵی هەبووە لە سادەکردنەوەی بیری نەتەوەییدا هەبووە و کە چەند ڕۆژنامەیەکی کەم هەبوون و نەشیانتوانیوە لە سنووری کوردستانیشدا دەربچن و جگە لەوەی کە نەیانتوانیوە بیری نەتەوەیی سادەبکەنەوە بۆ خەڵک و لە قۆناغی سێیەمی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازییشدا (لە ١٩٣٠-تا ئێستا٢٠٢٤)

میدیای حیزبی هەبووە کە هەوڵی تواندنەوەیی بازنەبچووکەکانی نەداوە و هەوڵیشی نەداوە کە حیزب بکاتە قوربانیی گوتارە نەتەوەییەکە، جگە لەوەی کە نەشیتوانیوە سنوورە بچوکەکان تێپەڕبکات. بۆ ئەوەی هەموو کوردێک هەست بکات ئەم ڕۆژنامە و میدیایە هیی ئەوە، بۆیە تا ئێستا ئێمە میدیای گشتییمان نییە، بۆیە دەبێت بزانین کە میدیای نەتەوەیی و گووتاری نەتەوەیی و نوخبەی سیاسیی دەتوانن پێکەوە خواستی دەوڵەتبوون و نەتەوەیی بکەنە پرۆژە. بۆ نموونە: (شا قوڵی وەیس) لە ١٥٠٧ کە گیانی لەدەستداوە لە شیعرێکدا ئاوا باسی کوردبوونی دەکات (ئەسڵ مەنجە کورد، ئەسڵ مەنجە کورد) کە شیعرێکی تایبەتە و هیی نوخبەی ئەودەمەی کوردە کە دەلالەت دەکات کورد پاشکۆی کەس نییە و نە ڕۆم، نە عەجەم، نە تورک و نە فارس نییە و ئەمە میدیای نیشتمانی دەتوانێت بیکاتە هەوێنی گوتاری پێکەوەبەستنی گۆرانەکان و کرمانجەکان.

ئەم شیعرە پێمان دەڵێت کە کوردبوون لەسەر کاغەزدا زۆر ڕوونە هاوکاریشبووە لە جیاکردنەوەی سنووری کورد، لەلایەکی دیکەشەوە "خانیمان هەیە کە گلەیی دەکات لەوە (لە نێوان ڕۆم و تاجیکدا خودایە کورد بۆ بێ دەوڵەتە) دەبینین کە لای خانیش زەین و جوگرافیای کورد و نەتەوەیی ڕوونە"، لەلایەکی دیکەشەوە خانای قوبادی لە هەزار و حەوسەدەکاندا زمانی کوردی هەورامان بە شیرینتر دەزانێت لە کوردی کارتێکراو بە زمانی فارسی وەک دەڵێت: (ڕاستە موواچان فارسی شەکەرەن، کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن). جارێکی دیکە بە گەڕانەوەمان بۆ شیعر و گۆشەنیگاکانی حاجی قادری کۆیی کە بە شیعر جوگرافیایی کوردستانی لەسەر کاغەز نەخشاندووە و دەوڵەتێکی زەینی بۆ درووستکردووین و خۆمان کارمان لە مەیداندا بۆ نەکردووە.

**پەروەردەی گشتی:**

خاڵێکی دیکە لەو هۆکارانەی وای کردووە کە تا ئەمڕۆ هۆشیاریی دەوڵەتسازیی و ناسیۆنالیزم بنیات نەنرابێت هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئەمڕۆ کوردان نەیانتوانیووە کۆمەڵگەیەک و بنچینەیەکی پەروەردەیی خۆی و تەریب بە هۆشیاریی نەتەوەیی دابڕێژێتەوە. ئەوەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی کە زەینی کوردبوون نەبووبێتە

پرس و هاولاتیی کورد ئەو پرسەی لا گرنگ نەبێت و هەر ئەمەش وایکردووە هەستی خۆبەکەمزانی و ژێردەستەیی قەبوڵ بکات.

دەبێت پەروەردە دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی فەلسەفەی کوردبوون لە خوێندنگەی سەرەتاییەوە گەشەبکات تا بتوانێت لە داهاتوودا (بەچاوی کوردبوونەوە تەماشای دونیا بکات نەوەک وەک شاگردی نەتەوەکانی دیکە) بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانمان خۆیان بن دەبێت ئەم پەروەردەیە گەشەبکات و لە پەروەردەی ئاییني، میدیایی، خوێندنگە و زانکۆکان ڕەنگبداتەوە،تا ببێتە هۆی پەرەپێدانی کۆمەلایەتی و گەورەبوونی دیدی قبوڵنەکردنی ژێردەستەیی و ڕەتکردنەوەی وتاری سازشکاری.

دەمەوێت بڵێم بەداخەوە ڕەتکردنەوەی ئەم وتارە ژێردەستەییە لە نووسراوەکانی ڕابردوودا هەمانبووە بەلام تا ئێستا کەم کاری لەسەر کراوە ئەوەش وای کردووە مرۆڤی کورد زیاتر سەیری ڕابردوو بکات و وە دەستەمۆیەک خۆی قایل کردووە نەوەک سەیری ئایندە بکات و ژیانێکی باشتر بسازێنێت، بۆیە ڕۆڵی میدیا دەبێت ئەو تێڕوانینە بگۆڕێت بۆ ئایندەویستی.

## د. شێرکۆ کرمانج

١-سڵاو کاک ڕێڤان هیوام ساغی و سڵامەتیتە، وەک بەڵێنم دابوو دیارە تۆزێکیش درەنگیش کەوت، وەک بەڵێنم دا بوو بە نامەی دەنگی وەڵام بدەمەوە، سەرەتا لام ڕوون نییە تۆ باسی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەیت لە باشوور یاخود لە تەواوی کوردستاندا بۆیە ئەگەر ئەوە ڕوونتر بووایە ئەمانتوانی بە شێوەیەکی ڕوونتر قسەی لەسەر بکەین، بەڵام بە هەر حاڵ چونکە پرسی کورد پرسێکی یەکگرتووە، بەو مانایەی دابڕاندنی سەختە، بۆیە هەوڵ دەدەم بە شێوەیەک وەڵام بدەمەوە کە هیی هەردوو حاڵەتەکە تەقریبەن لە خۆ بگرێت.

سەرەتا بەڕای من گەورەترین کێشە لە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی دا دابەشبوونی کوردستانە بە سەر چوار دەوڵەتدا، بەڵام کێشە گەورەکە ئەوەیە لەلایەن سێ لایەنی سەرەکییەوە کە پەیوەندیان بەو پرسەوە هەیە بەگشتی ئەم داگیرکاریە وەک داگیرکاری نیشان نادرێ و لەقەڵەم نادرێت یانی ئەم سێ لایەنە کێن؟ ئەو لایاننانە کێن دەوڵەتانی داگیرکەر تورکیا، سووریا، عێراق و ئێران کوردستان وەک کۆڵۆنییەک تەماشا ناکەن لەوە خەتەر(مەترسییدار)تر ئەوەیە ئەم داگیرکارییە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە وەک داگیرکاری لەقەڵەم نادرێت بەڵکوو کوردستان و هەر بەشێکی کورستان وەک بەشێک لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان یان وەک سەرزەمینی خاکی تێریتۆری وڵاتە داگیرکەرەکە دەبینرێ لە هەردوو ئەمانە ترسناکتر و خەتەرناکتر ئەوەیە بەشێکی کورد ئەسڵەن دەتوانم بڵێم زۆرینەی کورد بە تایبەتیی لەم ڕۆکەدا دوای سەد ساڵ تێپەڕین بە سەر ئەم دابەشکاری و داگیرکاریەدا بەشێکیان فیعلەن(کردارەکیی) بەمە گەیشتوون کە کوردستان بەشێکە لەو وڵاتە بۆ نموونە: کوردستانی باشوور بەشێکە لە عێراق یان بەشی باکوور بەشێکە لە تورکیا ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە زۆر شتدا بۆ نموونە: حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان کە بەشداری دەکەن لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پۆستیان هەیە پۆستی وەکوو سەرۆک کۆمار یاخود پۆستی سیادی وەکوو وەزیری دەرەوەی عێراق ئەگەر لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزمی کوردی یان کورد یان هێزە کوردستانییەکانی باشوور عێراق وەکوو داگیرکەر ببینن قەت قەبوڵیان نییە سەرۆک کۆمار لەخۆیان بێت، پێت وابێ ئەم دەوڵەتە داگیرکەرە، کەچی قەبوڵت بێ سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە داگیرکەرە لە

کەسێک بێت لەتۆ یان مەسەلەن وەزیری دەرەوە، هاوکاتی ئەم نموونە: ئێمە دەتوانین سەد هەزار نموونە: بێنینەوە لە باکووری کوردستانیشدا پەکەکە لەوە دوور دەکەوێتەوە کە کوردستان خاکێکی داگیرکراوە یان دەبێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆی هەبێت یان دەوڵەتێکی نیشتمانی هەبێت، ئەمە لە دیدی پەکەکە و لە گوتاری پەکەکە و لە هەنگاو بۆچوونی پەکەکەدا دەردەکەوێت کە دەڵێم پەکەکە هەموو ئەو حیزبانەی لە پەکەکەوە نزیکن وە هەروەها لە میدیای پەکەکەشدا بە دەردەکەوێ یانی بەو مانایەی بە کورتی بیڵێم داگیرکاری کوردستان نەبووە بەو تێگەیشتنەی نە نەتەوەی کورد نە دەستەڵاتە داگیرکارەکان نەهێزە دەرەکییەکان inretnational (community) مەبەستم ڕای گشتی یان دامەزراوە نێونەتەوەییەکان، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان من بۆیە ئەو قسەیە دەکەم چونکە ئەگەر تۆ حسابی وڵاتە کۆلۆنیکراوەکان بکەیت لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئیدی کە دەبینی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەمەزرێت ئۆگەندا وەکوو وڵاتێکی داگیرکراو دەبینیێ یان جەزائیر وەکوو وڵاتێکی داگیرکراو دەبینیێ ئیدی کە ئەم وڵاتانە لە هەوڵی ڕزگارکردندان، نەتەوە یەکگرتووەکان وەک بەشکردنی دەوڵەتی فەڕەنسای نابینن، کاتێک جەزائیر هەوڵی ڕزگاربوون دەدات وەک بەشکردنی دەوڵەتی فەڕەنسای نابین بەڵام ئێستا کە کورد لە هەوڵی ڕزگاری نیشتمانییدایە هێزە دەرەکییەکان دامەزراوە نێونەتەوەییەکان وەکوو دابەشکاری سەروەری خاکی عێراق و دابەشکردنی یەک پارچەی خاکی عێراق و تێریتۆری عێراق دەبینن.

٢-پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە لە ڕاستیدا سەد ساڵ لە داگیرکاری خاک بووەتە مایەی داگیرکاری عەقڵی ئینسانی کوردی بەومانایەی کە زۆرینەی تاکی ئێستای کوردستانی یان وەکوو تاکێکی عێراقی یان وەک تاکێکی ئێرانی یان وەک تاکێکی سووری یان تورکیایی بیردەکەنەوە، بۆ نموونە: کاتێک کە تۆ بە تاکێک دەڵێی کە تۆ عێراقی نیت، دەڵێت نەخێر من عێراقیم، لەبەر ئەوەی لە عێراق لەدایکبووم پاسپۆرتی عێراقیم هەیە، عێراق وڵاتی ئێمەیە بۆیە من پێم وایە عێراقیم پێم خۆش بێ یان پێم ناخۆش بێ من عێراقیم، بەڵام ئەمە لە چییەوە هاتووە؟ لە ئاکامی سەد ساڵ داگیرکارییەوە هاتووە لە ڕەتکردنەوەی سەد ساڵ شوناسی ئەو کەسەدا هاتووە جا دەوڵەتەکە عێراق بێ یان تورکیا بێ یان ئێران یان سووریا بێ، سەد ساڵە ئەو کەسە

دادەماڵێت لە شوناسی کورد بوونی، و هاوکات سەد ساڵە ئیش لەسەر سەپاندنی شوناسەکەی تری دەکات کە عێراقیبوونە یان ئێرانیبوونە یان سووریبوونە یان تورکی بوونە، ئێمە هەموومان دەزانین تورکیا، هەموومان دەزانین سووریا، هەموومان دەزانین عێراق، هەموومان دەزانین ئێرانیش، تا ڕادەیەک هەندێکمان دەزانین کە ئەوانە وڵاتی دەستکردن هەموومان دەزانین سەد ساڵ پێش ئێستا لە دونیا شتێک نەبووە بە ناوی ئێران شتێک نەبووە بە ناوی سووریا شتێک نەبووە بە ناوی عێراق شتێک نەبووە بە ناوی تورکیا ئەمانە هەمووی وڵاتی دەستکردن، ئەمە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کۆمەڵێک سەرباز و ئەفسەری دەوڵەتی عوسمانی کە ڕزگاریان بووە و توانیان ڕزگاری بکەن تورکیایان درووستکرد، سووریا هێزێکی دەرەکی وەک فەرەنسا درووستی کرد، عێراق هێزێکی دەرەکی وەک بەریتانیا درووستی کرد، ئێرانیش کە شای ئێرانییەکان کە ئینقلاب بە سەر قاجارییەکان و پاشماوەی قاجارییەکاندا دەکات، ئێران درووست دەکات، ئەگەرنا پێش ئەوە شتێک نەبوو بە ناو ئێران پێش ئەوەی شا ئەم دەستپێشخەریە بکات جا وەرە تۆ ئەمە لە کوردێک بپرسە بۆ وای لێ هاتووە؟ ئەمە لە ئاکامی چی ڕوو دەدات دامەزراوە دەوڵەتییەکان بە خەستی کار لەسەر بە ئێرانی بوونی ئینسانی کوردیان کردووە ئەم پرۆسە سەختە لە ڕێگەی سەرباز و سوپا و یان تەجنیدکردن(سەربازاندنی) ئینسانی کورد واتە بەشداریکردنی کورد بە سوپاوە، کە پێیان وتووە تۆ ئێرانی بەرگری لە ئێران دەکەیت، یان کە ڕۆژانە چوون بۆ قوتابخانە هەموو ڕۆژ بەبیریان هێناونەتەوە تۆ ئێرانیت ئەمە سنووری ئێرانە، ئەمە دەوڵەتی ئێرانە، ئەمە مێژووی ئێرانە، ئەمە کولتووری ئێرانە هەموو ئەم و ئەمانە وای کردووە، جا ئەمە لە پرۆسەیەکی لە سەربەخۆدا بووە لە پرۆسەی بە ئێرانیکردن کە ناوی ئێران دەهێنم مەبەستم ئەوەیە وڵاتەکانی دیکەش بە هەمان شێوە عێراقیش بە هەمان شێوە سووریایش بە هەمان شێوە تورکیاش بەهەمان شێوە، جا ئەم کارکردنە لەسەر ئەقڵی ئینسانی کورد بە مانای ئەوە نایەت کورد پێی خۆش بووبێت یان حەزی کردبێت ئەم داگیرکاری عەقڵە لە ڕێگای گوتاری دەوڵەتدا بووە، لە ڕێگای ماس میدیای دەوڵەت لە ڕێگای ماس ئێجوکەیشنی دەوڵەت بووە، مەبەست لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندنە تۆ لە عێراقدابوویت، ئەو سی ساڵەی دوایی نەبێت کە هەرێمی کوردستانمان هەیە بەو پرۆسەی عێراقی بوونەدا تێپەڕیوو چۆن ببین بە عێراقی ئێمە مێژووی

عێراقمــان خوێنــدووە بەڵام ئایــا عێــراق ســەد ســاڵ لەمەوبەر هەبــووە؟ نەخێــر. میزوپۆتامیــابووە خــاڵێکی دی بــۆ ئەوە دەگەڕێــتەوە کە ناســۆنالیزمی کــوردی یــان ناسیۆنالیستە کوردەکان یان نوخبەی ڕۆشنبیری کوردی یان نوخبەی سیاسی کوردی دیارە نوخبەی بزنسی کوردی تازە پەیدابووە لە هەرێمدا هەیە ئەگەر لە بەشەکانی تردا هەشبێت دیارە نوخبەی بزنسی تورکیایە یان سووریایە یان ئێرانە، بەڵام ئێستا ژووری بازرگانی کوردستان هەیە بۆ نموونە: لە هەولێر هەیە لە سلێمانی هەیە، ئێمە جــارێ بــاس لەو نــوخبە ڕۆشــنبیری و سیاســییە کــوردییە دەکەیــن کە زۆر جــار تــێکەڵەیەک هەبــووە لەنێوانیانــدا، بــۆ نمــوونە: کەســێکی وەک ئیبــراهیم ئەحــمەد و نەوشیروان مستەفا هەم ڕۆشنبیر و هەم سیاسی بوون، جا ئەمانە با بڵێین کەسێکی وەک شــێرکۆ بــێکەس هەم ڕۆشــنبیر وسیاســیش بــووە ئەم نــوخبەیە لە دامێــنەوە نەتەوەســازییان کــردووە، لە دامێنەوە بەمانــای چیــیە؟ یــانی بەگشــتی موئەسەســاتی دەوڵەتیــان لەژێردەســتدا نەبــووە تــاوەکوو ئەو هەمــوو موئەساســاتە دەوڵەتییــانە وەگەڕبــخەن بــۆ هەڵســووڕان و وەگەڕخســتنی و کــۆکردنەوە و ئۆرگەنــایزکردن و ئاڕاستەکردن، چ وەک گوتــار چ وەک گــرووپ نەیــانتوانیوە ئەو شــتە بکەن ئەوەی کە کردوویانە لە ڕێگای ڕێکخستنی داخلی(ناوخۆیی) بووە کە ئەمە کارێکی زۆر سەختە تــۆ ئێــوە ئەو قۆناغەتــان نەبینیــوە کەســێ کە دەبێــتە ڕێکخســتن ژیــانی هەمیشــە لە خەتەردایە بەدزیەوە ئەو کارە دەکات کاتێک تۆ بەدزیەوە کارێک دەکەیت زۆر جیایە لەوەی دەوڵەتێک لەســەرەوە نەتەوەســازی دەکــات لەســەرەوە گوتــاری نەتەوەســازی بەسەرتدا دەسەپێنێت، مەسەلەن دەوڵەتێکی وەک عێراق یان تورکیا دوو سێ کەناڵی تەلەفزیۆنی هەبوو لە عێراقدا هەموویان گوتاری عێراقیبوون وعێراقچێتیان لە مێشک و لە هزری ئینســانەکاندا دەچەســپاند، بەڵام گوتــاری کوردبــوون و کوردســتانی بــوون لە شەستەکانەوە یان پێش شەستەکانەوە کاریان لەسەر کردووە یان لە پەنجاکانەوە یان پێش پەنجاکــان لە ڕێگای چەند گۆڤارێک یان چەند ڕۆژنامەیەکی نهێنی، لەمدیوو و لەودیــوو، لە هەولێر لە سلێمانی لە دهۆک لە شــاخ ڕادیــۆیەکی شــڕی تەپیــو، ڕۆژانە کاتژمێرێــک هەبــوو، لە ســەدا پێنجــی خەڵکــی کوردســتان گــوێی لــێ ڕانەدەگــرت و پێڕانەدەگەییشت ئەم نەتەوەسازییە لە دامێنەوە زۆرزۆر سەختە، بەئاسانی ناتوانێ کار بکات، ئێمە ئێستا لە باشوور تاڕادەیەکیش لە ڕۆژئاڤا دەرفەت ڕەخساوە نەتەوەسازی

لە سەرەوە ڕا بکەین بەڵام ئێستا من پێت دەڵێم کە بۆچی لەسەرەوەدا سەختەدا لەم ئەزموونەی باشوور و ڕۆژئاڤا لەمپەڕەکانی بەردەمی پێشی لەچیدان نەتەوەسازی یان نیشتمان سازی لە هەرێمی کوردستاندا لەمپەڕەکانی لە پێشین چین؟ یەکەم شت ناسیۆنالیستە کوردەکان نەیاتوانیوە لە قاڵبی حیزبی بێنە دەرەوە وەک بۆ قاوغێکی نیشتمانی (بان حیزبی) بەو مانایەی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوە و خاک و خەڵک لەسەرووی حیزب و کەس و تاک دابنێن بەتایبەت بۆ پارتی و یەکێتیی بۆ هەموو ئەو حیزبانەی تریش ڕاستی تێدایە، هەر حیزب ولایەنێکیش کاتێک حیزب تەماشا بکات وەک ئامانج نەک وەک ئامراز، کە بەڕای من بوونەتە ئامراز بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی لەژێردەستیاندان، بەو مانایەی حیزب ئامراز بێت، بۆ خزمەتی نیشتمان نییە بۆ خزمەتی گرووپێکی دیاریکراوە یان ئەگەر کرابێت بە ئامانجیش ئامانجە نیشتمانییەکان و نەتەوەییەکان و ئامانجە گەورەکان و ئامانجەکانی خەڵک بەقوربانی حیزب کراوە، با من لەمپەڕێکی تری بڵێم کە لە خزمەتی نیشتماندا نییە، کورد نییە لە خزمەتی گیرفانی کۆمەڵە کەسێکی (موستەفید)سوودمەندی بالادەستی چەند بنەماڵەیەکە لە ڕۆژاواش ئەو نەتەوەسازییە لەسەرەوە کراوە لەو حەوت هەشت ساڵە هێندەی لەخەمی پێکەوەژیان و دژایەتی کوردستانیبوون و کوردبوون دایە هێندە لەخەمی سەروەری کوردستان و ڕزگاری کوردستاندا نییە، بەمانایەک کە پاساوەکانیانیشیان ئەوەیە کە سەدا پەنجای ئەوەی لەژێردەستیاندان کوردنین لەبەر ئەوەی جوگرافیاکە ناکوردییە دەبێت پرسی کوردستانیبوونی بەقوربانی پێکەوەژیان بکەن.

لەمپەڕێکی دیکەی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردیدا لە ڕاستیدا ئەوەیە کە ڕۆشنبیرانی کوردستانی یان کورد لە دژایەتی کردنی یان لە ڕەخنەگرتن لە حکوومەتی هەرێم و لە قەوارەی ڕۆژاڤاش پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان لەبیرکردووە هێندە توند ڕەخنە لە هەرێم یان ئەو دوو حیزبە دەستەلادارەی هەرێم دەگرن ئەسڵەن لە بیریان چووەتەوە کە کوردستان ولاتێکی داگیرکراوە یان هێشتا لەژێر هەڕەشەی تەعریبدایە، و بەردەوام تەعریب هەیە ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا بەردەوام لەپیلان دان بۆ بچووککردنەوەی قەوارەکانی کوردی ئەوەیان لەبیرماوە بابڵێین لەشوێنێکدا دەستدرێژیی(تەعدا) لە کەس دەکرێت یان مافی کەسێک پێشێل دەکرێت ئەو پرسە

گەورەیە نەتەوەییە نابینن، بەڵکوو خۆیان بە پرسی بچوک بچوکەوە خەریک کردووە، جا هەر لە پرسی موچەوە کە پرسێکی گەورەیە تا دەگاتە ئەو پرسە وردانەی کە من تازە ئاماژەم بەهەندێکیان کرد، من مەبەستم ئەوەنییە ئەو پرسانە گەورەنین بەڵام مەبەستمە بڵێم ئەو پرسانە گەورەتر کراون، پرسە گەورەکانیش بە قوربانی ئەو پرسە بچوکانە کراون.

هەستەکان، هەروەها نەستیش، هۆشیارییەکی سەرەتایی لای مرۆڤ درووست دەکەن، بەڵام هۆشیاری ئاستی بەرز تەنیا بە مەعریفە درووستدەبێت.٢

مارکس دەڵێت "بێگومان خەڵکان مێژووی خۆیان درووست دەکەن، بەڵام نە بە پێی حەز و ئارەزووەکانیان و نە بەپێی ئەو ڕێگایانەش، کە خۆیان هەڵی دەبژێرن"٣

مێژوو ئەگەر وەک چەمک بریتیبێت لە هەموو ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕوویانداوە و لە جوڵە کەوتوون.

کەواتە هۆشیاری ئێمە بە مێژوو بریتییە لە ئاگایی و زانینمان سەبارەت بەو ڕووداوانە و توانای ئێمە لە تێگەیشتنن و شکڵدان بە هۆشیاریی تا بتوانین پەیوەست بین بە مێژوو و شوناسی خۆمان.

بۆ کردنەوەی بابەتی هۆشیاریی مێژوو، ئێمە بە چەمکێک و زانایەکی گرنگ دەست پێ دەکەین.

یادگە وەک چەمک و سۆسیۆلۆگی گەورەیی فەرەنسی (مۆریس ئەلڤاکس) ئەلڤاکس بەم جۆرە دەست پێ دەکات" ساڵی ١٧٣١ لە نزیک شاری شالۆ کچە کۆیلەیەک لە غاباتێکدا دەدۆزرێتەوە. ئەو کچە هیچ شتێکی لەبیر نەماوە، تەنانەت ناوی خۆشی، بەڵام کاتێک وێنەی چەند ناوچەیەکی پیشان دەدەن کە گریمانەی ئەوە دەکەین لەوێوە هاتبێت، ئیدی وردەوردە چەند یادگارییەک لە یادەوەریدا سەر هەڵدەدەن" ٤

بەم جۆرە یادگەی ئەو کچە دەست دەکات بە هۆشیارکردنەوەی ئەو کچە کە کویلەیە یان لە خێزانی شاهانەیە.

---

٢ سۆسیۆلۆگیای مەعریفە، ڕەشاد میران، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٧، ٦٥.

٣ سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، دیڤید کلۆفەر-سیلاخ سترۆبێرگ، وەرگێڕانی-بەختیار عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٦، ١٨.

٤ ئایین چییە، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی-عادل باخەوان، چاپخانەی سەردەم ( سلێمانی ) ٢٠٠٨، ٢١٦.

له درێژەی باسەکەدا لای مۆریس ئەڵڤاکس پارێزگاریکردن لە یادەوەری دەبێت بە هەلومەرجی درووستبوونی شووناس و یەکییەتی گرووپ.
کەواتە بە گوێرەی سۆسیۆلۆژیای مۆریس یادەوەری تاک بە هیچ شێوەیەک لە دەرەوەی گرووپ خۆی بینا ناکات، چونکە هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی ئێستە و ئێرە ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی مۆبیلیزاسیۆنی یادگاریەکانی تاک و گرووپ دەکات.٥
گوستاف لۆبۆن دەڵێت " دەتوانرێتن ڕووداوە مەزنەکانی مێژوو بە دەرەنجامی شایانی تێبینیکردن و بینینی نێو گۆڕانکارییە نەبینراوە گەشەکردووەکانی چوارچێوەی هزر و ئەندێشەی مرۆڤەکان بزانرێت"٦کەواتە ئەگەین بەو ئەنجامەی کە هەموو گۆڕانکارییە مێژووییەکان زادەیی هۆشیاری و ئەندێشەی مرۆڤەکانن.
کەواتە یادگە وەک بنەڕەت و تاک وەک خودێک، دەبن بە دوو بابەت کە بوو ئێمە گرنگن تا لە درێژایی بابەتەکە تێبگەین. ئێمە باسی هۆشیاری مێژوویی دەکەین کەواتە هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی لە نەستی تاک چەسپاون و هاوتایی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە تاک بەرەبەرە هۆشیار دەبێت لە بارەیانەوە، جێگەی گرنگی بابەتەکەمانن کە ئەم ڕووداوانە لە ئاستی تردا تەنیا لە ڕووداوێکی بێجوڵە دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە هۆشیاری کە تاک لە ڕێگەیەوە شوناس لەبەردەکات.
بۆ ڕوونتربوونی بابەتەکە، ئێمە دیسان دەگەڕێینەوە لای (مۆریس ئەڵڤاکس) کە دەڵێت" یادەوەری بۆ ئەوەی لە کاردابێت، پێویستی بە ناوەندێکی سرووشتی و کۆمەڵایەتی ڕێکخراو و گونجاو هەیە، بە شێوەیەک کە ئێمە بیناسینەوە و ئاڕاستە گشتییەکانی ببینین"٧ئەگەر زیاتر ڕوون بین دەکرێت بڵێین کۆمەڵگە و کولتوور ئاڕاستەکانی یادگە و هۆشیاری ئێمە دیاری دەکەن. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە کاریگەریی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێینەوە لای (دۆرکهام) کە دەڵێت" تاک بەو هێزە ئاکارییە بەندە، کە لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا دەیسەپێننە سەری"٨ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان کە

---

٥ ئایین چییە، هەمان سەرچاوەی مێژوو، ٢١٧.
٦ سایکۆلۆژیای جەماوەر، گوستاف لۆبۆن، وەرگێڕانی-سەعدی سەلاح، ٢٠١٧، ٣٤.
٧ ئایین چییە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢١٨.
٨ ئازادی لە نێوان فەلسەفە و یاسادا، کامەران مەنتک، چاپخانەی سەردەم، ٢٠٢٢، ١١٣.

زادەی نۆرم و کولتووری باڵادەستن، کە پەیوەستن بە هۆشیاری مێژووی تاکەکانەوە، ئەم هۆشیارییە بناغەییە لە ئاستی کۆمەڵگەدا، کەواتە دەتوانین بڵێین یادگە و هۆشیاری وەک بنەڕەتێکن کە تاک و کۆمەڵ پەیوەست دەکەن بە ڕابردوو و ئێستە و داهاتوویان و شوناس بەرهەم دەهێنن.

ئەگەر دیسان بگەڕێینەوە بۆ لای (ئەڵڤاکس) دەتوانین بەم جۆرە بابەتەکە کوتایی پێ بهێنین لە ئاستی یادگە کە دەڵێت" هەموو یادگەکان، با تاسەرئێسقان شەخسی(کەسیی) بن، تەنانەت ئەو ڕووداوانەش کە ئێمە بە تەنیا شایەتین بەسەریانەوە، تەنانەت ڕووداوەکانی جیهانی فیکر و جیهانی هەستی گوزارشت لێ نەکراویش، لە پەیوەندیی بەردەوامدان لەگەڵ:

١. کەسەکانی دیکە
٢. گرووپەکانی دیکە
٣. لەگەڵ چەند پانتاییەکی جوگرافیدا
٤. لەگەڵ چەند بەروارێکدا
٥. چەند وشەیەک
٦. چەند فۆڕمێکی زمانەوانیدا
٧. چەند ئەرگیومۆنتێکدا
٨. چەند بۆچوونێکدا

واتە لەگەڵ هەموو ژیانی ماددی و مەعنەوی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە ئێمە تیایدا دەژین.[٩]
بەم جۆرە تێگەیشتنمان بۆ سازبوو کە هۆشیاری لە کوێ دێت و کاریگەری چۆنە بەسەر مرۆڤەکانەوە، بە نزیکی تێگەیشتن لە هۆشیاری و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە زۆر بەفرەیی باس دەکەین لە بابەتەکانی دواتردا، بەڵام بەگشتی ئەمە دەروازەیی هاتنە ناو بابەتەکەمان بوو.

هەواڵنامەی کتێب

٩ ئایین چییە، سەرچاوەی پێشوو، ٢١٩.

**مێژوو و هۆشیاری مێژوویی:**

مێـژوو، ئەو زانسـتەیە کە لە کـۆی ڕووداوەکـانی ڕابـردوو دەکـۆڵێتەوە و پیشـانی مرۆڤایەتی دەدات.

ئەگەر بە سادەی پێناسەی مێژوو بکەین بەو جۆرەیە. بەڵام گرنگی مێژوو بۆ تاک و نەتەوە بۆ شارستانییەت زۆر لەوە زیاترە، زۆر لەوە قوڵترە. ئەگەر سـەیری مێژوو بکەین دەبینین وەک پایەیەک لە ناسیۆنالیزم وەک پایەیەک بۆ یەکگرتووکردنی میللەت، ڕۆڵێکـی گەورە دەگێڕێـت. چـونییەتی کـارکردنی مێـژوو دەکرێـت لە چوارچێـوەی (پاشەکەوتی مێژووی) هەر میللەتێک بەرجەستەی بکەین؛ کە ئەم پاشـەکەوتە شتێکی نەگـۆڕ و زۆر کـاریگەرە. بەتەواوی بیرکـردنەوە و کردارەکـانی هەر میللەتێـک بە کاریگەربوون بەو پاشەکەوتە ئاڕاستەی خۆیان وەردەگرین. تەنانەت ئیرادەی سیاسی ئەو وڵاتە، بە گـوێرەی ئەم پاشـەکەوتە مێـژووییە ئاڕاسـتەکانی خـۆی وەردەگرێـت دەتـوانین بڵێـین پاشـەکەوتی مێـژوو بـریتییە لە کـۆی هەمـوو ئەو ڕووداو و بەسـەرهاتانەی کە لە مێشـک و نەسـتی تاکەکـان بە هەزاران سـاڵ ڕەنگرێژبـوونە بەم جۆرە لە چوارچێوەی پاشخانی مێژووی شکڵگیربووە.١٠

کەواتە مێژوو جۆرێک لە هۆشیاری سازدەکات لای تاکەکان، ئەم هۆشیارە جۆرێک لە یەکییەتـی سـازدەکات و سەردەکێشـێت بـۆ سـازکردنی ناسـیۆنالیزم. ئەگەر ورد بـین دەتوانین بڵێین نەتەوە هەر وەک ئەو کچەیە کە تازە دۆزراوەتەوە و لە ڕێگەی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوە، بەرەبەرە یادگە و هۆشـیاری سـازدەکەن و شوناسـەکەی لا ڕوونتر دەکەن.

بەڵام شـێوەی ناسـیۆنالیزم و بەنەتەوەبـوون جـۆری هەیە، کە بە گـوێرەی نەتەوەکـان جیـاواز دەبێـت ڕێگەکـان و هۆشـیارییەکە. بەڵام ئـێمە دەتـوانین قوتابخـانەی مێـژووی ئەڵمانی وەرگبرین کە پێمان دەڵێت" ئەگەر بمانەوێت لەسەر بنەمـای مێژوو نەتەوەیەک دابمەزرینـین. ڕوونتـر ئەگەر بمانەوێـت لەسـەر مێـژوو بەنـاوی نەتەوایەتـی دامەزراو کۆمەڵێک گەل کۆکەینەوە".١١

١٠ پرسی کورد لە دیدگای لۆبۆنەوە، عبدالرزاق مهدی، ٢٠٢٣، ١٩.

١١ مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان، نورالدین حاطوم، وەرگێڕانی خالید هەرکی، چاپخانەی ئاوێر، ٢٠١٨، ٢٧.

بەم خاڵانە بێت، کەواتە میللەتێک کە خاوەن هۆشیاری بەهێز و پەیوەندی یادگەی درووست و نەستێکی پڕ بێت، دەتوانێت لە ڕێگەی هۆشیاریی مێژوویەوە ناسیۆنالیزیمییەتی خۆی برەو پێ بدات.

لێرە بابەتێکی تریش سەرهەڵدەدات، باشە ئەگەر میللەتێک کە مێژووی شێوێنراوە میللەتێک کە بە مێژووی بەهای خۆی وەک بابەت لەسەر ئاستی نەتەوەی لە دەست داوە، چۆن دەبێت بە خاوەنی هۆشیاری درووست تا بتوانێت شوناس سازبکات، باشە ئەو میللەتە ئەگەر ئەو کچەی سەرەوە بێت و لە خێزانی شاهانەبێت، بەڵام هیچ یادگەیەکی نەمێنێت و پێ بڵێن تۆ کویلەی و کۆمەڵە شتی بوو باس بکەن چۆن دەتوانێت هۆشیاری درووستی هەبێت و شوناس بگرێت، باشە چۆن دەتوانێت پاشەکەوتی مێژووی هەبێت تا ئیرادەی سیاسی خۆی ئاراستە بکات.

وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە، ئەو میللەتە بە شێوەیەکی لاواز و دواکەوتووانە ئاراستەکانی خۆی وەردەگرێت و دەبێت بە خاوەن پاشەکەوتێکی مێژووی ناتەواو و لاواز. ئەگەر بۆ نەتەوە بگەڕێنەوە دەتوانین بڵێین ئوممەت و گەل و نەتەوە لەو کاتەدا دروووست دەبن کە کۆی مێژووی ئەو نەتەوانە، بە شکست و سەرکەوتن و خۆشی و ناخۆشی، بە شێوەی پاشەکەوت لە ئەقڵی تاکەکان جێگیر دەبێت و شکڵدەگرێت و ئەو تاکانە شوناس وەردەگرین. کەواتە وەڵامێکی تری پرسیاری سەرەوە ئەوەیە ئەو نەتەوەیە نابێت بە خاوەنی پاشەکەوتی مێژوویی کە ئەم پاشەکەوتە نەتەوە بەرەو پێشکەوتنخوازی ببات یان ئاراستەکانی بەرەو بەهێزبوون نابات، لەسەر ئاستی مەعریفی و شارستانی. کەواتە دەتوانین بڵێین میللەتێک نەتەوەیەک کە پاشەکەوتی مێژووی شێواو و ناتەواوە و خاوەنی مێژووی ڕاستەقینەی خۆی نییە لەگەڵیدا خاوەن تاکێک نییە کە هۆشیار و خاوەن ڕۆشنبیرییێت کە گرنگی بە مێژووی خۆی بدات، بەم جۆرە پرسیار بکەین، ئایا وەک نەتەوە و میللەت دەمێنێتەوە؟ هیچ ڕێگایەک هەیە بۆ پێشکەوتن و بەهێزبوون؟ ئایا توانای یەکگرتن لەسەر ئاستی نەتەوەی لەو کاتەدا مەیسەر دەبێت؟ وەڵامی پرسیارەکەمان ڕێژەیییە، بەو جۆرە دەکرێت بڵێین: ئەو نەتەوە و میللەتانەی کە بیرو و ئەقڵیان لاواز و شێواویان لەسەر ئاستی نەتەوەی زۆر قورس و ئەستەمە بتوانن بوونیات و شوناسی درووست بکەن و ڕۆڵی خۆیان بگێرن لەسەر ئاستی نەتەوەیە ڕۆحی پێشکەوتووخوازی پەرەپێبدەن، بەم جۆرە ئەم نەتەوانە

ناتوانن لە کۆی ڕووداوەکانی مێژوو مۆرک و بوونی خۆیان هەڵهێنجن. بە گوێرەی ئەمە ناتوانن ببنە میللەتێکی سەردەستە و پێشکەوتنخواز، بەڵکوو ئەم نەتەوانە شکست دەهێنێن دەبنە ژێردەستە.١٢

ئەگەر لەم بابەتەدا کورد وەک نموونەیەک باس بکەین، دەبینین کورد میللەتێکی ناهۆشیار و ژێردەستەیە و خاوەن تێگەیشتنێکی مێژوویی زور لاواز و شێواوە، بە هەمان جۆر خاوەن پاشەکەوتی لاوازی مێژووییە کە ناتوانێت ئیرادەیەکی سیاسی پێشکەوتووخواز لە ڕێگەیەوە هەڵهێنجێت. کورد تا ئێستە ئەو ئەرکەی هەڵنەگرتووە کە دەست بکات بە کۆکردنەوە و نووسینی مێژووی خۆی بە زانستیانە و بە درووستی تا تاکەکانی بتوانن ئەزموونی لێ وەربگرن و ببێت بە فاکتەرێک کە تاک بتوانێت بە دوای هەڵە و خراپییەکانی مێژووی نەتەوەی خۆی بگەڕێت و بتوانێت بە شێوەیەکی زانستی شیکردنەوەیەکی باشیان بۆ بکات، لەو ڕێگەیەوە پرۆسەی ئەقڵی مێژووی نەتەوەی خۆی بدوزێتەوە لە بووەتەی مێژوودا بە خراپ و باشییەکانییەوە. بەم جۆرە لەم پرۆسەیەدا پاشخانی مێژوویی بخەنە بەر لێکوڵینەوەی ورد و بابەتیانە، تا کێشە و چارەسەرەکان ئەدوزرێنەوە و دەخرێنە بەر باس و لێکوڵینەوە.١٣

بە نزیکی ئێمە دەگەیین بەو خاڵەیی بوونی مەعریفە و زانین لەبارەی مێژوو و ئێستا ڕۆڵێکی گەورە دەگیرێت لە پرسی بەنەتەوەیبوون(ناسیۆنالیزم) بە جۆرێک ئەگەر مەعریفەی داگیرکەر وەک مەعریفە بەسەر بیر و هەست زاڵبێت هەر لە چوارچێوەی پرۆژە و تێفکرینی داگیرکەر کار دەکەیت. ئەگەر مەعریفەیەکی لاوازت هەبێت بەلاوازی کار دەکەیت، بەم جۆرە هۆشیاری بە بناغەیی پەیوەست دەبێتەوە بە بابەتەکانەوە، وەک چۆن لە بابەتی پێشتر باسمان کرد کە کورد لەو ئاستە لە تێکشان چۆن هۆشیاری درووستی دەبێت هاوشان کە لە ڕابردوو و مەعریفە دابرێن دراوە.

کەواتە بۆ ڕوونترکردنی بابەتەکە دەگەڕێینەوە بوو خودی ناسیۆنالیزم کە دەتوانین بەم جۆرە پێناسەی بکەین " ناسیۆنالیزم بریتییە لە خواستی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەی خۆ بە تەنیا، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەکانی تر لە ئارادابێت" وەک ئەنجامگیرییەک دەتوانین بڵێین

١٢ پرسی کورد لە دیدگای لۆبۆنەوە سەرچاوەی پێشوو، ١٩-٢٠.

١٣ پرسی کورد لە دیدگای لۆبۆنەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢١

ناسیۆنالیزم بریتییە لە هۆشیاری ئەندامانی نەتەوە بەوەی کە خاوەنی تایبەتمەندییەکی بابەتی و خودی نەتەوەیین، کە ئەمەش هەستی بەرزڕاگرتنی کولتوور و زمان و مێژووی نەتەوە درووست دەکات. ناسیۆنالیزم هۆشیاری و هەڵوێستێکی تایبەتە بەرانبەر زمان و کولتوور و مێژووی نەتەوە و هۆشیاری و هەڵوێستێکی شکۆدارانە دەبەخشێتە تاکەکان.١٤

دەتوانین بۆ ڕەوای بەهێزی ناسیۆنالیزم فوکس بخەینە سەر نەتەوە، کە نەتەوە وەک واقیع و ڕاستی بەڕادەی مێژوو کۆنە و تەنانەت هەندێک بیروباوەڕ هەیە کە دەڵێت لە مێژووش کۆنترە. زانا و فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیگڵ) دەڵێت" دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی زمان و پەیدابوونی نەژادەکان دەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی مێژوو"١٥

پەیوەستی بەرزتری ناسیۆنالیزم بریتییە لە ڕۆحی نەتەوەیی کە بۆ ئەمەی تەواو بابەتەکە ورد بێت ئێمە باسی دەکەین کە فەیلەسوفێکی وەک (مۆنتسکیۆ) باسی دەکات لە کۆمەڵە خاڵێک کورتی دەکاتەوە ئەم بابەتە. لە ڕوانگەی (مۆنتسکیۆ) توخمە پێکهێنەرەکانی گیانی نەتەوەی ئەمانەن:

١-بیرەوەرییە بەردەوامە مێژووییەکان کە نەتەوەیەک هەیەتی، بەڵام نەتەوەکانی تر هەمان بیرەوەریان نییە.

٢-ئایین و باوەڕەکان.

٣-ڕەوشت و کردارەکان.

٤-دابونەریت و کۆمەڵە فاکتەرێک کە کولتووری نەتەوەیەک پێک دەهێنن.

هەموو ئەو پێکهێنەرانە تا کوتایی نووسینەکەمان هاوتایی دەبن وەک چەمک و بەشێک لە باسەکانیشمان دەخرێنە ڕوو.١٦

کەواتە پەیوەستی قوڵی هۆشیاری بە گشتی و هۆشیاری مێژوویی بە تایبەتی، لەسەر ناسیۆنالیزم یەکلاکەرەوەیە، بوونی هۆشیارییەکی مێژووی درووست دەتوانێت

١٤ ڕۆشنبیری سیاسی، سەروەر حەمە ئەحمەد، چاپخانەی هیڤی ( هەولێر ) ٢٠١٩، ١٢٤-١٢٥.

١٥ ناسیۆنالیزم گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە، ئەکرەمی میهرداد، ٢٠٠٦، ٦٨.

١٦ فەلسەفەی مێژوو، داریوش ڕەحمانیان، وەرگێڕانی-جەلیلی موڕادی، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.

بناغەیەک بێت بۆ ناسیۆنالیزمێکی بەهێز و لە بەرانبەر بوونی هۆشیاری مێژووی لاواز و شێوێنراو، دەبێتە بناغەیەک بوو ناسیۆنالیزمییەکی پڕوکاو و لاواز.

بابەتێکی تری گرنگ کە هاوتایی هۆشیاری دەبێت باسی بکەین و هۆشیاریش ئەخانە ژێر کاریگەرییەوە بریتییە لە (نەستی نەتەوەیی) کاتێک تاکی کورد لە (نەست) لە ئاگای نەتەوەی خۆی هۆشیاردەکرێت، ئیتر تاک تەواو پەیوەست دەبێت بە ئاستێکی تری هۆشیارییەوە و یادگەیەکی تەواو و درووستی دەبێت. (گوستاف لۆبۆن) لە بارەی ئەم بابەتەوە دەڵێت" دیاردەکانی نەست نەک تەنیا لە ژیانی جەستەییدا، بەڵکوو لە چوارچێوە و سنووری کردار و کاردانەوەکان و هەڵچونەکانی ڕووحیشدا ڕۆڵی دیاریکەر دەگێرن. ژیانی ڕووحی هەستی (خودئاگا)ی مرۆڤ، لە بەرانبەر ژیانی ڕووحی نەستدا، زۆر بچووک، مەزنترین شیکەرەوەکان و وردترین چاودێران دەتوانن تەنیا ژمارەیەکی کەمی پاڵنەرەکانی هەستی ئەو جۆرە ژیانە بدۆزنەوە. کردارە هەستییەکانی ئێمە، لە زەمینەی نەستدا سەرچاوە دەگرن کە زادە و دەرەنجامی هۆکارەکانی بۆماوەییە. لەسەر ئەم زەمینەیەدا، شوێنپێیەکی بێشوماری باب و باپیرانی پێشینانی ئێمە دەبینرێ کە دەروونی نەژادی خۆی زادەی ئەوانەیە "١٧

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین نەست کە وەک پاشخانێکی مێژووی کار دەکات و تاک ئاڕاستە دەکات دەتوانین وەک بنەڕەتێک بزانین ناوی بهێنین کە مێژووی نەتەوە لەسەر ئاستەکانی باش و خراپ بە تێپەڕینی هەزاران ساڵ لە نەستی تاکەکان ڕەنگریژبووە و ئێستا تاکەکان بە کاریگەربوون بەو پاشخانە شوناس دەگرن. کەواتە نەست ڕۆڵێکی بەرزی هەیە لە سازکردنی هۆشیاری مێژوویی. ئەگەر لە ئاستی نەست کێشە هەبێت لە نەتەوەیەک، نەستی نەتەوەی توانادار نەبێت خۆی نوێ بکاتەوە و پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ڕابردوو سازبکات، ئەمە سەردەکێشێت بۆ سازبوونی هۆشیاریی لاواز و ناتەواو لە ئاستی مێژوو و نەتەوەیی.

هەموو ئارگومێنتی سەرەوە دەرخەری ڕۆڵی بەهێز و جێگا و پێگەی گرنگی مێژوو و هۆشیاری مێژوون. دەتوانین بڵێین مێژوو نەک تەنیا لە ڕابردوو کورت دەبێتەوە بەڵکوو مێژوو لەوە کاریگەری زیاترە، دەبینین وەک داینامیکێک ڕوحی نەتەوەیی دەسووڕێنیت و ئیرادەی سیاسی ئێستا درووست دەکات، کەواتە مێژوو نەک

---

١٧ سایکۆلۆژیای جەماوەر، سەرچاوەی پێشوو، ٥١.

ڕابردووەوە بەڵکوو لە ئێستا و داهاتووی ئێمە ئامادەیە و ڕۆڵی بەهێز دەگێڕێت. ئەگەر تەواوی ئەو بابەتەی سەرەوە بە پوخت بکەینەوە و کورد وەک نموونە: وەرگبرین دەڵێین یەکێک لەو ڕێگایانەی کە کاریگەرە وەک دەرفەتێکە لە بەردەم کورد تا یەکبگرێنەوە و شوناس پەیدابکاتەوە بەتەواوی، بریتییە لە گەڕانەوە بۆ مێژوو و لەوێ قوڵبوونەوەیەکی تەواو تا قولایی بۆ مێژووی خۆمان، تا توانای تاکەکان تەواو بەزرببێتەوە و پەیوەست بن بە هۆشیارییەکی نەتەوەی درووستەوە.

لە کوتایی تێڕوانینێکی جوان هەیە نووسەرەکەی لام ڕوون نییە کێیە؟ بەڵام نووسینێکی جوانە هیی هەر کەسێک بێت جوان وتوویەتی" ئەو میللەتانەی کە یادگاری مێژووی و تێگەیشتنیان لاوازە:

١-سەرخۆشن بەهۆی سەرکەوتن لە ڕابردوودا.

٢-ڕیسوا و بێچارەن بەهۆی شکستی ئێستا.

**مێژووی درۆینە وەک ئامرازی سەرکوتکردن:**

مێژوو بریتییە لە کۆی ئەو ڕووداو و بارودۆخانەی کە میللەتێک بە درێژایی هەزاران ساڵ پێیدا تێپەڕیوە و تێیانپەڕاندووە و ئەم مێژووە نووسراو و نەنووسراو بە درێژای سەردەمەکان گەشەیکردووە نووسراوتەوە، بووەتە بەشێک لە بوونیادی نەتەوەی کە ناسیۆنالیزمی لەسەر بوونیاد دەنرێت.

مێژوو، پاشخانی مێژوویی درووست دەکات کە پاشخانی مێژوویی وەک ئەقڵێکی نەتەوەیی ئاڕاستەی بیری خەڵک و بارودۆخی سیاسی هەر نەتەوەیەک دەکات. مێژوو دەکرێت وەک بوونیادێکی زۆر تایبەت کومەڵێک بابەت درووست بکات کە لە نەستی تاکەکاندا بمێنێنەوە و ئەم پرۆسەیە وا دەکات کە ئێمە بڵێین میژوو تەنیا کۆمەڵە ڕووداونین کە لە ساتێکی مێژوویدا ڕوو دەدەن، بەڵکوو مێژوو زۆر لەوە گەورەترە و قووڵتر کار لە مرۆڤایەتی دەکات، ئەمیش بەو شێوەیە کە تاکەکان بە مێژوو هۆشیاری پەیدادەکەن بە مێژوو هۆشیاری خۆیان لە قاڵب دەدەن. بەم جۆرە مێژوو یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە پرۆسەی درووستکردنی نەتەوەی و دەوڵەت بەرکارە.١٨

---

١٨ پرسی کورد لە دیدگای لۆبۆنەوە، سەرچاوەی پێشوو، ٤٤.

هەولێرنامە کتێب

به نزیکی ئێمه دەتوانین بڵێین مێژوو، شوناس دەدات به تاکەکان، مێژوو، ئاڕاستەی ئیرادەی سیاسی ئێستەی نەتەوەکان دەکات. کەواتە مێژوو هاوتایی هۆشیاری مێژوو ڕۆڵی گەورە دەگێڕن له پرسی ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزم که بریتییه له یەکییەتی نەتەوە، کەواتە شوناسێک نوێنەرایەتی دەکات، بۆیه دەبێت شوناس بناسین که بریتییه " تایبەتمەندی تایبەتیی سرووشتی کەسێک یا گرووپێک. شوناسی تاکەکەسی یا گرووپ بەهۆی خەسڵەتەوە درووست دەبێت که له ڕووی کۆمەڵایەتییەوە داڕێژراون، هەروەها ناوی کەسێک یەکێکه له گرنگترین توخمەکانی داڕشتنی شوناسی کۆمەڵایەتی. هەروەها هەڵبژاردنی ناو بۆ شوناسی گرووپ ئەویش گرنگییەکی تایبەتیی خۆی هەیه. بۆ نموونه: شوناسی نەتەوەیی بۆ هەموو کەسێک ئەنجامه.١٩

کەواتە شوناس یەکڕاست کاریگەره به ناسیۆنالیزم و هۆشیاری مێژووی باڵادەست، ئەگەر هۆشیاری مێژووی بەهێز و درووست هەبێت ناسیۆنالیزم بەهێز دەبیت و تاکەکان بەتوانا دەبن که پێناسەی درووستی خۆیان بکەن.

کەواتە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ مێژوو. ئێمه دەبینین که مێژوو دەبێت به پاشخانی مێژووی و کومەڵگای سیاسی و هزری سیاسی میللەت پێ کاریگەر دەبن. کەواتە یەکێک له بابەته گرنگەکان که داگیرکەر دەتوانیت سوودیان لێ ببینێت مێژووه.

به داماڵینی هۆشیاری مێژووی به تێکدانی مێژووی هەر گەلێک، داگیرکەر دەتوانێت هەژموون بەسەر ئەو نەتەوەیەدا بکات، چونکه ئیتر ئەو میللەته پاشخانی مێژووی نابێت که ئیرادەی سیاسی پێ کاریگەر بێت و هاوتای ئەمه درووست بێت ئەم ئیرادەیه، بەم جۆره داگیرکەر دەتوانێت هۆشیاری تاکەکان به ئاڕاستەیەکدا ببات که (نەست) پێ کاریگەربێت و بەم جۆره به تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ ئەم هۆشیارییەی داگیرکەر له مێشکی تاکدا ڕژاندوویەتی، له نەستی تاکدا جێگیردەبێت و تاک به نائاگایی هەمان ئەجندا و ویستی داگیرکەر جێبەجێدەکات، بێ ئەوە پەی به هۆکاری جێبەجێکردنی ئەم ویستانەی داگیرکەر لەناو ویستەکانی خۆیدا بکات.٢٠

---

١٩ دەروازەیەکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی، ئەنتۆنی گیدنز، وەرگێڕانی-ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣، ٣٢٦.

٢٠ پرسی کورد له دیدگای لۆبۆنەوە، سەرچاوەی پێشوو، ٤٤-٤٥.

کەواتە داگیرکەران دەتوانن بە برەودان بە هۆشیاری مێژووی درۆینە و داماڵینی تاک لە هۆشیاری مێژووی ڕاستەقینە شوناسی تاک لە قاڵب بدەن و ناسیۆنالیزم لە ڕەگەوە وشک بکەن. هەر لە کۆمەڵگەی کوردی بڕوانین، ناوێکی زۆر هەیە کە عەرەبی و تورکی و فارسین. هاوتای ئەمە کوردان بە فراوانی زمانی داگیرکەران بەکاردەهێنن و لە هەندێک حاڵەت سووکایەتی بە زمانی خۆشییان دەکەن، ئەها ئەمەیە داماڵین لە هۆشیاری مێژویی و ناسیۆنالیزم.

ئەگەر وردتر بین، هۆکارەکان قوڵتر ببینین، دەبێت زیاتر بۆ قوڵایی بابەتەکان بڕۆین. (ئەرستۆ) دەڵێت" مرۆڤەکان هەر بە سرووشت، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین" هاوتایی ئەمە (ئەرستۆ) دەڵێت" کۆمەڵی سیاسی، لە سۆنگەی چالاکی و کردە ڕەسەنەکانەوە پێک دێت، نەک لە سۆنگەی پێکەوەبوونێکی پەتی" ٢١

کەواتە بوونیادی کۆمەڵایەتی و هزری کۆمەڵگە توانای سەرەکی هەیە، لە شکڵدان بە ئەقڵییەت و ئاڕاستەکردنی تاکەکان، بە نزیکی دەبێت لە کردە تێبگەین تا بزانین چۆن کردە نەک تەنیا بوونێک وەک بوونێکی پەتی بێ چالاکی و پاسیڤبوون بنەمایی درووستبوونی کۆمەڵگەیە. بۆ تێگەیشتن لە کردە ئەگەڕینەوە لای (هانا ئارنێت) " کردە تاکە چالاکییەکە کە ڕاستەوخۆ، بەبێ نێوەندگیری شتەکان یان ماددە، لەنێوان مرۆڤەکاندا ڕوودەدات و هاوتایە لەگەڵ دۆخی فرەیی مرۆییدا. ئەم فرەییە بەشێوەیەکی تایبەت نەک مەرجی پێویست، بەڵکوو مەرجی سەرەکی تێکڕایی ژیانی سیاسییە.٢٢

بۆ تێگەیشتن لە کاتیگۆری کردە دەبێت بگەڕینەوە بۆ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کردە، کە ئەوانیش (ئازادی و فرەیین) ئازادی دەتوانین بڵێین، وەک لە دایکبوونەوە و توانای کردنی کارێکی نوێ و ئەنجامدانی کاری پێشبینی نەکراو، فرەیش بریتییە لە بوونی پانتاییەکی فراوان و دەربڕینی وشەکان و قەبوڵکردنی فرەیی. کەواتە دەتوانین کردە گرێبدەین بە کۆمەڵگەوە، کە تاکەکان بتوانن ببنە خاوەن کۆمەڵگەیەک کە ئازادبن

---

٢١ پەرتووکی سیاسەت ڕاڤەکردنی هزرە مەزنەکان بە زمانی سادە، کۆمەڵە نوسەر، چاپخانەی ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٠، ١٥-١٤٧.

٢٢ فەلسەفەی هانا ئارنیت، ماوریزیۆ پاسرین دێنتریڤێس، وەرگێڕانی-ئارام مەحمود، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٧، ٣٣.

داهێنان و نوێگەری بکەن و فرەیی و فراوانی پانتایی گشتی بنەڕەتی ئەو کۆمەڵگەیەبن.
کەواتە بە بوونی کردە لە کۆمەڵگەدا واتە بنەڕەتی کۆمەڵگە تەندرووستە و تاک بوونەوەرێکی هۆشیارە و دەتوانێت بەردەوام شوناس و هۆشیاری خۆی نوێ بکات و بارودۆخی نوێ بوو خۆی بەردەست بخات. بە پێناسەی کۆمەڵگە کوتایی بەو چوارچێوەیە کە نووسیمان دەهێنین کە کۆمەڵگە بریتییە لە " کۆمەڵە خەڵکێک کە لە شوێنێکی دیاریکراو دەژین و ملکەچی هەمان دەستەڵاتی سیاسین، ئەو تاکەکەسانە هۆشیارن بەوەی خاوەن شوناسێکن جیایان دەکاتەوە لە گرووپەکانی دەوروبەری خۆیان" ٢٣

(مارسێل مۆس) کۆمەڵناس و خەڵکناسی فەرەنسی پێناسەی کۆمەڵگە دەکات کە بریتییە لە " گرووپێک لە مرۆڤەکان ئەوەندەیان بەردەوامی هەبێت کە لە چەند گرووپ و چەند وەچە کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە وڵاتێکدا دەژین، پێکهاتبێ"٢٤

بەم جۆرە بنەڕەتی هەبوونی کۆمەڵگە و شار بۆ سازبوونی ناسیۆنالیزم پێویستی یەکەمن، تا هۆشیاری درووست سازبێت و شوناس و ناسنامە بچەسپێن.

بۆ کوتایی ئەم بەشەش دەتوانین وەک پوختە بڵێین کاتێک لەسەر ئاستی درووست تەماشای بابەتەکە دەکەین بە نەبوونی شار و کۆمەڵگە ئەوا مێژوو و هۆشیاری مێژوویی درووست ساز نابن و تاک هیچ توانایەکی نییە کە کۆمەڵەی سیاسی سازبکات، بۆیەش دەبینین ئیتر ئەو میللەتە هۆشیاری مێژوویی نابێت، کە بتوانن پایەکانی ناسیۆنالیزمی خۆیان پتەوتربکەن. ئیتر ئەو میللەتە هۆشیاری میژووی نابێت تا یەکبگرن و هاوسۆزی نەتەوەیی درووست بکەن، تا بەرگری لە خۆیان و خاکی خۆیان بکەن تا بتوانن بەرهەڵستی بکەن و یاخی بن لە داگیرکەر. کەواتە داگیرکەر کاتی کە خاک داگیردەکات کارەکانی تەواو نابن، بەڵکوو داگیرکردنی ڕاستەقینە ئەو کاتەیە کە هۆشیاری میللەتێک، مێژووی میللەتێک، لەناودەبرێت و دادەماڵرێت. ئەم جۆرە لە داگیرکاریە پێ دەگوترێت زاڵبوونێکی بوونیادی کە جیاوازە لە زاڵبوونی میکانێکی، کە تەنیا بەهۆی ئامرازی زیاتر و چۆنیەتییەوە لایەنێک زاڵ دەبێت بەسەر

٢٣ دەروازەیەکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ٣١٢.
٢٤ پێشەکییەک لەسەر کۆمەڵناسی سیاسی، ئەحمەد نەقیب زادە، وەرگێڕانی-مەسعوود ڕەواندووست، چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧، ٨.

لایەنێکی دیکەدا، بەڵام لە زاڵبوونی بوونیادیدا هۆشیاری و ئەقڵ و تەواوی بوونیادی کومەڵگە زاڵبوونی داگیرکەر قبوڵدەکەن.
ئەمەش نیشاندەری گرنگی مێژوو و هۆشیاری مێژووییە کە چۆن پاشخان و ئیرادەی سیاسی درووست دەکەن. داگیرکەر بە ڕامالێنی مێژوو و لەناوبردن و تێکدانی مێژوو سەردەکێشێت بۆ لەناوبردن و تێکدانی کولتوور و ئەقڵی نەتەوەیی. بەم جۆرە داگیرکەر دەگات بە ئامانجی باڵای خۆی کە داگیرکاریەکی بوونیادی نەتەوەی بەرانبەرە. ئەمەش ڕێک ئەو بابەتەیە کە دەبێت هەموو تاکێکی کورد تێ بگات، کە مێژوو و هۆشیاری مێژووی گرنگ و یەکلاکەرەوەن بۆ داهاتووی میللەتی کورد، کە داگیرکاریەکی بوونیادی قوڵی بەسەردا جێبەجێکراوە.

**کورد توانای یەکگرتنی نییە یان بناغەی یەکگرتنی نییە وەک نەتەوە**

" بۆ ئەوەی کومەڵگە ڕاستە ڕێبێت، هەر دەبێت پێوەری ئاکاری و کەسی و نەتەوەی و نیشتمانی لە ئارادابێت " (بێرتراند ڕاسێل).٢٥
کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە کە نەیتوانیوە یەکگرتووییەکی سەرتاسەری و گشتی لەسەر ئاستی نەتەوەی بەرپابکات کە ئەمەش ببێتە دەستکەوتێک و شانازیەکی نەتەوەی بەزر، کە نیشاندەری ئەوەبێت کە کورد گەیشتووە بە ئاواتە نەتەوەییەکانی خۆی.
ئەمەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کورد توانای نییە یان هێزی پێویستی لەبەردەست نەبێت بۆ ئەم یەکگرتنە. بەڵکوو کورد بناغەی تەواوی نەبوو تا ئەم یەکگرتووییە بە دەست بهێنێت ئەمیش خۆی دەبینێتەوە لە لاوازی لە کولتوور و ئەقڵییەتی کوردی لە کۆی ئەو مێژووەدا کە بەتەواوی وایی کردووە کە هیچ بنەمایەکی نەبێت وەک بنەمایەکی مەعریفی و فیکری و کولتووری کە وا لە تاکەکانی کورد بکات لە ڕێگەی ئەم بناغەیەوە بتوانن لەسەر یەکگرتن پێدابگرن و یەکییەتی نەتەوەی درووست بکەن.
بەم جۆرە دەتوانین نەبوونی بناغە لەسەر ئاستی نەتەوەی بگەڕێنییەوە بوو ئەو بوونیادە فکری و نەریتییەی کە مرۆڤی کورد لە ڕێگەیەوە شکڵگیرکراوە و قاڵبی ئەقڵی خۆی وەرگرتووە. لەم چوارچێوەیەدا ئێمە دەگەڕێنەوە بۆ دابونەریت و ڕیوایەتەکان

---

٢٥ ئازادی لە نێوان فەلسەفە و یاسادا

که وەک فاکتەری بەرپرس لە ئاستی نەبوونی بناغە بۆ یەکگرتووکردنی تاکەکان و نەتەوە دەست دەکەین بە شیکارکردنی بابەتەکە، بەم جۆرە دەتوانین لە ڕوانگەی خودی لۆبۆنەوە بڵێن " دابونەریت و ڕیوایەتەکان، دەگەڕێنەوە بۆ بیردۆز و پێویستی و هەستەکانی پێش مێژوو، هەر ئەو دابونەریت و ڕیوایەتانەن کە یەکییەتی نەژادی درووست دەکەن و بەتەواوی قورساییانەوە خۆیان دەخەنە سەر ژیانی ئێمەوە "٢٦

بەم جۆرە بەرپرسی سەرەکی لە بابەتی یەکنەگرتنی کورد بۆ خودی نەریت و ڕەوتی بیرکردنەوەی کورد خۆی دەگەڕێتەوە، بەم جۆرەش ئەگەر وردتر بڕوانین و بڵێین بۆ بە گۆڕانی سەردەمەکان ئەم نەریتەی بەرپرس لە نایەکگرتووی کورد گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە یان ئەگەر گۆڕانی بەسەردا هاتووە بۆ کورد لە سەردەمانی نوێدا هەر بە دەست کێشەی پەرتەوازەیی و نایەکگرتوویی دەناڵێنێت، بۆ وەڵامی پرسیارەکە سەرەتا ئێمە دیسان دەگەڕێنەوە بۆ سەر خودی ڕوانگەی (گوستاف لۆبۆن) لەو بارەیەوە کە دەڵێت " نەتەوەیەک ڕێک وەک ئەو پەیکەرەیە کە بەهۆی ڕابردووەکانی خۆی ئافرێنراوە. ئەم پەیکەرەش وەک هەر پەیکەرێکی دیکە تەنیا لە ڕێگەی گردبوونەوەی پلەبەپلەی جەماوەرەکانی بۆماوەیی دەتوانێت بگۆڕێت "٢٧

بەم جۆرە کاتێک دەمانەوێت وەڵامێکی وردی پرسیاری سەرەوە بدەینەوە، دەبێت فاکتەری شاخاویبوونی کوردستان و لێکدابڕانی تاکەکانی لە یەکتر لە پێشچاوبگرین، لە دوای ئەم فاکتەرە فاکتەری جیۆپۆلتیکی کە کوردستان ناوەندی بەریەککەوتنی هێزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایە، کە سەرەنجامی ئەم دوو فاکتەرە وایان کرد لە کوردستان (شار) درووست نەبێت، کە بە درووستنەبوونی شار هیچ پێشکەوتنێکی کومەڵایەتی و فکری درووست نابێت، نەریت وەک خۆی لە کۆمەڵە کوردییەکاندا بێ گۆڕان دەست بە ژیان دەکاتەوە. ئەگەر بەشێکی تری وەڵامەکە بدەینەوە بۆ ڕونتربوونی بابەتەکە دەبێت بڵێین کاتێک دوای مۆدێرنیتە کرانەوە ڕووی لە کوردستان کرد ئیتر کورد زۆر لە دوای میللەتانی ترەوە دیسان لە ڕێگەی ناهۆشیاری کوردەوە گەلانی سەردەست کوردیان لە قاڵب دا بەم جۆرە نەبوون و سازنەبوونی هۆشیاری مێژووی لە کوردستاندا، هەبوونی هۆشیاری لاواز کە خۆی بۆ ئینتیمای

٢٦ سایکولوژیای جەماوەر، ١١٦.

٢٧ سایکۆلۆژیای جەماوەر، ١١٧.

ورده شوناسی وەک عەشیرەتەکان یەکلاکردبوویەوە و نەریت سەنتەری ئەم ورده شوناسانەبوو بووە هۆکار کە هۆشیاری مێژوویی، وەک فاکتەرێکی سەرەکی ببینین وەک هۆکاری پەرتەوازەی کورد. بە نزیکی بەم جۆرە کوردان هیچ توانایەک و بنەمایەکیان نەبوو کە بتوانن ئیرادەی سیاسی سازبکەن و ناسنامەیان هەبێت تا دۆست و دوژمنی خۆیان بناسن. بەم جۆرە مۆدێرنیتە نەیتوانی نەریت لە کومەڵگای کوردی لاواز بکات یان بگورێت، ئەمەش هۆکاری پشت دروستنەبوونی یەکییەتی نەتەوەیی بە شێوەیەکی ورد.

دەکرێت بۆ زیاتر تێگەیشتن لەلایەنەکانی تیۆری بابەتەکە، دیسان وردتر بۆ (گوستاف لۆبۆن) بگەرێنەوە کە دەڵێت: " مرۆڤ دوای پەیدابوونی لەسەر زەوی دوو ئەرکی گرنگی لەسەر شان بووە، یەکێک پەیداکردن و دۆزینەوەی تۆرێک لە ریوایەتەکان و دابونەریتەکانی بۆماوەیی و ئەوەی دیکەش رێکخستنی ریوایەتەکان و دابونەریتەکانە، بێگومان ئەمەش دوای بەکارهێنانی کاریگەرییە سوودمەندییەکانی ئەو ریوایەت و دابوونەرێتە بۆماوەییانە بووە، هیچ کولتوور و رۆشنبیریەک بەبێ هەبوونی ریوایەتەکان دابونەریتەکانی دێرین و هیچ پێشکەوتنێک بەبێ تووانەوە و لە نێوچوونی وردەوردەی ئەو دابونەریت و ریوایەتانە بوونی نییە "٢٨

ئەم ئەرگومێنتە تەواو بەرچاوروونی زیاتریمان دەداتی کە دابونەریت چۆن کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر کۆی بوونیادی نەتەوەیی، لەگەڵیدا پیشانمان دەدات تەنیا بە تووانەوە و لەناوچوونی ئەو نەریتانە دەکرێت گۆران لەسەر ئاستی کرداری و کومەڵگە و دەوڵەت درووست ببێت.

کەواتە ئێمە دەبێت تێبگەین کە کێشەیەکی قوڵ و مێژووی گەورەمان هەیە کە هیچ بناغەیەکمان نییە و تەواو لە ئەقڵانییەت دابراوین و خاوەن کولتوورێکی تێکشکاوین. دەبێت تێبگەین چارەسەر لە قوڵایی مێژووی کورددایە چارەسەر لەوەیە نەریت بگورین ئەقڵانییەت بگۆرین تا لە رێگەی گۆران لە نەریت بتوانرێت گۆرانکاری لەسەر ئاستی روحی نەتەوەیی لەسەر ئاستی کولتوور و ئەقڵی کوردیدا مەیسەر ببێت.٢٩

---

٢٨ سایکۆلۆژیای جەماوەر، ١١٧

٢٩ پرسی کورد لە دیدگای لۆبۆن سەرچاوەی پێشوو، ٥٣–٥٦.

**دەرەنجام:**

ئێمە لە کوتایی ئەم نووسینەماندا دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵێک بنەڕەت هەن گرنگن بۆ هەر نەتەوەیەک دەبێت لە گرنگییان تێبگەن:

- مێژووی ڕاستەقینە دەبێتە بنەڕەت بۆ دروووستکردنی هۆشیاری مێژوو. هۆشیاری مێژووی دەبێتە بناغەی سازکردنی شوناس و ئیرادەی سیاسی و بوونیادی کۆمەڵگە. کەواتە دەبێت تەواو وردبین لە خستنەڕووی مێژووی کورد و تواناکان برەو پێ بدرێن تا هۆشیارییەکی تەواو بەهێزی مێژوویی لەلای تاکەکان درووست بێت، ئەمە بناغەی توێژینەوەکەمانە.
- هۆشیاری مێژوو و مێژوو لەلایەن چەندین فاکتەر و چەمکی جیاوازەوە دەچنە ژێر کاریگەرییەوە بە تایبەت کە پەیوەستی هەیە لەنێوان ئەم دوو چەمکە بە تاکەکانەوە. یادگە و نەست و یادگاری و کۆمەڵە چەمکی تر تەواو هێزدارن کە مێژوو و هۆشیاری مێژووی لە قالب بدەن و نەتەوە بخەنە ناو پرۆسەی جیاوازەوە، بۆیە دەبێت خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژی بەهێز هاوتایی شیکارییەکان بن.
- ئێمە لە جیهانی مەتریاڵ لە بەرانبەر هەر چەمک و پرۆسەیەک چەمک و پرۆسەی دژمان هەیە، نموونە: هۆشیاری درۆینە و مێژووی درۆینە و ئایدۆلۆژیای درۆینە، کە هەموو ئەوانە لە پرۆسەدا دەتوانن تاک لە قاڵب بندەن و هۆشیاری نەهێڵن و ناسیۆنالیزم بروخێنن.
- لە ئاستی باڵا و زانستی دەبێت بابەتەکان خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، تا بتوانرێت ئاڕاستەکانی ستراتیژییەکی گشتگیر سازبکرێن بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بتوانێت هۆشیاری و هۆشیاری مێژووی ڕاستەقینە سازبکات و شار درووست ببێت و کردە سازبن و مەعریفە بەرهەم بێت، بۆ بەردەوام نوێکردنەوە و سازکردنی کردەیی تازە تا نەتەوە بەزیندوویی بمێنێتەوە و ناسیۆنالیزم بە فراوانی پێگەی خۆی بکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**


١. سۆسیۆلۆگیای مەعریفە، ڕەشاد میران، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، ٢٠١٧، هەولێر.

٢. سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، دیڤید کلۆفەر-سیلاخ سترۆبێرگ، ٢٠٠٦. ک

٣. ئایین چییە، دانیال هیرڤیۆ لێژێ-ژان پۆل ویلیەم-ئیروان دیانتەل-میشێل لووی، وەرگێڕانی-عادل باخەوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨، سلێمانی.

٤. سایکۆلۆژیای جەماوەر، گوستاف لۆبۆن، وەرگێڕانی-سەلاح سەعدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٧، هەولێر.

٥. ئازادی لەنێوان فەلسەفە و یاسادا، کامەران مەنتک، چاپخانەی سەردەم، چاپی دووەم، ٢٠٢١، سلێمانی.

٦. پرسی کورد لە دیدگەی لۆبۆنەوە، عبدالرزاق مهدی عبدالرزاق، ٢٠٢٣.

٧. مێژووی بزووتنەوە نەتەوەییەکان، نوورالدین حاطوم، وەرگێڕانی-خالید هەرکی، ناوەندی ئاوێر بوو چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٨، هەولێر.

٨. ناسیۆنالیزم گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە، ئەکرەمی میهرداد، ٢٠٠٦.

٩. فەلسەفەی مێژوو، داریوش ڕەحمانیان، وەرگێڕانی-جەلیلی موڕادی، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.

١٠. ڕۆشنبیریی سیاسی، سەروەر حەمە ئەحمەد، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٩، هەولێر.

١١. دەروازەیەکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی، ئەنتۆنی گیدنز، وەرگێڕانی-ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣، هەولێر.

١٢. پەرتووکی سیاسەت ڕاڤەکردنی هزرە مەزنەکان بە زمانی سادە، ڕێد دا کومبە-جۆن فارنون-ئەی ئێس هادسن جێسپێر-جۆنسۆن نیال کیشتاینی-جیمز میدوی-ئانکا پوسکا-مارکۆس، وەرگێڕانی لە فارسییەوە-ڕەسووڵ سوڵتانی، کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٠.


هەوڵنامەی کتێب

١٣. فەلسەفەی هانا ئارنێت، ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێس، وەرگێڕانی-ئارام مەحمود، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٧.
١٤. پێشەکییەک لەسەر کۆمەڵناسی سیاسی، ئەحمەد نەقیب زادە، وەرگێڕانی-مەسعوود ڕەواندووست، چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧، هەولێر.

## مانی ڕەحیمی

### لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی چین؟

یەکەم لەمپەڕی بەدەرم ناسیۆنالیزم لە کوردستان خودی خۆیەتی، کە هەتا ئێستا وەک ناسیۆنالیزمی مۆدێرن لە دایک نەبووە.

ناسیۆنالیزم سەرەتا وەک ئایدیا لە دایک دەبێت کە نەتەوەیەک ڕێگای بنیادنانی دەوڵەتی مۆدێرن بگرێتە بەر، کە لانی کەم پاوانی (Territory) خۆی دیاری کردبێت و هەنگاوی بنچینەیی بۆ سازکردنی لانی کەمی ئامرازەکانی سەروەریی (Sovereignty) ڕەبەق بەسەر ئەو پاوانەدا بەرپا بکات.

لانی کەمی ئەو ئامرازانە، یەکەم، سوپایەکی نیشتمانی کە پاراستنی بستبەبستی ئەو پاوانە کە بە نیشتمان پێناسە دەکری، دووەم، سیستەمی پەروەردە و خوێندن کە نەتەوە و بکەری نەتەوەیی (Agency) بەرهەم بهێنێتەوە، سێیەم، سیستەمێکی باج کە دارایی پێویست بۆ دوو ئامرازەکانی دیکە و دەستەڵات دابین بکات.

لە دونیای ئەمڕۆدا ناسیۆنالیزم تەنیا بەو سێ ئامرازە ڕازی نابێت و ناتوانی خۆی لەسەر پێ ڕابگرێت، بۆیە ئامرازەکانی بەرفراوانتر دەکات.

ناسیۆنالیزم لە کوردستان بە شێوازی مۆدێرن بۆیە لە دایک نەبووە، چون لە سەردەمی مۆدێرندا لەسەر پێداویستییەکانی ئەو لانی کەمەش کار نەکراوە. ئێمە خەڵکی ناسیۆنالیستمان هەیە، بەڵام دەبێت سەرەتا لە زەینی ئەو خەڵکەدا ناسیۆنالیزم وەک ئایدیا و پاشان وەک گوتاری لە سەرووتر لە ئایدیا ئابستراکتەکان لە دایک ببێت کە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردستانی گوتار و بنخانی(ژێرخانی) پێویست بۆ بوون بە هەبوونێکی فاکتواڵ بەرهەم بهێنێت.

ئەمە بەو واتایەیە کە ئەو ئایدیایانە تەنیا لە جیهانێکی ئەبستراکتی ئایدیاڵدا نەمێنێتەوە، بەڵکوو ورد بکرێتەوە بە پرۆژەی کردەوەیی، بۆ ڕێکخستنی پەیکەربەندی و ستراکچەرێکی نەتەوەیی، کە (ئینفراستراکچەر)ێکی نیشتمانی وەها ساز بکات کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی گەرەکییەتی یان زەرورەت بێت، هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوەی.

ناسیۆنالیزمی ڕاستەقینە وەها کار دەکات و تەنیا لە چوارچێوەی هەرا خۆی ناهێڵێتەوە. جا ئەو ناسیۆنالیزمە بێگومان لە کاتی خۆی و شوێنی خۆی هەراشی

پێویستە، بەڵام نابێت ئەمە ببێت بە ناسنامەی ناسیۆنالیزمی کوردستانی، بەڵکوو دەبێت ناسیۆنالیزم بە بنیاتنانی (ئینفراستراکچێر)ی نەتەوەیی خۆی ببێت بە بنیاتنەر، ئەمەش دەبێت ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەو بێت.

لەمپەڕی دیکەی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردستانی زۆرن، یەکێکی دیکەیان کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، هەبوونی گوتاری داگیرکەرانە کە بەرگی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکاتە بەر خۆی. لە کوردستان کۆمەڵگەی ڕێکخراوەیی بە حیزبەکانیشەوە دوو بەشن. بەشێک نابەختەوەرانە لە گوتاردا(Discourse) کوردستانی نین، بەڵکوو گوتاری ناسیۆنالیزمی داگیرکەرن، بەڵام قەزای کوردییان لەبەرە و مرۆڤی کوردی ناشارەزا بە سیاسەت، هەست بە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی، عێراقی، تورکی و سووری، ئەوان ناکات.

ئەو حیزبانە کە بە حیزبی فیدراڵخواز و کۆنفیدراڵیخواز بەناوبانگن و هێندێکیشیان حیزبی چەپ و کۆمۆنیستن، دژ بە پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی کوردستانن، پرسی نەتەوەیی ئێمە بە پرسی کورد دەبینن، وەک پرسی ماف و دیموکراسی، نەک پرسی خاک و سەروەریی. ئەمە لە ماوەی ٧٠ساڵی ڕابردوودا ڕاستەوخۆ بەشدار بووە لە بەرهەمهێنانەوەی داگیرکاری وەک هێز و گوتار لە کوردستان و یەک بەدوای یەکدا قەیرانی سیاسی و نەتەوەییان ساز کردووە، کە هەژموونی داگیرکەری بەرهەم هێناوەتەوە.

ئەو حیزبانە ئادرەسی هەڵە دەدەن بە کورد. بۆ نموونە: کوردستان ئیدی پرس نامێنێت و ئەوە کوردە دەبێت بە پرس و ئەم پرسەش بە ماف و دیموکراسی لە چوارچێوەی دەستەڵاتدارییەتی و سەروەریی داگیرکەردا چارەسەر دەبێت، لە خەیاڵی ئەواندا کە کورد وەک شارۆمەندی وڵاتی ئەوان بۆی هەبێت لە ناوچەی خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێت واتا پرسی نەتەوەیی خاک و سەروەریی کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن بە پرسی ماف و پرسی دیموکراسی، لە چوارچێوەی دەوڵەتی داگیرکەردا کە هەمیشە خۆی لە پرۆژەی )Regime change(ڕژێم چەینجدا پیشان داوە.

ڕژێم چەینج یان گۆڕینی دەستەڵاتدار بەبێ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتێک و وڵاتەکەی، لە ڕاستیدا هەر ناسیۆنالیزمە، بەڵام فۆڕمەکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە: دەوڵەتی دیکتاتۆری عێراقیی سەددامی وەک دیکتاتۆری تاکەکەسی و تاکحیزبی، دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتی خێڵەکی دیکتاتۆری شیعی کە هەرێمێکی کوردستانی هەیە. ئەمە دیسان هەر ناسیۆنالیزمی عێراقییە و هەر لایەنێکی کوردی کە داوای ڕژیم چەینج لە عێراقدا بکات کە خۆی خاوەنی سەروەرییەکەی نییە، ئەمە ناسیۆنالیزمی پاشکۆی عێراقییە کە کورد تێیدا بەرهەمهێنەرەوەی دەوڵەتی عێراقییە بۆ عەرەبی سەروەر. ئەمە فری بە ناسیۆنالیزمی کوردستانیشەوە نییە. بەپێچەوانە ئەمە دژی ناسیۆنالیزمی کوردستانییە و لە کوردستان شەڕی گوتاری لەنێوان ناسیۆنالیستی کوردستانی و ناسیۆنالیستی عێراقی پاشکۆییدا ساز دەکات.

لە ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکەش هەر بە هەمان شێوەیە و بەتایبەتیی لە ڕۆژهەڵات ناسیۆنالیزمی پاشکۆیی ئێرانی کە گوتاری زاڵ بەسەر هەر سێ هێڵی (دیموکرات و کۆمەڵە و پژاک) هەوڵ دەدات ئاگۆرای سیاسی ڕۆژهەڵات داگیرکەر بکەن و ناسیۆنالیزمی کوردستانی و گوتاری سەربەخۆیی زیندەبەچاڵ بکەن. بۆیە شەڕێکی گوتاری زۆر گەورە لەنێوان ڕەوتی سەربەخۆییخوازی و ناسیۆنالیزمی پاشکۆیی ئێرانی لە کوردستان لە ئارادایە. هەم ئەو شەڕە و هەم ئەو ناسیۆنالیزمی پاشکۆییە داگیرکەران کە بەناو حیزبی کوردی لە کوردستان کار دەکەن و خۆیان بە نوێنەری خەڵکی کورد دەزانن و هەوڵ دەدەن پرسی کوردستان داگیر بکەن و هەرەسی پێ بهێنن تاکوو ناسیۆنالیزمی کوردستانی سەرهەڵنەدا و گەشە نەکات.

لەمپەڕی سێیەم، پەتای حیزبایەتییە کە وەک تاکە فۆرمی سیاسی بوونی نەتەوەی کورد، هەتا ئێستا بە ئێمە ناسێنراوە. بێ وچان هەوڵ دەدرێت کە مرۆڤی کورد ئەگەر بیەوێت سیاسی بێت، یان بچێتە ناو حیزبێک یان حیزبێک دابمەزرێنێت، ئەویش مۆدێلە کرێملینییەکەی(واتا ڕووسییەکەی) کە لە کوردستان لەژێر چاودێری و بەشداری حیزبە خوشکەکانی سەر بە (Cominform)کۆمینفۆرم دادەمەزرێنن و دواتر ئەم مۆدێلە وەها بوو بە باو، کە خەڵکی حیزبساز هیچ مۆدێلێکی دیکەی حیزبایەتی پێ شک نایەت.

حیزب لە دونیای مۆدێرندا ئامرازێکی دەوڵەتدارییە. ئەمە بەو واتایە کە لە کوردستان دەبوایە دەوڵەتێکی نەتەوەیی و سەربەخۆی لە فۆڕمە دیموکراتیکە پەرلەمانی یان کۆمارییەکەی بوونی هەبێت، تاکوو حیزبی سیاسی لە ڕێگەی بەشداری لە هەڵبژاردندا دەستەڵاتی سیاسی بەدەست بگرێت یان ببێت بە ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی ئەو حیزب یان حیزبانەی کە دەستەڵاتیان بەدەستەوەیە.

لە کوردستان حکوومەتی هەرێمی هەیە، بەڵام دەوڵەت بوونی نییە. کەواتە هەبوونی حیزب لە کوردستان بە مەبەستی دەوڵەتداری نییە. لە باشووری کوردستان مەبەست لە هەبوونی حیزب بەڕێوەبردنی هەرێمە لە ڕێگای حکوومەتی هەرێمەوە، لە ڕۆژاوای کوردستان هەر بە هەمان شێوە بەڵام بە مۆدێلێکی جیاوازی بەڕێوەبەریی. ئەم مۆدێلە لە حیزبایەتی تووشی قەیرانی خۆیی دەبێت وەک کاکیستۆکراتی(گەمژەسالاریی) و کلیپتۆکراتی(جەردەسالاری) وەک نموونە: بۆ ئەم مەبەستە دەبێت حیزب پەیکەری خێڵەکی وەخۆ بگرێت و بەڕێوەبەرایەتییەکی گەندەڵ ساز بکات. وەها حیزبگەلێک ناچارن کۆمەڵگە ناسیاسی یان(depoliticize) (دیپۆلیتیزە) بکەنەوە تاکوو دەستەڵاتی خۆیان بپارێزن و دوژمن بۆ خۆیان پێناسە بکەن کە بەدڵنیا دەبێت نێوخۆیی بێت و دۆستی دەرەکی بۆ خۆیان پێناسە دەکەن و بەرەی ڕکابەرێکی وەها بەرفراوان دەکەنەوە کە بۆ (چەنەبەرهاتنی) یەکتر ناچارن پاڵ بە دوژمنێکی دیکەوە بدەن.

وەها سیستەمگەلێک ناچارن حیزبگەلێک تێدا ساز بکەن کە ڕێباز و گوتاری ناسیۆنالیزمی پاشکۆیی بێگانە و داگیرکەر بپارێزن و لەنێو جەماوەردا پەرەی پێ بدەن.

ئەمە دەرەنجامی یەک شتی زۆر گرینگە ئەویش ناوەخت یان ئاناکرۆنێستی حیزب لە کوردستانە، واتا سەرهەڵدانی حیزب بەر لە دەوڵەت. ئەمە کارەساتە گەورەکە دەخوڵقێنێت.

لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان مۆدێلی حیزب هەر چەپی (کۆمنیفۆڕم)ییە، بەڵام نەک بۆ دەوڵەتداریی، بەڵکوو وەک حیزبی شۆڕشگێڕین لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێرانی و تورکیدا، کە ئامانجیان نەک دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵکوو ڕژێم چەینجە لە تاران و ئەنقەرە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتیکە بۆ داگیرکەر. ئەمەش دیسان هەر فۆڕمێکی دیکە لە (anachronism) ئاناکرۆنێزمە، کە

حیزب کە لە کوردستانی بەدەوڵەت لە دایک دەبێت، دەبێت ببێت بە ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی بێگانەی داگیرکەر، چونکە لە وڵاتی خۆی دەوڵەتی لێ نییە کە دەوڵەتداری بکات یان ببێت بە ئۆپۆزیسیۆن.

وەها حیزبگەلێک ناچارن گوتاری ناسیۆنالیزمی داگیرکەران هەڵبگرن و ببن بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تورکی. بێگومان ئەوان ناتوانن ببن بە حیزبی سەروەرییخوازی ئێرانی و تورکی، چونکە فارس و تورک خاوەندارییەتی لە سەروەریی نەتەوەیی خۆیان دەکەن و بەم هۆیە کورد ناتوانێت حیزبی ئێرانی و تورکی سەرانسەری ساز بکات و ئیدعا بکات وەک حیزبی کوردی سەرانسەری، لە تاران و ئەنقەرە دەیانەوێت دەستەڵات بەدەستەوە بگرن و ئەو دەستەڵاتە بکەن بە دەستەڵاتێکی کوردی، چونکە فارس و تورک ئەوێ بە مڵک و میراتی خۆیان دەزانن، و حیزبی کوردی ناچار دەکەن حیزبێکی ناوچەیی یان لۆکاڵی لە چوارچێوەی ئێران و تورکییەدا بمێنێتەوە و تەنیا مافی سیاسەتی لۆکاڵی هەبێت. کە هەڵبەت ئەمەشیان پێ ڕەوا نابینن و زیاتر لە ٦ دەیە هیچ دەسکەوتێکیان لەم بوارەدا نەبووە.

ئەمانە هەموو بەرهەم ئاناکرۆنیزم یان ناوەختەبوونی حیزبە لە کوردستان کە بێوچان خەسار و شکست بەرهەم دەهێنێت. ئەو بەرهەم و خەسارە بۆ کوردستان و ناسیۆنالیزمەکەی بێ تێچوو نییە. تیچووی ئەمە کوردستان دەیدات چونکە بۆ مانەوەی خۆی دەبێت پەیوەندی سۆزداری(sentimental) لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە ڕێگای "خوێنی شەهیدان" و "مێژووی خەبات"-ی دوورودرێژ پیرۆز دەکەن و ئاگۆرای سیاسی کوردستان داگیر دەکەن، هەل و مەودا بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردستانی وێران دەکەن و هەروەها شەڕی گوتاری سەربەخۆیی و ڕەوتی سەربەخۆییخوازی دەکەن، کە مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن.

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی شەڕی ئەوان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردستانی چوونە پڕۆژەوە لەگەڵ داگیرکەرانە. بۆ نموونە: ژووری فکریی (شەهریار ئاهیی) کاتێک لەسەر دەستەڵات لەگەڵ حیزبەکان سەودا دەکات، مەرجی ئەوان وەرگرتنی گەرەنتی کردەوەیی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی ئێرانە، کە بە واتای شەڕ لەگەڵ سەربەخۆییخوازیی و سابۆتاژ(sabotage)ی ناسیۆنالیزمی کوردستانی و گوتاری

سەربەخۆییە. ئەمە دەیان ساڵە شەڕی گوتاری گەورە و تەنانەت جارجار شەڕی چەکداری خستووەتەوە.
ئاناکرۆنیزمی حیزبایەتی هەروەها پێش بە سەرهەڵدانی دەزگای نەتەوەیی وەک دەوڵەتی کاتی و ئارتەشی ڕزگاریی دەگرێت، چونکە ئەوان وەک دەوڵەت-حیزب کە هەم هێزی چەکداری خۆیان هەیە و هەم دەزگاگەلی سیاسی و حقوقی و کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە.
لە دونیای ئەمڕۆدا دامەزراوەی نەتەوەیی وەک دەوڵەتی کاتی، پەرلەمانی تاراوگەیی، ئارتەشی ڕزگاری ئامرازی نەتەوەسازی و بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆن، کە حیزبەکان هەموو هێزی خۆیان بەکار دەهێنن کە ئەمە سەر نەگرێت چونکە دەیانەوێت لە ئەگەری هەر ڕژێم چەینجێکدا ئەوان بە پشتبەستن بە هێزی میلیشیایی و جەماوەری سەنتیمێنتاڵی خۆیان، یان هەموو ناوچەکە یان زۆرێک بۆ خۆیان داگیر بکەن وەک باشووری نیشتمان و هاوکێشی هێز بە سوودی خۆیان بشکێننەوە.
لە دەیان ساڵی ڕابردوودا حیزبەکان هەروەها مەعریفەی نەتەوەییان بە بارمتە دەگرت و کورد ئەگەر بیویستایە ببێت بە نەتەوەیی، دەبووایە لەوان مەعریفە وەر بگرێت کە ئەوان بە گشتی مەعریفەیەکە ناونەتەوەییان پێ دەبەخشی کە لە ئاستی جەماوەریدا قەیرانی مەعریفی ساز دەکرد. ئێستا بە داهاتنی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن ئەو مۆنۆپۆل مەعریفەیە شکاوە و تاکی کورد ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەی سەربەخۆ و ئۆرژینال دەتوانێت مەعریفە بەدەست بهێنێت.
لێکەوتەکانی پەتای حیزبایەتی زۆرن کە گرینگترینیان پێشگرتن بە دامەزراوەسازی وەک دەوڵەت و ئارتەش و ژووری فکر و ناوەندی ستراتیژی و هتدن.
لەمپەڕی دیکەش زۆرن کە پێویستە دەرفەت زۆرتر بێت بۆ پەرژانە سەر هەموویان.
بە هیوای سەرکەوتنتان

پێكهێنـــانی دەوڵەت واته بە ناوەنـــدی كردنـــی دەســـتەڵات لە نـــاوچەیەكی جـــوگرافی دیاریكراودا

لەبەر ئەوەی دەوڵەت كەرەستەیەكی ئیدارییە بۆ سیاسەتكردن، دەستەڵات و هێز لە پشتییەوە دەوەستێت ئەوا ناچارین كاتێک كە بیر لە دەوڵەت دەكەینەوە بیر لە چەند خاڵێكی گرنگ بكەینەوە !بە تایبەت دەوڵەتی مۆدێرن، واتە ئەو دەوڵەتەی لە سەدەی حەڤدەیەمەوە لە ئەوروپادا درووست بوو. چەند شێوازێكی تر هەیە بۆ گەشەكردنی دەوڵەت، كە ئەوانەش خۆیان لە گۆڕان و گەشەی ئیمپراتۆرییەتەكاندا دەبیننەوە وەک گەشـــەی ئیمپراتـــۆرییەتی چینـــی و یابـــانی و ڕووســـی و تەنـــانەت هەنـــدێک لە ئیمپراتۆرییەتەكانی تری ڕۆژهەڵات، كە جارێكی تر ئەوانیش لە گەشەكردنی خۆیاندا لە سـەدەكانی هەژدە و نـۆزدە بە دواوە دەكەونەوە ژێـر كـاریگەری دەوڵەتـی مـۆدێرنی ڕۆژاوایی.

**ئەم دەوڵەتە مۆدێرنە پشت بە دوو پرۆسە دەبەستێت:**

پرۆســـەیەكیان بوونیادنـــانی نەتەوەیە، پرۆســـەكەی تریـــان بوونیادنـــانی كـــارگێڕی نیشتمانێكە (دەوڵەت). نیشتمان بەواتای پێگەیەكی جوگرافی دیاریكراو (جوگرافیا وەک شـــوێن و وەک دانیشـــتووان). جـــاریش هەیە هەردوو هۆكـــارەكە ئـــاوێتە دەبـــن. ئەم چەمكانە توێژینەوەی زۆریان دەوێت بەڵام بە كورتی لێرەدا باسیان دەكەین، زۆر بە كورتی:

**١-بوونیادنـانی نەتەوە:** بریتییە لە پرۆسـەی پێكهێنـانی ناسـنامەیەكی نەتەوەیـی هـاوبەش، ئەوەش بە بەكارهێنانی: زمان، كولتوور، مێژوو، دونیابینی دەكرێت لەژێر ڕەحمەتـی هەژموونی سیاسیدا، كە بەزۆری لە چوارچێوەی بیرێكی شێوە دەوڵەتیدا لە هەناوی بیـرە سیاسـییەكەدا دەخـولێتەوە. ئامـانجی سـەرەكی بوونیادنـانی نەتەوە یەكگرتنەوەی خەڵكە لە چوارچێوەیەكی سیاسی پێناسەكراودا كە زۆرجار دەوڵەتە یان وەک دەوڵەت وایە، كە دەڵێـــین وەک دەوڵەت وایە، مەبەســـتمانە بڵێـــین پەراوەی هەژمـــوون و دەســـتەڵاتەكانی دەوڵەت دەكـــات ئەگەر چوارچێـــوەیەكی پێناســـەكراوی جـــوگرافی

دیاریکراویشـــی نەبێـت. وەک حــوکمڕانی تورکەکــان لە ئێرانــدا، وەک حــوکمڕانی و کاریگەری جوو لە ئەمریکادا، وەک حوکمڕانی تورکە مەغۆلەکان لە تورکیای نوێ و تەنـانەت لە سـەردەمی خەلافەتـی عوسـمانیدا، وەک حـوکمڕانی عەرەبـی ئیسـلامی لە سووریا و لە میسردا...تاد.

**٢-بوونیادنـانی دەوڵەت:** دوو ڕێـگە هەیە بـۆ تێگەیشـتن لە پرسـی بوونیادنـانی دەوڵەتـدا، چـونکە زۆربەی توێژینەوەکـان کە کـراون لەو دوو بـوارەدا کـراون. ئەوانـیش دیـدگای زانسـتی ئەنترۆپۆلـۆجییە، هەروەهـا دیـدگای زانسـتی کۆمەڵناسـییە کە جـارێکی تـر هەردوو دیـدگاکە لە زانسـتی سیاسـیدا بە جۆرێـک لە جۆرەکـان کـاریگەری خۆیـان نواندووەتەوە. سەرەتا با لە دەوڵەت بگەین بە دیدی یەکەمیان: ئەنترۆپۆلۆجیستەکان باوەڕیـان وایە: پێشـکەوتن و گەشـەی ئـابووری و سرووشـتی و مـاددی کۆمەڵگەکـان دەوڵەتیـان بەرهەمهێنـاوە و لە شـێوگەکانی حـوکمڕانی بانـد و خێـڵ و ئەمـارەتەوە تـا دەگاتە دەوڵەت پێکهاتەکانیان بە پێی پێویستی گەشەیان کردووە. هەریەکێکیش لەمـانە خەسـڵەت و سرووشـتی خۆیـان هەبـووە. پاشـان کە دێـتە سـەر دەوڵەت لە بیـری ئەنترۆپۆلۆجیستەکاندا دەوڵەتیش بە پێی قۆناغەکان جیاواز بوون، بۆ نموونە: دەوڵەتی کشتوکاڵی جیاوازە لە دەوڵەتی سەردەمی تەکنۆلۆجیای زانستی نوێ...تاد.

دەوڵەت بە ڕای ئەوان بنەمـــاکەی بـــۆ ئـــاڵۆزی کـــۆمەڵگە و شانبەشـــانی گەشـــەی دانیشـتووان و هۆیەکـانی کەڵەکەکردنـی بەرهەم دەگۆڕێـت. بەڵام دیـد و بۆچـوونی کۆمەڵناسـەکان جیـاوازە ئەوان زیـاتر گرنگـی بە زاراوەیەکـی دیـاریکراو لە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان و زانستە مرۆییەکاندا دەدەن، ئەویش ئاماژەیە بۆ پرۆسـەی سیاسـی و مێژوویی درووستکردن و چەسپاندنی دامەزراوەیی و سـەقامگیری و گەشەسـەندنی بەردەوامـی دەوڵەت. ئەوان باوەڕیـان وایە لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی دەوڵەتەوە هەتـا سەردەمی مۆدێرن، لە پرۆسەکانی بوونیادنانی دەوڵەتدا چەندین ڕێبـازی تیۆری هەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسـیارە ئاڵۆزەکانی کە پەیوەندییان بە ڕۆڵـی هۆکـارە بەشـداربووە جۆراوجۆرەکـانەوە هەیە. وەک؛ (جیۆپـۆلەتیکی، ئـابووری، کـۆمەڵایەتی، کولتـووری، نەتەوەیی، ئایینی، ناوخۆیی و دەرەکی...تاد) هەیە.

دواتر تیۆرییە سیاسییەکان بە سوودوەرگرتنی بەردەوام لەم دوو ئاراستەیە قسە و باس لە گەشەی دەوڵەتی مۆدێرن دەکەن هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستاش کە بە ڕێبازێکی تایبەتیی دەزانن بۆ بوونیادنانی ئاشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەم دیدە لە تیۆری سیاسیدا لەژێر پرسیاری قورس و گەورەدایە، چونکە خودی دەوڵەتی نیشتمانی و دەوڵەتی نەتەوەیی دوو چەمکن هەمیشە لەژێر پرسیاردا دەمێننەوە. ئەوەی بە چاو دەبینرێت و لە توێژینەوەکاندا دەچنرێتەوە ئەویە کە دوڵەتی مۆدێرن نەک ئاشتی درووست نەکردووە بەڵکوو زۆرجار هۆکاری نائارامی و ناسەقامگیری بووە. کە لە خۆیدا چاودێرانی بواری مێژوو و سیاسەت لە سەرانسەری بۆچوونی سیاسی و ئەکادیمیدا هاتوون بۆ ئەوەی ڕێبازی بوونیادنانی دەوڵەت وەک ستراتیژییەکی پەسەندکراو بۆ بوونیادنانی ئاشتی لە کۆمەڵێک ململانێی باڵای دوور لە جەنگدا ببینن. هەر ئەمەشە مشتومڕی گشتی لە ئەدەبیاتی ئەکادیمی سەبارەت بە بوونیادنانی دەوڵەتدا دەیسەلمێنێت کە ئاساییشی گشتی جیاکردنەوەی شوناسی دەوڵەت ناتوانرێت بەرهەم بهێنرێت، بەڵام کام ئاساییشە، ئەو ئاساییشەی دەتوانێت دادپەروەری نێودەوڵەتی درووستبکات، یان ئەو ئاساییشەی لەنێوان دەوڵەتە سەردەست و بندەستەکاند لە هاوکێشەی هێزدا درووستدەکرێت.

ئەگەرچی لام خۆش نییە بە تیۆرییەکی دیاریکراوەوە ببەسترێمەوە بەڵام هاریس مایلۆناس لە تیۆرییەکەیدا دەڵێت: دەوڵەت بۆ ئەوەی لە مەودای درێژخایەندا سەقامگیر و بەردەوام بێت، ڕەوایی دەستەڵاتەکەی بە حوکمی جەماوەرەوە پەیوەست دەبێت. ئەم دێرە لەم تیۆرییەدا پێمان دەڵێت: ئێمەی کوردستانی بۆ خاوەنی دەوڵەتی مۆدێرنی ئەم سەردەمە نین.

ئێمە لە کوردستاندا بە پێی هەردوو تێڕوانینەکە: چ ئەنترۆپۆلۆجی بێت یان سۆسیۆلۆجی، لە دۆخی دەڵەمەییدا ژیاوین لە دوای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکەمان. ئەم دۆخی دەڵەمەییە وای کردووە نە لەڕووی ئنترۆپۆلۆجییەوە گەشەیەکی سرووشتی بکەین، نە لەڕووی سۆسیۆلۆجییەوە. هەموو ژیانمان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا لەژێر داگیرکاریدا گەشەی کردووە. بۆیە گەشەکردنەکەی ئێمە وەک کۆمەڵگە گەشەکردنێکی ناسرووشتی بووە و هەمیشە ئەو مەرجە سەرەتاییەمان کۆنەکردووەتەوە لە خۆماندا کە پێویستە چ بۆ بوونیادنانی دەوڵەت چ بۆ بوونیادنانی

نەتەوە. هەر بۆیە بەپێی هەندێک پێوانەی سرووشتی نەتەوەین، بەڵام بە پێی هەندێک پێوانەی مۆدێرن هێشتا نەتەوە نین. بە پێی هەندێک هەوڵ و تەقەلای مێژوویی خۆمان پاراستووە، بەڵام لە ئاستی کەمترین دەستکەوتدا وەستاوین و دونیابینی فراوانمان بۆ دەوڵەتداری نەبووە.

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەمانەوێت دەوڵەتی نەتەوەیی دروووست بکەین، یان لە جوگرافییای نشینگەیی خۆماندا دەمانەوێت ببینە خاوەنی دەوڵەت یان بڕیاردەری دەوڵەتەکانی ناوچەکەی خۆمان بین. هەردوو ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە شایستەن و دژبەیەک نین، بەڵام ئێمە کەمترین هەستکردنمان بۆ ئەم پرسە هەیە و هەر بەهۆیەوە هەمیشە لەژێر هەڕەشەی لەناوچووندا ماوینەتەوە. ئەگەرچی ماتەوزەی (پۆتێنشیاڵی) ئەوەمان هەمیشە هەبووە کە داکۆکی لە خۆمان بکەین و بمێنینەوە، بەڵام لە بیرمان نەچێت لە پرۆسەی درێژخایەنی مێژوویدا پانتایی بوونمان کەمیکردووە، هەروەها گەشەی پێداویستییەکانی بە دەوڵەتبوونیشمان زیادی کردووە. ئەم دوو پرۆسەیەش دوو پرۆسەی دژبەیەکن، ئەنجامی ئەو هەموو چاڵە دروووست بوون کە لە مێژووی ژێر داگیرکاریدا (داگیرکاری دەرەکی و داگیرکاری ناوخۆییدا) بەسەرمان هاتووە. درککردن بەو چاڵانە بەشێکە لە چارەسەری درێژخایەنی کێشەکە.

با بگەڕێینەوە بۆ پرسی سەرەکی کە بوونیادنانی دەوڵەتە !بوونیادنەرانی نەتەوە/نیشتمان ئەو ئەندامانەی دەوڵەتێکن کە دەستپێشخەری دەکەن بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگەی نیشتمانی لە ڕێگەی بەرنامەکانی حوکمڕانییەکی دیاریکراوەوە، لەوانەش بۆ نموونە: سیستمی پەروەردە و تەندرووستی و پارێزگاری و ئاسایش و کار و خێزان و کۆمەڵگە و...تا دوایە! بوونیادنانی نیشتمان/ نەتەوە دەتوانێت بەکارهێنانی پڕوپاگەندە یان پەرەپێدانی ژێرخانی گەورە لەخۆبگرێت بۆ پەرەپێدانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری و ژیانکردن لە چوارچێوەیەکی دایریکراودا. لەم بارەیەوە چوار هۆکار کاریگەرییان هەیە لە مەودای درێژخایەندا: {١-گەشەسەندنی پێشوەختەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە، ٢-سەرهەڵدانی دامەزراوەی وەها کە توانای دابینکردنی کاڵای گشتییان هەبێت بۆ ئەو خەڵکەی لە پانتاییەکەدا دەژین، ٣-سەرهەڵدانی (زانین، زانیاری، هەواڵ...) (کەواتە تێگەیشتنێک) کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (نۆشن) بۆ دروووستکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەش، هەروەها ٤-هەبوونی ڕێگە و دەربازێک کە

بتوانن بەهۆیەوە پارێزگاری لە هاوبەشی خۆیان پێ بکەن لە سنوورێکی دایریکراودا.}
لە کوردستاندا هیچ کات ئەمە ئامادده نەبووە !ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە هێشتا لە دۆخی باند و خێڵ و هۆز نەهاتوونە دەرەوە. بۆ نموونە: بڕوانە سەر مەودای حوکمڕانی پارتی و یەکێتی !ئایا چەند خەڵکی گەرمیان و شارەزوور هەن لە زاخۆ و باتوفە و بامەڕنی و هەولێر کارمەند، خاوەن کارگە، دووکاندار...تاد بن و حیزبی بوون ڕاوی نەنابن؟ ئەی هاوسەرگیری لەنێوان دانیشتووانێکی ناوچەی پێنجوین و دوزخورماتوو یان ئەفرین و موسدا چەند ڕوویداوە؟...تاد. ئەمانە پرسیاری گرنگن لە تێگەیشتن لە دەوڵەتی مۆدێرندا. ئەی ئایا ئەو دامەزراوە ئابووری و نیشتمانیانە کامانەن کە سەرمایەدار و خاوەن کاری کوردستانی توانیویانە بەرهەمیان بهێنن بۆ ئەوەی ژیان و کاڵای خەڵک دابین بکات لە جوگرافیاکەدا. ئەمانە بەشێکی بەهۆی ستەمکاری داگیرکەرانەوە ڕوویداوە، بەشێکی بەهۆی نەبوونی شۆڕشەوە.
پرسیاری سێیەم کە لە هەمووی گرنگترە ئەویش تێگەیشتنی گشتییە، کە ئەمە لە جوگرافیای سیاسی کوردستاندا زۆر کەم و دەگمەنە و چاڵەکانی ڕێگەی سەرکەوتن زۆر بە باشی ئەوە ڕوون دەکەنەوە، هۆکارە ناوخۆییەکانی چین و هۆکارە دەرەکییەکان چۆن کاری خۆیان دەکەن. لەو لاوە خاڵی چوارەم و گرنگترین دێت کە پارێزگاری نیشتمانییە، هیچ هێزێکی نیشتمانیمان نییە جگە لە پەکەکە کە توانیبێتی لەسەر ئاستی گشتی نیشتمان دامەزرابێت تا ئێستەش هێزەکان بە ناوی کەسەکانەوە دەناسرێنەوە. لە سەرەتای شۆڕشی یەکێتی و کۆمەڵەدا (لە هەردوو دیوەکەی نیشتمان ڕۆژهەڵات و باشوور) هەوڵ هەبوو بۆ دامەزراندنی هێزی ناوچەکان بەڵام دواتر گەڕانەوە سەر دۆخی خێڵەکی بوون. زۆر هۆکاری تر هەن جێیان نابێتەوە لە نووسینێکی ئاوا کورتدا.
تیۆری زۆرن بۆ لێکدانەوەی دەوڵەت دەکرێت بە هەزاران لاپەڕەیان لەسەر بنووسین، بەداخەوە دەرفەت هەر ئەوەندە ڕێگە دەدات لە ئێستەدا لەسەری بنووسین، نموونەی ئەو تیۆرانە بڕوانە:
تیۆرییە کێبڕکێکارەکانی پێکهێنانی دەوڵەت
شارستانییەتی هایدرۆلیکی
تیۆری زۆرەملێ و حوکمڕانی شەڕ

تیۆری ئەقڵانییەتی بیرۆکراسی لە کارگێڕیدا

تیۆری ڕەوایی حوکمڕانی

زۆری تر هەن من ئێستە هەر ئەوانەم لە بیرن. هیوامە ئێوە سەرکەوتوو بن لە باسەکەتاندا. مەرج نییە من هەموو شتێک باس بکەم، بەشێکی بۆ خەڵکی تر جێ دەهێڵم.

## ئارام ڕەفعەت

### لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی چین؟

یەکێک لە گەورەترین لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوەیە ناسیۆنالیزمێکی نادەوڵەتییە. ئەم نادەوڵەتی بوونە دوولایەنەیە. نادەوڵەتی بوون بەواتای ئەوەیە هەم ناسیۆنالیزمی کوردی بەشێک نییە لە پرۆژەی دەوڵەت و هەم دەوڵەتیش بەشێکی ئەسڵی نییە لە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەدیویێکدا ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، لەوانەش ناسیۆنالیزمی چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان، واتە تورک و عەرەب و عەجەم بەشێکن لە پرۆژەی دەوڵەت و لە پشتیووانی دەوڵەتی بەهرەمەندن و کرۆکی پرۆژەی دەوڵەتسازی و نیشیمان سازی هەر چوار دەوڵەتەکە پێکدەهێنن و ستاتۆی ئایدیۆلۆژیای فەرمی ئەو دەوڵەتانە پێک دەهێنن. بە واتایەکی تر، ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوە داگیرکەرانە، هەم سیما و خەسڵەت و ناسنامە بە چوار دەوڵەتەکە دەدەن و هەم بەشێکن لە پرۆژەی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازی و داگیرکاری ئەو چوار دەوڵەتە. بە دیوەکەی تردا، هەر کامێک لە ناسیۆنالیزمی چوار نەتەوە داگیرکەرەکە، هێز و شەرعییەت و پشتیووانی لەو دەوڵەتانە وەردەگرن. لێرەدا دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دەبنە لازم و مەلزومی یەکتری و لە یەکتری جیاناکرێنەوە و پاسەوانی یەکتری دەکەن، هێز بە یەکتری دەبەخشن و شەرعییەت لە یەکتری وەردەگرن. بۆ نموونە: دەوڵەتی تورکەکان شەرعییەت لە ناسیۆنالیزمی تورکی وەردەگرێت و ناسیۆنالیزمی تورکیش شەرعییەت بەبوونی دەوڵەتی تورکەکان دەدات و هەمان شتیش بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب و عەجەمەکان ڕاستە. لێرەدا ناسیۆنالیزمی نەتەوە داگیرکەرەکان هاوتا و ئاوێنەی دەوڵەتەکانیانن. شەرعییەت و ستاتۆی فەرمی و هێز و توانای ناسیۆنالیزم هەرکام لەم نەتەوە داگیرکەرانە هاوتا ڕەنگدانەوەی شەرعییەت و ستاتۆ و هێزی دەوڵەتەکانیانن. ئەم حاڵەتە لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا غائیبە و ناسیۆنالیزمێکی دەوڵەتی نییە. ناسیۆنالیزمی کوردی نە پرۆژەی دەوڵەتێکە و نە پرۆژەشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک. لە غیابی دەوڵەتی کوردستانییەوە، هەم لە ئاستە شەرعییەتییەکەیەوە دەوڵەتی داگیرکەر و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی داگیرکەر بڕیار لەسەر بوونی مەیدانی و گەشەکردن و ستاتۆ و پێگە و شەرعییەت و هێزی ناسیۆنالیزمی کوردی دەدات و دیاری دەکات. بە

واتـایەکی تـر، ناسـیۆنالیزمی کـوردی لە بنەڕەتـدا مەحکـومی دەوڵەتـی داگیـرکەر و ناســیۆنالیزمی نەتەوە داگیرکەرەکــانە. ئەم مەحکــومییەتە ناســیۆنالیزمی کــوردی خەســاندووە و نەزۆک و ئیفلیجــی کــردووە. ناســیۆنالیزمی کــوردی لەبنەڕەتــدا ناسـیۆنالیزمێکی خەسـیوی و نەزۆکە، ناسـیۆنالیزمێکی بـێ ڕۆح و بـێ جەسـتەیە و ناسـیۆنالیزمێکی و بـێ فکـر و دەماغیشـە. بـزووتنەوەی خۆییبـوونی لێـدەبچێت، ئەم حوکمە بۆ سەرجەم هێز و گرووپ و جووڵانەوانە ڕاستە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا لەسـەر ناسـیۆنالیزمی کـوردی هەژمـارکراون و دەکـرێن. خەسـیوی و نەزۆکـیـەی ناسـیۆنالیزمی کـوردی تـا ئەو ڕادەیەیە کە تەنـانە لەسـەر ئاسـتی تیـۆریش تـا ئێسـتا نەیتوانیـووە ببێتە دەوڵەتـی بەدیل بـۆ دەوڵەتـی داگیرکـاری. خەسـیوی و نەزۆکـی بە ڕادەیەکە، نەیتوانیوە لانی کەم لەسـەر ئاستی ئەدەبیات و گوتاریش بێت نەیتوانیووە پێوەندی نێوان کوردستان و چوار داگیرکەرەکە وەک پەیوەندی خاکێکی داگیرکراو و داگیرکەر سیاغە بکات. بە پێچەوانەوە، تاکبەتاکی سەرجەم حیزب و جووڵانەوەکانی سـەد سـاڵی ڕابـردووی هەر چـوار پـارچەی کوردسـتان بە شـێوازێک لە شـێوازەکان شەرعییەتییان بە عێراقی بوون و تورکیـایی بـوون و ئێرانیبـوون و سـووریایی بـوونی کودستان داوە. بەهەمان ئاقاردا، ناسیۆنالیزمی کوردی لە هیچ پارچەیەکی کوردستان نەیتوانیـوە دەوڵەتـی کوردسـتانی وەک بەدیلـی دەوڵەتـی داگیـرکەر بکـاتە سـەرەتا و کۆتایی هەر خواستێکی ئەم جووڵانەوە بەناو ناسیۆنالیستییە کوردییە. بێ ڕۆحی و بێ جەستەیی ناسیۆنالیزمی کوردیش لە نەبوونی دەوڵەت لە هەنـاوی ئەم ناسـیۆنالیزمەدا بەرجەستە دەبێت. ئاخر دەوڵەت ڕۆحی ناسیۆنالیزمە. مەرج نییە ناسیۆنالیزم دەوڵەتـی هەبێت بۆ ئەوەی ڕۆحی هەبێت، چونکە زۆرێک لە جووڵانەوە ناسـیۆنالیزمەکان پێش بـوونی دەوڵەت هەبـوون و زۆرینەی دەوڵەتەکـان زادەی ئەو قۆنـاغەی ناسـیۆنالیزمن. بەڵام مەرجە دەوڵەت یــان بــوونی دەوڵەت ڕۆح و جەوهەری ناســیۆنالیزم بێــت. بە واتایەکی تر، لە غیابی دەوڵەتدا، خودی ئەو دەوڵەتەی کە نەدەبوایە غائیب بێت، دەبێت هەم پێناسە و ناسنامەی هەر حیزبێکی کوردستانی بێت و کوردستانی بوون و هەم ڕۆح و جەوهەری ئەو جووڵانەوەیەش بێت. سەرجەم حیزبەکانی دوای خۆییبوون لەم دۆخی بێ ناسنامەیی و بێ ڕۆحییەدا دەژین. بێ فکری و بێ دەمـاغی ناسـیۆنالیزمی کوردسـتانی تـا ئەو ئاسـتەیە کە تـا ئێسـتا نەیتوانیـووە نە تیـۆری و نە تیۆریزانێـک

بەرهەم بهێنێت. ڕەنگە ناسیۆنالیزمی کوردی تاک ناسیۆنالیزم بێت کە خاوەنی تیۆری و تیۆریزان (مونزیر)ی تایبەت بەخۆی نەبێت. ئەم دۆخە نابووتییە، حاڵەتێکی درووست کردووە کە دەکرێت بە حاڵەتە کوردییەکەی بناسێنین. ئەو حاڵەتە کوردییەی کە بەناو ناسیۆنالیزمێکی بەرهەم هێناوە کە پاشکۆ و بەرماوەی فکری ناسیۆنالیزمی نەتەوەی داگیرکەرە. دۆخێک کە وای کردووە کە ناسیۆنالیزم لە باشووری کوردستان ئاڵودەبێت بە ڕۆحی عێراقچێتی، و لە باکوور بە تورکچێتی و لە ڕۆژهەڵات بە ئێرانچێتی/فارسگەرایی و لە سووریاش بە سووریاچێتی. هەڵبەت ئەم ئاڵودەبوونە لە هەر حیزب و لە هەر پارچەیەکدا ئاست و فۆڕمی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، بەڵام دواجار هیچ گرووپ و هێز و ڕێکخراوەیەک نادۆزینەوە کە فکر و بەدەنەی بە جۆرێک لەجۆرەکان ئاڵوودە نەبووبێت بە قەبوولکردنی سنوور و یەکێتی خاکی دەوڵەتە داگیرکەرەکان. ئەم وێناکردنەی سەرەوە بێ ئومێدی و ڕەشبینی نییە، ئەوە کێشانی هێڵێکە لەنێوان دوو دوونیابینی، دوونیابینی دەوڵەتی و دونیابینی نادەوڵەتی/ژێردەستییەیی. هەنگاوی یەکەم لەم دابڕانەوە دەست پێ دەکات، لە دەستپێکردن لە سفرەوە، لە دەستپێکردن لە بوونیادنانی پایەکانی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی. ناسیۆنالیزمێک کە هەم ڕۆحی دەوڵەت و هەم دەوڵەت ڕۆحی بێت. ناسیۆنالیزمی نادەوڵەتی دەکرێت هەر شتێکی تر بێت بەڵام ناکرێت ناسیۆنالیست بێت. ئەوەش لەمپەڕە سەرەکییەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردین.

هەولێرنامەی کتێب

## مەیسەم موڕادی

**خوێندکاری زانستی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئالبۆرگ، وڵاتی دانمارک**

سەرەتا سڵاو و ڕێز بۆ ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە، سوپاس بۆ ئەم ناوەندە بۆ ئەرکدارکردنی خۆی بۆ توێژینەوە لەسەر بابەتە گرنگە نەتەوەییەکان و دیاریکردنی خاڵی لاواز و بەهێزی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردستانی.

سەبارەت بە لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردستانی، دەکرێت لە زۆر بوار و ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی کوردستان ئاماژە بە زۆر خاڵ بکرێت. لەم ئاڕاستەیەدا، لەسەر ویست و داخوازی ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە، من ئاماژە بە یەکێک لەو لەمپەڕانە دەکەم کە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ جۆرە هەڵسوکەوتی یەکێک لەو دەوڵەتانەی داگیرکەری کوردستان.

دیارە کە کاتێک باس لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردستانی دەکەین، باس لە جۆرە تێڕوانینێک دەکەین کە دەتوانێت بەشێوەیەکی گشتی واتە کۆلێکتیڤ، بەشێکی زۆری کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەسەر ئەساسی خواستی دەوڵەت/نەتەوەیی کوردستان پێکەوە گرێ دەدات. لەبەر ئەوەی کە بنچینەی ناسیۆنالیزم، لەسەر ئەساسی دەوڵەت/نەتەوەیە.

ئێستا کە باس لە ناسیۆنالیزمی کوردستانی دەکەین، مەبەست تێڕوانینێکە کە باوەڕی بە دەوڵەتێک بۆ نەتەوەی کورد هەیە. بەڵام لە ئاڕاستەیەدا هەمووکات چ لە ناوخۆ و چ لە دەروەی کوردستان لەمپەڕگەلێکی زۆر لە پێش ناسیۆنالیزمی کوردستانی درووستکراوە بە مەبەستی ئەوەی کە ڕێگیری لە بەرەوەپێشچوون و گەشەسەندی بیر و ئامانجی دەوڵەتی کوردستانی بکرێت. بابەتێک کە دەتوانم بەوردی لەسەری باس بکەم، کە لەناو دەوڵەتی ئێرانیدا بەشێوەیەکی ورد، کاری لەسەر کراوە بۆ پێشگرتن بە ناسیۆنالیزمی کوردستانی، پێشگرتن بە یەکترگرێدانی هزریی پارچەکانی کوردستانە بە یەکترەوە. بۆ نموونە: دەوڵەتی ئێرانی بۆ ئەوەی کە پێش بەوە بگرێت ناسیۆنالیزمی کوردستانی لە بەشێکی کوردستان، واتە باشووری ئاودێوەی ڕۆژهەڵات نەکرێت، (مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە لە باشووری کوردستان زۆرێک ڕێکخراوە هەیە کە دەتوانن بەشێوەی ئازاد کار لەسەر بابەتی نەتەوەیی بکەن) یان بە

پێچەوانەکەیەوە، بیەوێت پێش بە خۆپێناسەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ باشوور یان بەشەکانی دیکەی کوردستان بگرێت، بەشێوەیەکی زۆر نادیار و ئەسپایی، خەریکی لەمپەڕ درووستکردن و تەنانەت لێدانی لە ناسیۆنالیزمی کوردستانییە، کە لەم ئاڕاستەیەدا هەوڵی ئەوە دەدات کە کێشەی تاک، گرووپێکی تایبەت و بگرە حیزبگەلێکی باشووری و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بکات بە کێشەی نەتەوەیی کورد و لەم ئاڕاستەیەدا بیەوێت بۆشایی زۆر لەنێوان ئەم دوو بەشەی کوردستان درووست بکات. بۆ نموونە: ماوەیەک پێش، چەند کۆلبەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن "حەرەس حدود" پاسەوانی سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێرشیان کرایە سەر و بەداخەوە لە کۆتاییدا تاکێکی کوردی ڕۆژهەڵات گیانی لەدەست دا. بیرۆکەی دانانی "حەرەس حدود" لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بە حکوومەتی عێراق درا و لە کۆتاییدا ئەو کەسانەی کە بە ڕەگەزیش کوردن، وەک پاسەوانی سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاریی کران. هەرچەند کە دەوڵەتی ئێرانی بۆ خۆی ئەندازیاری دانانی ئەم پاسەوانانە بوو، بەڵام لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەوڵی سەرەکی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێت کە "ئەوە کوردێکی عێراقی بوو کە لە ئێوەی کوشت" واتە ناڕاستەوخۆ دەیویست بڵێت کە "ئێوەی کوردی ئێران، لەگەڵ ئەوانەی کە کوردی عێراق، یەکێک نیین و جیاوازن". ئەم کردەوەی ئێران ڕاستەوخۆ بە مەبەستی لێدان لەو گرێدانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەیە بە یەکترەوە. واتە لێدان لە هەستێک کە کورد لە ڕۆژهەڵات خۆی لەگەڵ کوردێک لە باشوور وەک یەک نەتەوە پێناسە دەکات. لێرەدایە کە لەمپەڕ بۆ خۆپێناسەکردنی کورد درووست دەکات و ئەم لەمپەڕە ڕاستەوخۆ لەسەر ڕێگەی ناسیۆنالیزمی کوردستانی دادەنرێت. هاوکات کە دەوڵەتی ئێرانی لەم ڕێگەیەوە هەوڵی ئەم دوورخستنەوەیەکی نەتەوەیی و درووستکردنی بۆشایی لەنێوان ئەم دوو پارچەی کوردستانە دەدات، بیرۆکەی "ئێرانی گەورەی کولتووری" لەنێوان ئەم دوو بەشەی کوردستان گەشە پێدەدات. بەشێکی زۆری ئەم تێڕوانینەی ئێران، دەکرێت لە بیرۆکەی "ئێرانشەهری" کەسێک بە ناوی "سەید جەواد تەباتەبایی" ببینرێتەوە. هەر لەم ئاڕاستەیەدا، بیرۆکەی ئێرانی گەورەی کولتووری تا ئاستێک بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی تەباتەبایی، نەک لەسەر ئەساسی بیرۆکەی

سیاسـی ئێسـتای ئێـران، بەڵکـوو لەسـەر ئەساسـی بیـرۆکەی ئێرانـی کولتـووریی، دەسـتەڵاتدارانی ئێسـتای ئێـران، هاوکـات لەگەڵ ئەو کەسـانەی کە خۆیـان بە ئێرانـی دەزانن و ئێستا وەک ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەستەڵاتە خۆیان پێناسە دەکەن، هاوتەریب پێکەوە هەوڵی ئەوە دەدەن کە سنووری کولتووری ئێران، زیاتر لە جوگرافیای ئێرانی ئێستا پێناسە بکەن. کۆڵەکەی سەرەکی ئەم پێناسەکردنەوەی ئێرانییەکان، دەگەڕێتەوە بـۆ گەشـەپێدان و پەرەپێـدانی زمـانی فارسـی لە دەرەوەی سـنوورەکانی ئێـران. واتە بەشـێکی زۆری ئێرانییەکـان پێیـان وایە "ئەو وڵاتـانەی کە لەژێـر دەسـتەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ئێراندا بوون، دەبێت دووبارە هەژموونی کولتووری ئێرانی بەسەریاندا زاڵ بێت ." ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەپێی ئەوەی کە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەژێر داگیرکاری ئێراندایە، ڕاستەوخۆ لە بوارەکانی سیاسی و کولتووری دەکرێتە ئامانجی دەستەڵاتی ئێرانی و هەوڵی لەناوبردنی ناسیۆنالیزمی کوردستانییەکەی دەدرێت. بەڵام باشـووری کوردسـتان بەشـێوەیەکی دیـکە، واتە لە ڕێـگەی سـەپاندنی هەژمـوونی کولتووری ئێرانییەوە دەکرێتە ئامانج. واتە ئێرانییەکان بە پۆزیزسیۆن و ئۆپۆزیسیۆنی ئێسـتای دەسـەڵاتەکەیانەوە، هـاوڕان لەسـەر ئەوەی کە گشـەی کولتـووری ئێرانـی لە دەروەی سنوورەکانی ئێستای ئێران بدرێت. ئەم گەشەی کولتووری ئێرانییە زیاتر کە ڕێگەی زمانی فارسییەوە دەدرێت. مەبەست لەم گەشـەی زمـانی فارسـییە لە دەرەوەی سنووری ئێران، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیرۆکەی سیاسی ئێرانی پەرەبسێنێت. واتە لە ڕێگەی گەشەی کولتووری ئێرانی لە ڕێگەی زمـانی فارسـییەوە، بیرۆکەیێک دروست دەکرێت کە دەیەوێت خۆی لەگەڵ ئێراندا پێناسە بکات. لە کۆی گشتیدا، ئەم بیرۆکەیە بۆ "مـانەوەی ئێـران" بەکار دێت. لە ڕاستیدا ئەم بیـرۆکەیە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان توانیوییەتی تا ئاستێکی کەم گەشە بکات و بێتە هۆی ئەوەی کە کەسانێک پێیان وابێت کە باشـووری کوردسـتانیش بەشـێک بـووە لە ئێـران و دەبێـت ڕۆژێـک بێـتەوە ژێـر دەسـتەڵاتی سیاسـی ئێـران. ئەمە ڕاسـتەوخۆ لە باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە مەبەسـتی لێـدان لە ناسـیۆناڵیزمی کوردسـتان بەرهەم هـاتووە. واتە ئێرانیزەیشـنی ڕاستەوخۆی ڕۆژهەڵات و ناڕاستەوخۆی باشووری کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەی کە ناسیۆنالیزمی کوردستانی نەتوانێت لەنێوان ئەم دوو بەشەی کوردستان گەشە بکات و تەنـانەت ئەم دوو بەشـەی کوردسـتان خۆیـان وەک نەتەوەی کـورد پێناسـە نەکەن،

بەڵکوو وەک نەتەوەیەک لە چوارچێوەی هەموو ئێراندا بن. زۆر جار کاتێک کەسە خوێندەوارەکانی ئێران باس لە باشووری کوردستان دەکەن، ڕاستەوخۆ شارگەلێک وەک سلێمانی، هەڵەبجە، کەلار و هتد وەک خاکێکی دابڕاو لە ئێران پێناسە دەکەن و دەڵێن کە " دەبێت پێوەندی کولتووری" لەنێوان ئەو شارانەوە و ئێراندا بەهێزتر بێت، کە ئەمە بە مەبەستی بتەوتر کردنی کۆڵەکەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی-فارسی-شیعەیە و هاوکات پووکانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردستانی.

ئەوەی کە ئێــــران لە ڕێـــــگەی پەرەپێـــــدانی کولتـــــووری ئێرانـــــی لە ڕێـــــگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و درووستکردنی فیلم، مۆسیقا و سەرنجراکێشکردنی زمانی فارسی، بۆ هێشتنەوەی بیرۆکەی "ئێرانی بوون" لە باشوور و هاوکات بۆ درێژەپێدانی داگیرکاری ڕاستەوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەیکات، بۆ سڕینەوەی ناسیۆنالیزمی کوردستانییە و دواجار سڕینەوەی بیرۆکەی کوردستانی بوون. واتە گەشەپێدانێکی ناڕاستەوخۆی ئێرانیزەیشن لەو دوو بەشەی کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

هەکوو(تاوەکوو) بخوازم بەخێرایی بپرژێمە سەر بەرسڤی پرسیارەکەتان و قەراخی لێ نەکێشمەوە، دەکرێت بویشم کە یەکێک لە پرسکرێکە هەرە سەرەکییەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردستان، لە پرسیارەکەی ئێوەدا بەدی دەکرێت: "لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی چین؟".
لە ئی(ئەو) پرسیارەدا، باس لە کوردە نەک کوردستان. واتا ناسیۆنالیزم و تێگەی کورد هەیاکوو نهاژی هەر خەڵک-تەوەرە نەک خاک-تەوەر، بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوە سەرکەوتووەکان کە بەناوی خاکەوە پێناسە دەکرێت و دەناسرێتەوە نەک خەڵک، وەک ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی، ناسیۆنالیزمی ئەمریکایی و ناسیۆنالیزمی ڕووسی و..هیتد.
ڕاستە ئامانجی هەر چەشنە هەوڵێک، ڕزگاریی خەڵک و بەختەوەرییانە و تەنانەت لە ئی(ئەو) ڕاستایەدا، گەلێک فەیلەسووف-تەنانەت هەندێک لایان پاسەنە (وایە) کە پێغەمبەرەکانیش-، هەوڵیان داگە مرۆڤ بگەیێنن بە شاری خەونەکان واتا یوتوپیا، لێ خەڵک لە بان چی دەژی؟ خەڵک پێناسە و شوناسی خۆی لە کوێندەر وەردەگرێ، ئەگەر خاک نەبێ؟ ئاخۆ مرۆڤێکی کورد لە کوردستان، هەر هەمان پێناسە دیری کە لە هەندەران هەسی؟ یانخۆ لە هەندەرانیش هەر بە خاکەکەی پێناسە دەکرێت و بۆ ئەوێندەر دەگەڕێندرێتەوە؟
بەرسڤ ئاشکرایە: بۆ خاکەکەی. ئەوە نییە زۆرینەی وڵاتەیلی جیهان، تەنانەت کاتێک پێناسە و شارۆمەندیی وڵاتی خۆیانت پێ دەدەن، مافی ئەمەت پێ نادەن کە هاونیشتمانی بوونی خۆت لەتەک خاکەکەت (ئەو وڵاتەی لێیەوە هاتگی) بسڕێتەوە.
لێرەدا دوو چەمکی ترەگ خۆیا دەبن: هاونیشتمانی بوون و شارۆمەندی. مرۆڤێکی کورد، لە کوردستان هاونیشتمانییە، لێ لە هەندەران دەبێتە شارۆمەند، کە پێناسەیان ڕوونە و باسی خاک و خوێن لە ئارادایە.
لە ئالییەکی(ڕوویەکی) ترەگ، ئەگەر تواشا بکەین، نە لە ئێران و نە لە عێراق، حاشا لە هەبوونی کورد ناکرییێت، لێ حاشا لە کوردستانی بوونەکەی دەکرییێت. ئەوە پێمان ئێژێ کە گرنگ کوردستانە و پێناسەکە دەشێ لە خاکەوە بێت کەچی لەناو ئێمە،

پێناسـه هەر لە خەڵکەوە دێت و فرەفـرە بـوێر و ژێـر بـووبین، پێناسـەکەمان داگە بە زوان واتـا نەتەوەیەک کە بە زوانێـک قسـە دەکـات کە ئەگەر چـاو لـێ بکەیـن، لەم سـاڵانەی دواییـدا، هەم لە ئـالیی هەنـدێک حیـزب و پـارتی کـوردییەوە، هەم لە ئـالیی داگیـرکەرانەوە و هەمـژی لە ئـالیی خۆبەدەسـتەوەدەرانی کـورد کە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە ئیسـلاح تەڵەبـی حکـوومەتی دەناسـرێن، هەوڵـی بەرچـاو دریـاگە کە دابەشکارییەکی ترەگمان تێدا بکەن کە بنەماکەی زوانە: هەورامی کورد نییەن، ئێزیدی کورد نییەن و...هتد.

لێرەوە دەردەکەوێ کە کێشـەی ئـێمە، کێشـەی تـێگە و شـعوور یـان باشـترە بویشـم، هـزرە. کورد ئەگەر پێناسەیەکیشی لە خۆی کردبێ، پێناسـەکەی—لە هەندێک قۆنـاخ و لای هەندێک کەسایەتی نەبێ–هەڵە و شاش بووگە. بنەمای خەباتی کورد هەڵە بووگە.

بەرژەوەنـدیی خەڵـک و خـاک، دەکرێـت فرەییێـک ڕا لەیەک جیـاواز و تەنـانەت لە دژی یەکترەگی بێت. پەی نموونە: لە باشووری کوردستان داوای مووچە لە عێراق دەکرێت، ئەمە لە بەرژەوەنـدیی خەڵـک دایە وەک خەڵکی کـورد یـان گەلـی کـورد یـان نەتەوەی کورد چ ناوێکی لێ دەنێن مەیلی خۆتانە، ئەز وسـای نـابینم کە کـورد هێشـتا بووبێ بە نەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە کۆی پێوەرەکانی هەس–لێ ئەوە لە دژی بەرژەوەندیی خاکە. خاکێک لە پێناو تێر کرانی زگی خەڵکێک، ژێردەستە دەکرێتەوە.

لە کـۆی ئەم باسـە بەم ئەنجـامە دەگەیـن کە: دەبێـت پێناسـەیەکی نـوێ لە خۆمـان بکەینەوە. کە پێناسـە نـاڕوون بـوو، ڕێگـا و ئامرازەکـانیش هەڵە دەبـن و گەلێک جـار دکارن لە دژی خۆشمان بن کە هەتا هەنوکە هەر وسا بووگە.

ئەگەر بتـوایم ئەوەی کە پێـی ئێـژن "ناسـیۆنالیزمی کـورد" و مـن پێـی ئویشـم "ناسـیۆنالیزمی کوردسـتان" قۆناخبەنـدی بکەیـن، بەڕای نووسـەر، چـوار قۆنـاخ لە خـۆ دەگرێـت کە ئەم قۆناخبەنـدییە، هاریکاریمـان دەکـات هەیـاکوو خاسـتر لە خـودی ناسیۆنالیزمەکە تێبگەین، ناسیۆنالیزمێک کە هەتا نهاژی بێ، لە شێعر و ئەدەبیات بەو لاوە، هیچ کات تیۆرمەند نەکریاگە.

**قۆنـاخی یەکەم**: قۆنـاخی شـوانکارەیی: لە ئـی(ئەو) قۆنـاغەدا، کـورد پەزدارە و خەریکـی کوێسـتان و گەرمیـان کـردن و چەرینـی پەز و بزنە. سـنوور پەی کـورد هـیچ واتـایەک

نەیری. کورد هەندێک ڕا سەر لە سەعوودیەش دەرتێڕێ هەیاکو پەزەکانی بلەوەڕێنێ.
لە ئی قۆناخەدا، هەندێک کەسی دەگمەن، هەستیان بە ناسیۆنالیزم و نەتەوە کردگە و هەوڵیان بۆ داگە، وەکوو سەیدا ئەحمەدی خانی کە ماچۆ:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک
روم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە ڕا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت

لە ئی(ئەو) قۆناخەدا، سەیدا ئەحمەدێ خانی کە بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردستان دەناسرێت، هەبووگە لێ زۆرینەی کورد شوانکارە بووگە و سنوور هیچ واتایەکی پەی ئەوان نەبووە.

**قۆناخی دووەم**: بەر جە شەڕی یەکەمی جیهانی هەیاکوو هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان: لە ئی قۆناغەدا، بە گۆڕانکاریەیلی جیهانی و ناوچەیی و تێکشکانی دوو ئیمپراتووریی عوسمانی و سەفەوی و سەرهەڵدانی دەوڵەتەیلی دەستکردی تورکی و فارسی و سووری و عێراقی عەرەبی، هەندێک زانا و بیرمەند و پێشڕەوی کورد کەوتنە خۆ، ئەوان دەیانزانی کورد بوون چییە و مافی کوردستان و خەڵکەکەی چەس، لەوما شۆڕشیان بۆ کرد کە شۆڕشی ئارارات و دێرسیم و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموود و شێخ عوبەیدوڵڵا و عەبدوسەلام بەرزانی و شۆڕشی سمکۆی مەزن، باوکی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردستان-و کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژ.ک و دواتر دامەزرانی کۆمار بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەمەد و حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەریانهەڵدا کە کۆی ئەمانە بێ هیچ گومانێک، درێژەدەری یەکترەگین و لە ناسینی مافەکانی کوردستان سەریان هەڵداوە و پەی دەستەوەر کردنی سەربەخۆیی کوردستان بووگن کە ئەمە باسێکی جیاوازە و هەویرێکە کە گەلێک ئاو دەبات. لێ لە ئی قۆناغەشدا، هەمدیسا خەڵکی ئاسایی کورد، نەگەیشتوون بەم ئاستە

له تێگەیشتن و شوناسخوازی و ئەگەر وەدوای سەرکردەکانیش دەکەون، هۆکاری ئایینی یان خێڵەکی دیری کە هەر ئەوەش وا دەکات کە شۆڕشەکان تێکدەچن، خەڵکەکە هەمدیسا ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێ دەکەنەوە هەتاکوو خولێکی ترەگ.

**قۆناخی سێیەم**: لە دوای هەرەسهێنانی کۆمار: لێرەوە دوو گۆڕانکاریی فرە گرنگ و ڕەش ڕوو دەدەن:

**یەک**: کوردستان بەسەر چەند وڵاتی ترەگدا دابەش دەبێت و ئینجا بەرژەوەندیی پارت و لایەنگەلی کوردیی ئەم پارچەگەلەش لە یەکتری دادەبڕێت و تەنانەت فرەییێک جار لە دژی یەکتری دەبێت کە ئانە(ئەوەش) هەیاکوو ئارۆش بەردەوامە. هەرچەند دوکتور قاسملوو واتەنی بە چەند ڕێکار دەکرا بەر بە ئی خەسارە بگیردرێت لێ نەیانخواستووە:
-دەکرا ئەوەندە لەتەک داگیرکەری پارچەی تر نەچنە بەرەوە کە نەتوانن پاشەکشەی لێ بکەن کە ئەمەیان لە باشوور بەڕوونی خۆیایە و دەستەمۆبوونێک بەر چەم دەکەوێ کە پێدەچێ تێکەڵ وە خوێنیان بووبێ و داماڵینی ئەستەم.
-دەکرا و دەکرێت مامەڵە و هاوکاریی و هاوپەیمانییەکە لەسەر خوێن و حیسابی پارچەکەی ترەوە نەکرییێت کە ئەمە هەمدیسا لە باشوور گەلێک خۆیایە و حیزبگەلی ڕۆژهەڵاتی لانی کەم لە ئی خاڵەیان، سەریان بەرزە.

**دوو**: لایەنگەلی کوردستانیی و لایەنگەلی کورد، ئەم دوویە لە یەک جیاوازن. لایەنگەلی کوردستانی باس لە خاک و خوێن دەکەن و لایەنگەلی کوردی تەنیا زمانیان کوردییە و لە ڕاستیدا کورد پەی بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنن و فرەتر مەیلیان پەی داگیرکەر هەس کە نها کۆی پارتە کوردییە سەرەکییەکان بەپانەوە ئەم تایبەتمەندییەیان هەس، دەگەن بەو ئەنجامە کە کورد لە کوردستانی سەربەخۆخوازییەوە شکستی خواردگە و ئیتر دەوڵەتەیلی ناوەندیش بەهێزن و چەک و چۆڵی کورد و ئەمان بەرانبەر نییە و کەواتە خاسترە لەتەک دەوڵەتی ناوەندی بسازێن و خۆیان بە شارۆمەند هیچ، بە هاونیشتمانیی سەرەکیی ئەم وڵاتە پێناسە

دەکەن و هەمـوو هەوڵیـان ئەوە دەبێت و هەیە کە لە پێتەختـی داگیرکەر ببنە خـاوەن پۆست و پلە. ئەگەر لە باشوور نموونە: بهێنینەوە، چونکوو نیمچە حکوومەتێکی هەس، نموونە: زۆرن لێ پاسەوانی سنوور، نموونەی بەرچاون. ڕۆڵەی کوردستان، بە زمـانی کوردی و لەبان خاکی کوردسـتان، بە ئـاڵای عێراقەوە، سـنووری دەسکرد بۆ عێراقی دەستکرد دەپارێزێت و مووچەی پێ وەردەگرێ، ئەم لاوە کوردە، دەکرێت هەمـان ئەو لاوە کوردە بێ یان لە بنەماڵەی ئەم شەهید و پێشمەرگە کۆنـانە بێ کە سـەردەمێک لە دژی ئەم حکـوومەتە ناوەنـدییە بـووگن کەچـی نهـا ئـامرازی دەسـتی ئەون و بە خەباتیشـی دەناسـن و گەلـێکش لە بەعسـییەکەی جـاران خەسـتوخۆڵتر بەرگـری لە سنووری دەسکرد دەکەن.
ئەم ڕەوتە تا هات زێدەتر و زێدەتر تەشـەنای کرد، هەیاکوو دەگاتە یاگەیەک کە مـام جەلال تاڵەبانی، لە تورکییە ئێژێ: "**کوردستانی گەورە خەونی شاعیرانە**"، ئەم ڕسـتەیە گەلێـک پێناسـە و لێـدوان هەڵـدەگرێ، هەم لە دۆخەکەیـدا کە گوتـوویەتی و هەم لە لێکەوتەکانی. لێ لەیرا دەبێتە درێژەدادڕی و خۆی لێ دەبوێرین.
لە کۆتاییشـدا، هەر دیینـەوە سـەر ئەم شـێعرەی سـەیدا ئەحـمەدێ خـانی-بـاوکی ناسیۆنالیزمی کوردستان کە ماچۆ:
درێـژەی ئەم ڕەوتە، دەرفەتێکـی پەی دوژمنـی داگیـرکەر ڕەخسـاند. جۆرێـک لە کوردایەتیی نوێ هاتە ئاراوە. کوردایەتییەک کە بە شـێوەی وتن باسـی کورد بوو لـێ ئامـانجەکەی دەستەمۆکردنی کورد و بەرهەمهێنـانی کوردی ئێرانـی، کوردی عێراقی، کـوردی سـووری و کـوردی تـورکی بـوو. ئەم ڕەوتە بە چەنـد شـێوە چـووە بەرەوە و هەیا نهاژی کاری خۆی دەکات:

**یەک**: ئیسـلاح تەڵەبەکـانی نـاخۆ لە ڕۆژهەلات و تـورکییە و سـووریە و جاشـە مۆدێرنەکـانی ئێسـتای باشـووری کوردسـتان کە لێدوانەکانی ئەم دواییانەیـان گەیشـتە شوێنێک کە کوردایەتیان بە "زەلکاو" پێناسە کرد.

**دوو**: ئەم ئیسلاح تەڵەبانە هەر بە ناوخۆوە نەوێستان و هەندێکیان هەناردەی نـاو پـارتە کوردییەکان کران کە ئەمە لە هەر چوار پارچە بەرچاوە. ئەمان ئەدەبیاتی حیزبەکان و

پارتەکانیان گۆڕی. ئەم چەند چەمکە کە خەریک بوو ناسیۆنالیزمی کوردستانی لەسەر بەرهەم دەهێندرا سڕیانەوە. ئەدەبیاتی خۆڕاگری و بەرگرییان سووک و نزم کرد. هەوڵ دان پەی ژێردەستەبوونیان بە هەنجەتی ڕیالیزمی سیاسی-کە پێناسەی ئەمان چەواشەکارییەکی ئاشکەرا لە پێناسەکردنی ڕیالیزمی سیاسی-کوردیان لۆ ئانکارا و تاران و دیمەشق و بەغدا هەناردەوە. ئەم گۆڕانکاریەیلە هێندە بە خشکە کرا کە تەنانەت هەستی پێ نەکرا و هەر کوردە دەیکاوێتەوە. وەک: چارەسەریی پرسی کورد لە کوردستانە، کرا بە چارەسەریی پرسی کورد لە تاران، دیمەشق، بەغدا و ئانکارایە.

**سێ**: داگیرکەرانی کوردستان، بەوەش نەوەستان، ئینجا یان پارتی کوردییان بەرەو ئەم ئاڕاستە برد یان پارتیان بۆ کوردستان ساز کرد کە هەڵگری ئەم ئاڕاستەیەیە. وەکوو (پ ک ک) کە بە ئاشکەرا باس لە برایەتییا گەلان، پاراستنی سەروەریی وڵاتان، قێزەون بوونی ناسیۆنالیزم تەنیا بۆ کورد و سوێند خواردن پەی پاراستنی سنووری وڵاتانی داگیرکەر دەکات. ئەگەر هەندێک چەمک و پیرۆزی هەبوون کە دەکرا و دەکرێت ناسیۆنالیزمی کوردستانیان لەسەر پێناسە بکرێت و کرابایە، ئەوان سڕییانەوە و بە قێزەونیان ناساندن، وەک: ئاڵا و پێشمەرگە.

هەواڵنامەی کتێب

**قۆناغی چوارەم**: قۆناغی گەشەی هزری نەتەوەیی لە خەڵکدا: ئەم قۆناخە، ڕێک وەپێچەوانەی قۆناخی یەکەم و دوویەم، قۆناغێکە کە تێیدا خەڵک وشیاریی نەتەوەیی چووگەسە بان بەتایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان. لە باکووریش بەڕوونی ئەم سەرهەڵدانە دەبینرێت و ئاشکەرایە، کەچی پارتە کوردییەکان نەک کوردستانییەکان ڕێک بەپێچەوانە دەچنە پێش. ئەم قۆناخە، کەلێن و بۆشاییەکی لە ناوبەری کوردستان و پارتەکاندا ساز کردووە. ئەم بۆشاییە دەکرێت هەم سەرەتای دارمان بێ و هەم سەرەتای سەرهەڵدانەوەیەکی ڕاساوانە. ناکرێت پێش بینینی بکەین و دەشێ چەمەڕای(چاوەڕوانی) زەمەن بین.
لێ ئەم قۆناخە بە قۆناخێکی هەرە گرنگ پێناسە دەکرێت. پەی نموونە: ئاماژە وە بەم درووشمە لە سەردەمی "ڕاپەڕینی ژینا" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین: "کوردستان، کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان". لێرەدا، کورد، سنووری ناوبەری خۆی و ئەوی

تری دەستتنیشان دەکات. ئێرە کوردستانە و تۆی داگیرکەر فاشیستی. هەر بۆیەش بوو کە نەتەوەی داگیـرکەر، بەلەز(بەپەلە) کەوتە خـۆی و درووشـمێکی لە یـاگەی(جێگەی) دانــا: "**کوردســتان، چــاو و چــرای ئێــران**". یـان لە بــاکووری کوردســتان، ڕەوتــی سـەرهەڵدانەوەی زوانـی کـوردی لە تـۆڕە جڤاکییەکـان بە ئاسـتێک بەرزە کە لە دەنگـی نوێنەرگەلی کوردستانیی ناو پەرلەمانی تورکیش زێدەتر دەنگدانەوەی هەس. هەڵبەت خاڵی بەرچاوی ئەم خاڵە، تۆڕە جڤاکییەکانن کە بەڕوونیی و ئاشکەرا، کارتێکەریان هەس و ئاڕاستەی هـزری نەتەوەیی کورد دەکەن. لێ ئەوەی کە یاگەی تێڕامانە، ئەم بۆشاییەیە کە ئامژە وەپێی کریا.

هەڵـبەت، لەم نووسـریاوەدا هەوڵ درا بـاس لە نهـای کـورد و کوردسـتان بکرێـت و کۆسپگەلی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردستان بخرێنە ڕوو، لێ ئەگەر بگەڕێینەوە سـەر دیرۆک، ئەوا هەندێک هۆکار و بەرکراریترەگ هەن کە دەکرێت بویشین:

- جوگرافیا و هەڵکەوتەی کوردستان.
- ژینگەی کوردسـتان و شـاخاوی لێـک دابڕاویـی کوردسـتان کە وەهـای کـردگە کـورد لە یەکتـری دابـبڕێـت و هەر دەڤەرێـک پەی خـۆی سـەروەخۆ بێـت و لە ئەنجامدا ناسینی یەکتری ئەستەم یان ناپێویست ببێت.
- داگیرکەرانــی کوردســتان کە ئەمە لە ســەردەمی شــەڕی یەکەمــی جیهــانییەوە ئاشـکەرا و ڕوونە و ئەگەر بپەرژێیـنە سـەر نامەکـانی شـێخ سـەعید و شـێخ عوبەیدوڵڵا و سمکۆ و پەیوەندیی کۆماری کوردستان و سۆڤیەت، باشترمان بۆ دەردەکەڤێ.
- نەخوێندەواریی و شوانکارەبوونی کورد
- خوێندنی کورد لە سیستەمی پەروەردەی داگیرکەردا و بەرهەمهێنانی کورد بە سیســتەمی پەروەردەی داگیــرکەر. کە ئەمە هەتــا هەنــووکەژی، تەنــانەت لە خوێنــدەوارەیلی کــورد کە لە هەنــدەران دەژیــن، بەرچــاوە و خوێنــدنەوە و خوێندنیان هەر بە زوانی داگیرکەرە. ئەم ڕەوتە کاتێک زێدەتر یاگەی تـرس و دڵەڕاوکێــیە کە وەرگێــڕان لە زمــانی تــورکی و فارســییەوە، لە باشــووری کوردســتان، بە شــێوەیەکی لافــاوی ســەرهەڵدەدات و ئێرانــی فەرهەنگــی و تـورکییەی فەرهەنگی بە لێشـاو هەنـاردەی هـزری کـورد دەکرێت. دەزگاکـانی

ڕاگەیاندن و بازرگان-تەوەر بوونیان و هاوردەکردنی فیلمی ئێرانی و تورکیش، لەوێندەر بووەستێ.

-

لە کۆتاییدا هەر دێینەوە سەر ئەم شێعرەی سەیدا ئەحمەدێ خانی-باوکی ناسیۆنالیزمی کوردستان کە ماچۆ:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک
روم و عەرەب و عەجەم تەمام
هەمیا ژ مە ڕا دکر غولامی

هەواڵنامەی کتێب

## هەڵوێست فەهمی

باسکردن لە ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕێگر و گرفتەکانی بەردەمی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە حەقی خۆی پێنەدراوە لەناو ناوەندە ئەکادیمییەکان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەدا لە کاتێکدا تەنیا بە لێکۆڵینەوە لەم پرسە دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە بۆچی دۆزی کورد بەم حاڵەی ئێستا گەیشتووە کە وەک گرێ کوێرەیەک دەبینرێت هەندێک جار تێرمی (Kurdish Dilemma) بۆ بەکاردەهێنرێت، بۆ تێگەیشتن لەم پرسە پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی بکرێت لە کوردستاندا چونکە دەوڵەتەکانی ئەمڕۆ سەرجەمیان دەوڵەت نەتەوەن و لەسەر بنەمای نەتەوەیی دروستکراون، شکستی کورد لە گەیشتن بە دەوڵەت شکستی ناسیۆنالیزمی کوردییە چونکە ئەو بەرپرسیارە لە گەیاندنی کورد بەم ئامانجە و پێویستە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە ڕەچاوی فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بکەین، بپرسین بۆچی ناسیۆنالیزمی کوردی لە چوارچێوەی هەست و سۆزی تاکی کورد دەرنەچووە و نەبووەتە جووڵانەوەیەکی ڕێکخراو و کاری لەسەر نەتەوەسازی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەکردووە، گومان لە وەدا نییە تاکی کورد هەموو کاتێک هەستی کردووە بە جیاوازبوونی لە نەتەوەکانی دەوروبەری و هەر ئەم جیاوازیەش خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکە بۆ سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی بەڵام هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دەوڵەتی عوسمانی کە زۆرینەی خاکی کوردستان بەشێک بووە لەم دەوڵەتە هەڵگری شوناسی پان ئیسلامیزم بووە کە توانیویەتی سەرجەم جیاوازیە کولتوورییەکان لەناو شوناسی ئیسلامیدا بتوێنێتەوە و تاکی کوردیش بە پێی ئەوەی مسوڵمان بووە کێشەی نەبووە لەگەڵ لەم شوناسە، هەتا ئەو کاتەی کە تورکە نەتەوەییەکان لەژێر چەتری ڕێکخراوی (الإتحاد و الترقي) و پاشتریش حیزبی (ترکیا الفتاة)دا دەستەڵاتیان گرتە دەست و کورد و نەتەوەکانی تریش تێگەیشتن کە ئەم شوناسە نوێیە تەعبیر لەوان ناکات و پێویستە کار لەسەر شوناسی نەتەوەیی و جیاوازی کولتووری خۆیان بکەن، بە پێچەوانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی میللەتانی ترەوە زەمینەی گونجاو بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەبووە و ناسیۆنالیزمی کوردی هێواش گەشەی کردووە، بۆ ئەم خاوی گەشەکردنەش چەندین هۆکار هەن کە دیارترینیان ئەم خاڵانەی خوارەوەن:

١-جوگرافیا کاریگەرییەکی دووجەمسەرەی گەورەی هەبووە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی کە من لێرەدا باس لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکەی جوگرافیای کوردستان دەکەم لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی کە لە دوو خاڵدا کورتی دەکەمەوە:

**یەکەم**: شوێنکەوتەی جوگرافی کوردستان کە ڕێگربووە هەستی نەتەوەیی لەناو تاکەکانی کوردا گەشەبکات چونکە کوردستان کەوتووەتە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە خاڵی بەیەکگەیشتن و یەکلاکردنەوەی نێوان هەردوو شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایی بووە کە ئەمەش وای کردووە هەموو کات جێی سەرەنجی وڵاتان بێت و هەوڵبدرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەردوو هێزی نەرم و ڕەقەوە کوردستان داگیربکرێت و بە بەرنامە کاربکرێت لەسەر لاوازکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەمەشدا ناهۆشیاریی گەلی کورد و بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری و سیخوڕ و گەمژەیی بەسوود کارەکەیان بۆ نەیارانی گەلی کورد ئاسان کردووە.

**دووەم**: تۆپۆگرافیای خاکی کوردستان گرفتێکی تر بووە لە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردیدا، کوردستان ناوچەیەکی شاخاوییە و زنجیرە شاخە بەرز و سەختەکانی بەربەست بووە لە بەیەکگەبشتنی دانیشتووانی ناوچە جیاوازەکان و جۆرێک لە دابڕان لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەدی دەکرێت کە بووەتە هۆی دروست بوونی چەند کۆمەڵگەیەکی بچووکی داخراو لە شێوەی هۆز و عەشیرەت، ئەمەش وای کردووە ئینتیمای بەرتەسکی هۆز و عەشرەت جێگەی ئینتیمای نەتەوەیی فراوان بگرێتەوە.

٢-کولتوور ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت لە دروست بوونی ناسیۆنالیزمدا، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ناسیۆنالیزم هیچی تر نییە جگە لە زەق کردنەوەی کولتوور و ڕۆحی ناسیۆنالیزم کولتوورە، من لێرەدا جەخت لەسەر کولتووری پیشەیی دەکەم کە بریتییە لەو کولتوورەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە پەیڕەوی دەکەن بۆ دەستکەوتنی کار بۆ بژێوی ژیانیان)واتە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە ماددیەکەیەتی)، کۆمەڵگەی کوردی کە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووە و زۆربەی تاکەکانی جوتیار یان ئاژەڵدار بوون و لە

گوندەکاندا ژیاون، ئەمەش وای کردووە کە چەندین کۆمەڵگەی ناوچەیی داخراوی بچووک درووست ببێت کە خاوەنی کولتوور و شێوەزاری تایبەت بە خۆیان بن کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی ناسیۆنالیزم، بۆ نموونە: لای ئەرنست گێلنەر نووسەری پەرتووکی (نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم) نەتەوە درووست نابێت تا کولتوورێک زاڵ نەبێت بەسەر کولتوورەکانی تردا و لای کوردیش هەتا ئێستا چەندین دابەشکاری کولتووری دەبینین وەک کولتووری خێڵ و عەشرەت و شێخایەتی و چینایەتی... هتد کە گرفتی گەورەن لە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردیدا هەروەها ئەم کولتوورە پیشەییەی کورد وای کردووە هێزی کورد پەرت و بڵاوبێت و کاریگەریی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی.

٣-یەکێکی تر لە هۆکارەکانی گەشەنەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی درەنگ کەوتن یان ڕوونەدانی شۆڕشی پیشەسازیە لە کوردستان و درووست نەبوونی شارە پیشەسازیە گەورەکانە کەتیایدا شوناسە کولتووریە بچوکەکانی خێڵ و عەشرەت کاڵ دەبنەوە و نامێنن و شوناسێکی گەورەتر درووست دەبێت کە شوناسی نەتەوەیە بۆ نموونە: کاتێک کارگەیەک درووست دەبێت و چەندین کرێکار لە خێل و ناوچەی جیاوازەوە دێن بۆ کارکردن لەم کارگەیەدا بەهۆی بەرییەک کەوتن و بەرژەوەندی هاوبەشی نێوانیانەوە کە بەردەوامی کارگەکەیە وەک سەرچاوەی بژێوی ژیانیان کرێکارەکان واز لە جیاوازیە کولتووریە ناوچەییەکانیان دەهێنن و بەم نەمانی جیاوازی کولتووریە شوناسێکی نوێ لەدایک دەبێت کە شوناسی نەتەوەییە.

٤-لاوازی ئاستی هۆشیاریی، یەکێکی ترە لە گرفتەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی بەهۆی ئەم لاوازیەوە هەر بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیایەکی نوێ هاتبێتە ناو کوردەوە کەوتووەتە بەرەی دژ بە ناسیۆنالیزمی کوردییەوە کە ناکرێت ئەمە کاری سوودفە بێت، بۆ نموونە: دین زۆر کات وا لێک دراوەتەوە کە دژ بە هەستی نەتەوایەتییە وەک لە نموونەی مەلای خەتێدا دیارە کاتێک زانایەکی کورد فەتوا دەدات دژ بە دەستەڵاتێکی کوردی و دەبێتە هۆی ڕووخانی، ئەگەرچی بەسەرهاتی مەلای خەتێ ڕاجیایی مێژوونووسانی لەسەرە و تا ئێستاش یەکلانەبووەتەوە کە ئەم بەسەرهاتە

ڕاستە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە تەنیا ئیسلامییەکانی نەگرتووەتەوە بەڵکوو پەلی کێشاوە بۆ علمانییەکانیش وەک لە سەرەتای سەدەی بیستدا شیوعییەکانی باشووری کوردستان باوەڕیان وابوو کە کورد نەتەوە نییە چونکە مەرجەکانی ستالینی بۆ نەتەوە تیادا نییە، یاخود لە ئێستادا بەشێک لە کورد لەژێر ناوی برایەتی گەلان دژایەتی ناسیۆنالیزم دەکەن یان بەشێکی تر بەهۆی شکستی سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕوو لە بەغدا دەکەن بۆ دەستکەوتنی مووچەکانیان کە بێئاگا لەوەی بەغدا بە بەلاش بودجە نانێرێت و لە ڕێگەی پارەوە سیادەی عێراقی دەگەڕێنێتەوە بۆ باشووری کوردستان کە ئەمەش لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدانییە.

لە کۆتاییدا سەرەڕای هەموو گرفتەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی بەڵام بەڕای بەندە پاشەڕۆژێکی گەشتر لە ڕابردوو چاوەڕێی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی دەکات، هۆشیاربوونەوەی تاکی کورد و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و هۆکارەکانی پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو دابڕانەی نێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ناهێڵێت و جیاوازیە کولتوورییەکان کاڵ دەکاتەوە و شوناسی نەتەوەیی دەبێتە شوناسی زاڵ لە کوردستانی گەورەدا و پشت بە خوا ئەم سەدەیە سەدەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێت.

**هەڵۆ بەرزنجی**

گەورەترین شکست و زەبرخواردنێک کورد لە مێژوودا تێیدا دۆڕا، لەناوچوونی دەستەڵاتی میدییەکانە ...ئەم گلان و تێکشکانە ڕۆژگارێکی یەکجار زۆری خایاند و بواری هەڵسانەوە و ڕابوونی کوردی تەواو سەخت کرد. دەرفەتی هەڵمژینی ئازادی لێ گیرا و نەیتوانی لەناو مێژوو و فەرهەنگ خۆیدا گەشەی سرووشتی بکات. بەسەرهاتی تۆمار بکات و وەکوو نەبووە خاوەنی دامودەزگا و ماڵ و حاڵیشی بووە پێخۆستی بەرپێی داگیرکەران. بەم پێیە پرۆسەی کزبوون و لاوازبوونی مێژوویی و فەرهەنگی سەری هەڵدا و گەورەترین مەترسی هێنایە پێش کوردبوون و ناسنامەکەی و تاکی کوردی خستە بەردەم ترس و هەڕەشەی بەخۆ نامۆبوون. ئامادەنەبوونی ئەم دوو بنەمایە لای کورد، فاکتی-مێژوو و فەرهەنگ-هەستی نەتەوایەتییەکەی هەندێک خاو و سست کرد، بە دەربڕینێکی تر بەهۆی دابڕان لە سەرچاوەکانی زانین و زانیاری دەربارەی ڕابوودووی خۆ لە مێژوو و فەرهەنگ و کەلەپوور و ئایین و شوێنەواری دزرا و شێوێنراو و بەشێکی ونکراو، کورد نەیتوانی ببێتە خاوەنی سەرچاوە و هاوبەشییەکی چەسپاو و یەکگرتوو. سیمبۆلە نەتەوەییەکانی، هەستی.. نەتەوەیی و ئاڵا و سروود و پاڵەوانی مێژوویی و سەروەرییەکان، نادیار کران و شێوێنران، ئەم هەموو سەرمایە ماکی و مینۆکییانە تەواویان تالان کران و بوونە بەشە میراتی ماڵی داگیرکەران و لە تاریکی و نادیاریدا مانەوە. کورد هێزی پێویستی نەما بیانکاتە پاڵنەر و ئامرازێکی بەهێز و کاریگەر و وزەبەخش بۆ مسۆگەرکردنی ئاییندەیەکی ڕووناکی خۆی و بیانخاتە خزمەتی شەقڵ بەستن و مۆرک بەخشین بە دۆز و ناسنامەکەی.. لە هەموو شت ترسناکتر ئەوە بوو کورد لەبری یەک دوژمن سەرەتا ڕووبەڕووی دوو دوژمن و دواتر چوار دوژمن و داگیرکەری درندەی دواکەوتووی نامرۆڤایەتی بووەوە.. ئەم بەشبەشبوونەی کوردبوون لە وزە و توانا و ئامانجەکانی کوردی کەم کردەوە و دەلاقەیەکی ترسناکی بۆ دوژمنانی سازدا، سوودی گەورەی لێ وەربگرن و هەرجارە بە جۆرێک بکەن بە گژ بەشێکی تر دا... یاخود دەلاقەی جیاوازییەکان فراوانتر بکەن.. دواتر شەپۆلێ لە شەڕ و گۆڕانکاریی، دەستەڵاتی گەورە و زەبەلاحی تری لە ناوچەکەدا قوت کردەوە و بەهاتنی ئیسلامیش وەک فاکتێکی ئایینی بێگانەی دەرەکی بەهێز و کاریگەر و یەکجار بەرفراوان،

کاریگەریتی لەسەر هەر جومگە و قولانجێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی کورد کرد و سەرلەبەری کوردستان و ناوچەکە گۆڕانێکی نوێی تێدا درووست بوو. عەرەب هەژموونی دەستەڵاتی خۆی و ئەو کوولتورەی هەیبوو بە سەرپۆشی ئایینی ئیسلام پێچایەوە و هات دەستوبرد بەسەر ئەو شوێنانەی داگیری کرد !پێرەوی کرد... و لە پانتایی درووشم و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئیسلامیشدا جێگە و مانای دۆزی نەتەوەیی کورد شتێک بوو لە شێوەی مەحاڵ..!

کورد لە پێناوی مانەوەدا لەنێوان بەرداشی ئەو دەستەڵاتانەدا ڕووبەڕووی شەڕێکی سەخت بوویەوە. ئەمەش بەشە بڕشتێکی گەورەتری لە تواناکەی بڕی، تا بتوانێت لە تێکشکانی یەکەمی ڕاست بێتەوە... ئەم داگیرکارییەی عەرەب لەژێر ئاڵای ئیسلامدا، بەشێکی گەورەی لە ژیانی کوردەواری گۆڕی و بردییە قۆناخێکی زۆر سەخترەوە... ئەم فاکتە مێژوویی و جوگرافی سیاسییانە کە کورد تێیدا گەوزاوی نێو خوێن و جەستە و ڕۆحی خۆیەتی، باندۆڕی نەرێنی بە سەر هەست و نەستییەوە درووست کرد!.. بووە کۆسپ و ڕێگرێکی گەورەی نوێی بەردەم فراژبوونی کۆمەڵایەتی بە هەڵوەشاندنەوەی خێڵ و هۆزەکان ئینتگراسیۆنی کورد بە ئاراستەی ناوەدا و دیاریکردنی سنوور و بەرژەوەندی بە ڕووی ئەوانی تری بێگانەدا.!

.. ئەم دۆخە زۆر درێژەی کێشا تا سەرەتای سەدەی ٢٠، کە بە دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دادەنرێت و کوردستان جارێکی تر بەر چەقۆی کەرتکردن کەوت و کرایە چوار پارچەوە و هەر بەشێکی بە زۆر گرێدرا بە چەند دەوڵەتێکی تازە دەستکردی قوتکراوەی دەستچێنی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی جیهانی.

هێزە نێودەوڵەتییەکانی براوەی جەنگ لەو سیستەمە جیهانییەی نەخشەیان بۆ کێشا، سیاسەتیان هەر ئەوە نەبوو ڕێگەیان لە بەدەوڵەتبوونی کورد گرت، بەڵکوو هەتا ئێستا سەرسەختانە پاسەوانی لە سنووری سیاسی و قەوارەی ئەو دەوڵەتەتانە دەکەن کە درووستکراوی دەست و مەرامەکانی خۆیانن.

لەم قۆناغ بەدواوە بیری کوردایەتی.. مێملێکی تری نوێی بۆ قوت کرایەوە ئەویش بیری مارکسی کۆمۆنیزمە.. ئەم بیرە زۆر بەخێرایی لەنێو کورددا تەشەنەی سەند و ڕۆشنبیران و گەنجان لە دەوری.. کۆبوونەوە... زۆرێک لە هەڵگرانی ئەم بیرە !ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە پێوەرێکی دووفاقی بیر دەکەنەوە و کار دەکەن. لەژێر ناوی

خەبــاتی نێــونەتەوەیی و دژە ئیمپریــالیزمی جیهــانی، داکۆکییــان لە چەســپاندن و تــۆخکردنەوەی ســنووری دەســتکردی دەوڵەتە داگیرکەرەکــانی کوردســتان دەکەن و ئامانجیــانە کرێکــاری کــورد و نەتەوە سەردەســتەکان یەک بــخەن بــۆ گەیشــتن بە سیستەمێکی سۆسیالیستی و خەونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا... لە پێناوی ئەم ئامانجە نەزۆک و ناکوردانەدا، بە هەموو شێوەیەک کەوتنە دژایەتی مافی نەتەوەیی و ئازادیی و ســەربەخۆیی کوردســتان.. ئیدی ناسیۆنالیزمی کوردی لە بەردەم دوانەی ئایین و مارکسیزمدا لەناو ماڵی خۆیدا لە ڕووی باوەڕ و فیکرەوە تووشی لێکدابڕان بوو. بە دوای ئەوەشدا هەمان دەرد تووشی داوا و ئامانجە نەتەوەیی و سیاسییەکانی بوو... ناســیۆنالیزم بەوە پێناســە کــراوە کە **"هێــزی پەیوەســتکردن و پــێکەوە گرێــدانە"** لە هەناوی جڤاتدا. گوتارێکە بۆ ئامانجی بەدەوڵەتبوون کار دەکات و کرۆکەکەی بریتییە لە کۆکردنەوە و یەکخستنی هەمووان.. کەچی ئەو هەلومەرجەی کوردی تێ خزێندرا، ئەو ئامانجانەی گردەبڕانە دوورەدەست کرد.

کورد بە درێژایی مێژووی ٢٦٠٠ ساڵەی بندەستی خۆی لە پێناوی ژیانێکی ئازاد و ســەربەخۆدا جــووڵانەوە و شۆڕشــی بەرپــا کــردووە و قوربــانی بێشــوماری داوە.. زنجیرەیەک ڕابوون و تێکشکانی بەسەریدا هاتووە، ئیدی دەرفەتی گونجاوی بۆ نەڕەخسا بە هۆش و گۆشی خۆیەوە هەڵسێتەوە و سەرلەنوێ بوونیادی خۆی بنێتەوە و لە زەمینەیەکی لەبار و تەندرووستی گەشەکردن و بەرەوپێشچووندا ئامادە بێت ...! بەم پێیە گیانی نەتەوەیی لەلایەکەوە توانای پێویستی نەما باڵادەستی بنوێنێت بەسەر گیانی خێڵ و ناوچە و حیزب و خۆپەرستیدا... چونکە هەموو دیاردە و ئیمتیازەکانی خێڵچێتی و ناوچەگەریی جگە لەوەی نیشانەی دواکەوتووییە و دژ و پێچەوانەی بە نەتەوەبوونن، هاوکات دەرفەتی سازداوە لەلایەن بێگانە بە ئاسانی بقۆزرێتەوە و بە شــێوازی جیاواز دەلاقەکەی لێک دوورکەوتنەوە و جیاوازییە هەرێمییەکانی کورد گەورەتر و زەقتر بکەن و دندە بدرێن و بە سوودی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن... تا کوردیــان گەیانــدە وێســتگەیەک بەو هەمــوو دابەشــکارییەوە هۆشــیاریی پێویســتی بە بوونی خۆی و مێژوو و ناسنامەی تەواو لاواز و گوماناوی بێت! مانەوە لەم دۆخەدا و نەبوونی ستراتیژی ئاساییشی نەتەوەیی، ئەو زیانەی لێ کەوتەوە کە ئێستا ئیفلیجی نێو ژیانی کردوین. تازە ناوەناوە لێرەولەوێ لە سەرەتای تێهێنانەوە و هەڵچنینەوەی

کۆشکی داڕووخاوی کوردبووندابن ...ئەم پاشخانە وەک پانۆڕامایەک لە بوون و ژیان و مێژووی کورد، بۆ ئەوەیە ببێتە کلیلی کردنەوەی دەرگای کۆشکی داڕماوی، بۆ ناسین و تێگەیشتنی درووستی ئەم دۆزە ئاڵۆز و پێچەڵپێچەیە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە.. هەروەها سەلماندنەوەی ئەو هەقیقەتەشە، کە کورد خاوەنی دۆزێکی بێهاوتای تایبەت بە خۆیەتی و دەبێت لە دەرەوەی هەموو تیۆریی و لێکدانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تری باو بخوێندرێتەوە ..لەبەر ئەوەی هەموو هۆکارە مێژوویی و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ئارکۆلۆژی و زمانەوانی و نەتەوەییەکان کاریگەریی نەرێنییان لەسەر کردووە و بووەتە ڕیزپەڕ لە یاسا و دەق و ڕاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و زمانەوانییەکان و بۆ خۆی و بە تایبەتمەندییەکانییەوە تاقانەی مێژووی مرۆڤایەتییە.. ئەم ناسیۆنالیزمە کوردییە/کوردایەتی بە ئیفلیجی لە بازنەیەکی دەرەوەی مێژوودا بە سێ ناسیۆنالیزمی دڕندە و دواکەوتوو و چوار دەوڵەتی داگیرکەری زەبەلاحی بەهێز و هێزە نێودەوڵەتییەکانی ئەندازیاری نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، گەمارۆ دراوە و سەرکوت دەکرێت. وەک ئاماژەمان پێ دا ئەرکی ناسیۆنالیزم لە جەوهەردا یەکوتاری و دامەزراندنی دەوڵەتە، کەچی تورک و فارس و عەرەب دەوڵەتیان بۆ درووستکرا و بە پێچەوانەی دنیاوە ئەوانیش ناسیۆنالیزمەکەی خۆیان بە ناشیرینترین شێوە تەرخانی تواندنەوەی کورد و گەلانی تر کردووە. ئەم هۆ و هۆکار و ڕاستییانە سەلماندوویانە کەوا یەک دڵ تەندرووستتر و چالاکتر کار دەکات لە دڵێکی چوارپارچە.

سەرباری هەموو سەختی و لەمپەڕەکان... بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی کردن یاخود ناسیۆنالیزمی کوردی بە باوەڕەوە ئەو واقیعە ناسرووشتییەی بەسەریدا سەپاوە و سنوورە دەستکردەکانی نێو نیشتمانەکەی و دەوڵەتە بیژۆ قووتکراوەکانی کلکی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و سەرمایەداری جیهانی ڕەت دەکاتەوە و ڕەوایەتییان ناداتێ و بە ناسرووشتی تێیان دەڕوانێ و بە هیچ خۆی نازانێت.. بەم پێیە ناسیۆنالیزمی کورد شکستی بە گەورەترین پرۆژەی مۆدێرنەی دەوڵەتە داگیرکەران هێناوە و یەک سەدەیە بە ئاگر و ئاسن و جۆرەها بەرنامەی تواندنەوە و قڕکردن نەیان توانیوە گەلی تورکیا و گەلی ئێران و گەلی عێراق و گەلی سووریا پێک بهێنن و کورد لە بووەتەی خۆیاندا بتوێننەوە! ڕاستە ناسیۆنالیزمی کوردی هێشتا نەیتوانیوە

تەواوی ئامانجەکانی دەستەبەر بکات، بەڵام سەربەرزانە و پەرجووئاسا بە پشت و هێزی نەتەوەی کورد و هاوخەباتی لەگەڵ گەلانی بندەستی بەلوچ و کاتالۆنی و باسک و ئیرلەندی و دەیانی تردا، و هێزە پێشکەوتوو و مرۆڤدۆستەکان هێشتا لە مەیداندایە و خۆڕاگرانە بەپێوە وەستاوە و ئاڵابەدەستە و خەبات دەکات و قوربانی دەبەخشێت و باوەڕی بە دەوڵەتبوون و گەیشتنە ئازادی و سەربەخۆیی نەلەقیوە.. وەک حەتمییەتێکی مێژوویی.. ئامانجەکانیشی درەنگ یان زوو هەر دەهێنێتە دی..!

**هیوا سەلام** (دکتۆرا لە زمان و کولتووری کوردیدا)

ناسیۆنالیزمی کوردیی لە کوێوە بۆ کوێ؟

ئەگەر سەیرێکی پێناسە باوەکانی ناسیۆنالیزم بکەین کە بریتییە لە ئایدۆلۆژییاکێک کە وابەستەی دەکات بە نەتەوە و دەوڵەتەکەیەوە، دووچاری پرسیارگەلێکی بێکۆتا دەبین. چونکە هەر لە بنەڕەتدا ئەم تێگەییشتنە، کە تێگەییشتنی سەردەستەکانە بۆ ناسیۆنالیزم، گرووپێکی ئیتنیکی وەکوو کورد دەخاتە دەرەوەی نەتەوەوە. ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی کە نەتەوە وەکوو قۆناغێکی باڵا سەیر دەکات و تایبەتیی دەکات بەو ئیتنیکانەی کە دەستەڵاتدارن و دەوڵەتیان پێک هێناوە و خەریکی تواندنەوەی ئەوانی دیکەن لەناو خۆیاندا. ئەمەش هەر لە فەڕەنسی و ئینگلیزەکانەوە هەتا تورک و فارس و چینییەکان لە خۆ دەگرێت و ئەوان جێی خۆیانی تێدا دەگرن و هەموو ئەم کوتاڵەش بە باڵای ئەوان دوراوە. ئەم جۆرە تێگەییشتنە لە ناسیۆنالیزم کە بە چڕی لە سەدەی هەژدەمەوە پەرەی سەندووە و لە سەدەی نۆزدەدا فۆڕمێکی پتەوی بۆ خۆی بینا کردووە، جێی دەیان و سەدان ئیتنیکی لەق کرد و لەناوی بردن. بە شێوەیەکی بێڕەحمانە ئەوانی دیکەی لە بووەتەی نەتەوە سەردەستەکاندا تواندەوە و تێیدا لاوازەکان بوون بە مێژوو. بەڵام چەند نموونەیەکی سەرنجڕاکێش لە سەدەی بیستدا دەرکەوتن کە لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی سەردەستدا بەرخۆدانیان هەڵبژارد و تەسلیمی بارودۆخەکە نەبوون. ئەوان بە کۆمەڵێک فاکتەری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بەرگرییان کرد و هەر یەکە و لە ئاستێکدا خۆیان بە فۆڕمێکی هاوشێوەی نەتەوە بەیان کرد. ئەم فۆڕمە نوێیانەی نەتەوە کە هەندێک لە سیماکانی نەتەوەیان تێدایە و بێبەشن لە هەندێکی دیکە، توانای مانەوە و خۆگونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخەکە هەبوو. هەرچەندە ئەم توانایە لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی دیکە جیاوازە. لێرەدا، سکۆتلەندییەکان، کوردەکان، کەتەلانییەکان، فەلەستینییەکان، ئیگوورەکان، کیوبەکییەکان، بەلووجەکان و چەندانی دیکە هەن. تایبەتمەندیی هەر یەکێک لەمانە جیاوازە و بارودۆخیشیان جیاوازە. بەڵام بوونی ناسیۆنالیزمی گرووپە لاوازەکان، کە تایبەتمەندیی تێگەییشتنی باو بۆ ناسیۆنالیزم لە خۆ ناگرن، توێژەرانیان ناچار کرد کە لە چوارچێوەی نەتەوەدا بەشێک بە ناوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان پەرە پێ بدەن و باسی بکەن.

لێرەدا کە سەرنجی ئێمە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردییە و بۆ زۆرێکمان ڕوونە کە پێکهاتەی نەتەوەی کورد پێکهاتەیەکی تەواو ئاڵۆزە، هەوڵ دەدەین هەندێک لە کێشەکانی بەردەم کوردەکان بخەینە بەر باس. بۆ ئەمەش دەبێت ئێمە سەرەتا بزانین کە ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوێوە دەست پێ دەکات؟ کورد چییە و مەبەستمان لە نەتەوەی کورد چییە؟ کێ کوردە و کێ کورد نییە؟ کوردستان کوێیە یان کوێ نییە؟ ئەم پرسیارانە کە لە ڕووخساردا سادە دەردەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا تەواو ئاڵۆزن و لەوانەیە وەڵامی یەکلاکەرەوەمان پێ نەبێت و لە خوارەوە هەوڵ دەدەین سەرەقەڵەمێک دەربارەیان بنووسین.

ناسیۆنالیزمی کوردی کە سەرەتاکانی لە ئەدەبیاتی کوردی دەرکەوتووە و دەتوانین لە شیعرەکانی ئەحمەدێ خانی بنەماکانی دۆزینەوە، ئەوەمان نیشان دەدات کە دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی و فرە کوێخایی ڕێگری سەرەکیی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردییە. هەر بۆیە ئەحمەدێ خانی ئەمە بە هۆکار دەزانێت کە کۆمەڵگەی کوردی بوونەتە ئەسیر و خزمەتکاری تورک و عەرەب و عەجەم و چارەسەرکردنیشی لە یەکگرتووییدا دەبینێتەوە. ئەحمەدێ خانی دەفەرمووێت:

ئەز مامە دە حێکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەوڵەتا دنێ دا
ئایا ب چ وەجهی مانە مەحرووم؟
بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم؟
گەر دێ هەبووایە مە پادشاهەک
لایق بدیایە خودێ، کولاحەک
تاعین ببوویا ژ بۆ وی تەختەک
زاهیر، ڤەدبوو ژ بۆ مە بەختەک
حاصل ببووا ژ بۆ وی تاجەک
هەلبەت دبوو ژ مە ژی، ڕەواجەک
غەمخواری دەکر ل مە هەتیمان
تینانە دەرێ ژ دەستی لەعیمان
غالب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ ڕووم

نەدەبوونە خرابەیێ دەستێ بووم
هەرچی بڕی شووریێ دەستی، هیممەت
زەبت کرد ژ خوەڕا ب مێرانی، دەوڵەت
گەر دێ هەبوویا مە ئیتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
ڕووم، عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە ڕا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تەحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت.

دوای ئەحمەدێ خانی، تەوژمی ناسیۆنالیزمی کوردی بەهۆی دەستەڵاتە کوردییەکانی لە نموونەی بۆتان، بابان، سۆران و ئەردەڵان پەرە دەستێنێت و هێواشـهێواش کورد هەوڵ دەدەن زمانی خۆیان بپارێزن. بەڵام لەوێدا کێشەیەکی گەورەتر دەردەکەوێت کە یەکنەبوونی زمانی کوردییە و درکنەکردنە بە گرنگیی زمان. هەر بۆیە هەر کەسە و لە لای خۆیەوە بەو شێوە کوردییە دەست پێ دەکات کە خۆی قسەی پێ دەکات، نەک بە شێوەیەکی یەکگرتوو. ئەمەش وەکوو بازنەیەک وایە کە بێگومان هۆکارەکەی نەبوونی هۆشـیاریی نەتەوەیی و ئاگاداربوون بووە لە یەکدی. بۆیە نە کورمانجەکان بەردەوامییان بە ئەدەبیاتی گۆرانی دا و نە کوردانی بابان و ئەردەڵان و سۆران بەردەوامییان بە کورمانجی دا. لای نالی، خۆشویستنی کوردستان و زمانی کوردی لە چەند هەڵبەستێکدا زۆر ڕوونە کە باسی ڕووخانی میرنشینی بابان دەکات یان باسی گرنگیی زمانی کوردی بۆ نەیارانی زمانی کوردی دەکات و فەرموویەتی:

تەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا
یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسەوار
بێتەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا
کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە

هەرکەسێ نادان نەبێت خۆی تالیبی مەعنا دەکا
بێتە حوجرەم، پارچەپارچەی موسوەدەم بکڕێ بە ڕۆح،
هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێبەدەڵ سەودا دەکا
شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کە ناسیۆنالیزم لەسەر ئاستی جیهان دەبێتە واقیعێک و نەتەوەکان هەموو لە هەوڵی درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دان، ئەم بارودۆخە بۆ ڕۆشنبیرانی کورد ڕوونە، بەڵام بە داخەوە وا پێ دەچێت کە کۆمەڵگەی کوردی لەو کاتەدا زۆر لەوە دواکەوتووتر بووبێت کە درک بەوە بکات. ئەم دواکەوتوویییەش کە پاڵپشت بووە بە دوبەرەکی، ڕۆژی کوردانی لە سەدەی بیستدا ڕەش کرد و پەرش و بڵاو بوون. حاجی قادری کۆیی ئەو ڕۆژگارە شوومە بە زمانی کوردی و بە خۆ بەکەم دیتنەوە گرێ دەدات و پێی وایە کە کورد و دەستەڵاتدارە کوردییەکان خۆیان بە کەم تەماشا کردووە و گرنگیان بە زمان و کولتوورەکەیان نەداوە. تووڕەیی حاجی بەرانبەر بە کوردان زیاتر پەرە دەستێنێت کاتێک دەبینێت کە زمانیان دەگۆڕن و تەسلیمی واقیعی تورکی، فارسی و عەرەبی دەبن، بۆیە بە زمانێکی ئەدەبیی باڵا و پڕ لە تووڕەییەوە دەنووسێت:

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی
موحەقەق داکی حیزە و بابی زانی
وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی
تەفەنون خۆشە، گەر چاکی بزانی
سەلاحەدین و نوورەدینی کوردی
عەزیزانی جەزیر و موش و وانی
موهەلهەل، ئەردەشێر و دەیسەمی شێر
قوباد و باز و میری ئەردەڵانی
ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت

لەبەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی
پەرتووک و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنووسرایە زمانی
مەلا و شێخ و میر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی

بۆ ئەوەی زۆر لەوە زیاتر درێژی نەکەینەوە، ئەدەبیاتی کوردی و نموونە: شیعرییەکان هەموو شتێکمان پێ دەڵێن کە بۆچی کورد نەیتوانی هەلەکان بقۆزێتەوە. لە نووسینی هەموو ئەو ڕۆشنبیرانە دەگەینەوە هەمان ئەو خاڵەی کە مام جەلال گوتبووی "ناسیۆنالیزمی کوردی خەیاڵی شاعیرانەیە". سەرباری ئەوەی کە ئەو وتنە زۆر تاڵە، بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری تێدا هەیە. تەنانەت لەم سەدەیەش کوردان زۆرینەیان لەوە تێناگەن کە داهاتوویان بەستراوەتەوە بە هەبوونی کیانێکی سیاسی. هیچ نەتەوەیەک لەسەر زەوی ناتوانێت بەردەوام بێت و بمێنێتەوە، ئەگەر کیانێکی خۆبەڕێوەبەری نەبێت. ئەوەش هەمان ئەو ڕاستییەیە کە داروین دەربارەی هەموو زیندەوەران دۆزییەوە و پێی وابوو بەهێزەکان دەمێننەوە و لاوازەکان لەناو دەچن.
ئێستا کە توانیمان وەڵامی پرسیاری یەکەم دەربارەی سەرەتای دەستپێکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی و خۆ جیاکردنەوە لە وانی دیکە و خواستی درووستکردنی کیانی کوردی لە ئەدەبیاتی کوردی بدۆزینەوە، پرسیاری دووەم سەر هەڵ دەدات، کە ئایا کورد چییە؟ کێ کوردە و کێ کورد نییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە وەڵامێکی تەقلیدی و نەریتی هەیە و وەڵامێکی مۆدێرن هەیە. وەڵامە نەریتییەکە ئەوەیە کە هەر کەسێک لە خوێنی کوردێک بێتە بەرهەم، کوردە. ئەمەش هەر هەمان ئەو جۆری ناسیۆنالیزمەیە کە لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە پەرەی سەند و بە جیهاندا بڵاو بووەوە. بەڵام لە ڕاستیدا و لە هەزارەی سێیەمدا ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ نەتەوە شکستی بەرچاوی هێنا. ئەمە جگە لەوەی کە دەوڵەتانی وەکوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئوسترالیا و ئەفریقای باشوور دەرکەوتن کە بریتین لە جۆرێکی نوێ لە دەوڵەتداری و گرێدراوی یەک ڕەچەڵەک نین. هەر بە سرووشتیش، تێڕوانینی کوردان جیاوازە لەو تێڕوانینە تەقلیدییەی ناسیۆنالیزم کە خۆی تێدا باڵا دەکات و هەوڵی

لەناوبردنی ئەوانی دیکە دەدات. بۆیە ناچارین ئەم قۆناغە جێ بهێڵین کە ئێمەی تێدا جێ نابێتەوە و لەگەڵ دنیابینی ئێمە نایەتەوە و تەنانەت کردەیەکی نامرۆڤانەشە و لە دنیای نوێدا قێزەونە. چونکە لە کۆتاییدا نەتەوەسازی بەم کورتبینییەوە شکست دەهێنێت، هەر وەکوو نەتەوەسازیی ئەڵمانەکانی پێش جەنگی دووەمی جیهانی شکستی هێنا.

جۆری دووەم کە بە پاتریۆتیزمیش ناوی دێت، بریتییە لە هەستی مرۆڤ بۆ گرووپ و وڵاتەکەی. من ئەم خاک و گرووپەم خۆش دەوێت لەبەر ئەوەی باوەڕم بەم خۆشویستنە هەیە نەک لەبەر ئەوەی کە لە دایک و باوکێکی ئەم گرووپەوە هاتوومەتە دنیا. ئەم تێڕوانینە زیاتر لەگەڵ بارودۆخی کورد دێتەوە، چونکە نەتەوەیەکی وەکوو کورد هەر لە بنەڕەتدا خاوەنی ئابوورییەکی هاوبەش، زمانێکی هاوبەش و کولتوورێکی هاوبەش و ئایینێکی هاوبەش نین. جوانترین خاڵی ناسیۆنالیزمی کوردی و پڕکێشەترین خاڵیش لە هەمان کاتدا ئەو فرە ڕەنگییەی کوردانە. زۆر لە کوردان شانازی بە کوردبوونەوە دەکەن، بەڵام نازانن کوردبوون چییە. لەوانەیە جەژنی نەورۆز تاکە بۆنە بێت کە کوردان تێیدا هاوبەشن، هەرچەندە خودی نەورۆز لەلایەن چەندان نەتەوەی دیکەشەوە یاد دەکرێتەوە. ئەگەر نا، نە ڕووداوە مێژووییەکان، نە ئابووری، نە شێوازی ژیان، نە کولتوور کوردێکی ئیلامی و کوردێکی وانی بەیەکەوە گرێ نادات. ئەدی کەواتە چی بەیەکەوەیان گرێ دەدات؟ هەستی کوردبوون بە یەکەوەیان گرێ دەدات کە هەستێکی ڕۆچووە بەناو چیاکانی زاگرۆسدا و ئاڵۆزە و پێویستی بە توێژینەوە. من پێم وایە هەر خودی شکستی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوەیە کە هەتا ئەمڕۆ نەیتوانیوە چوارچێوەیەک بۆ ئەم تێگەییشتنە ئاڵۆزەی کوردبوون بدۆزێتەوە و سیستەمبەندی بۆ بکات. چوارچێوەیەک کە هیچ کوردێک تێیدا هەست بە مەترسی نەکات و لە هەمان کاتیشدا خۆی تێدا ببینێتەوە. کوردان دەبێت ئەو گرێکوێرەیە بکەنەوە و نهێنیی ئەو هەستە بدۆزنەوە کە وا دەکات هەورامییەک و عەفرینییەک متمانە بە یەکتری بکەن لە کاتێکدا لە زمانی یەکتری تێناگەن و نە دین و نە وڵات و نە ئابوورییان وەکوو یەکە، بەڵام خۆیان لە یەکتر نزیکتر دەبینن وەکوو لە 'هاووڵاتییانی' غەیرەکوردی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین. بۆیە ئەگەر بە کورتی وەڵامی پرسیاری ئەوە بدەمەوە کە کورد کێیە، دەتوانم بە سادەیی بڵێم کە کورد ئەو

کەسـەیە کە خـۆی پێـی وایە کـوردە. ئەگەر کوردێـک کە بەڕەچەڵەک کـوردە و لە کوردبوونی هەڵگەڕاوەتەوە، ئەوە کاری دەزگا کوردییەکانە کە هۆکارەکانی پشت ئەو هەڵگەڕانەوانە بدۆزنەوە و بە شێوەیەکی زانستی و ورد کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی کێشـەکە بـدۆزنەوە. ئەگەر هەر وەڕسـبوونی کەسـییە و نـامۆبوونە لە گـرووپە ئیتنیکییەکەی، ئەمە ئازادییەکی تەواو کەسییە کە تاکە مەرجی لەوانەیە ئەوە بێت کە دژی کورد کار نەکات.
خاڵی کۆتایی باسەکەمان، کە بریتییە لە باسی ئەوەی کوردستان کوێیە یان کوێ نییە، دیسان پرسیارێکی ئێجگار ئاڵۆزە. گۆڕانی دیمۆگرافیی جیهان گۆڕانێکی بەردەوامە و هـیچ کەس ناتوانێت ڕێـی لـێ بگرێت، بە ئێمەشـەوە. ئەگەر سـەردەمانێک بەشـێک لە قەفقاس کوردنشـین بـووە و ڕێبەرێکـی مەزنـی وەکـوو سـەلاحەدینی ئەیـوبی خەڵکـی ئەوێیە، لە ئەمڕۆدا ئەو ناوچانە چی دیکە کوردنشین نین و خۆخەریککردن بە خولیای ناواقیعییەوە نامانگەیەنێتە هیچ کوێ. بۆیە دەتوانین بڵێین کە کوردستان هەر شـوێنێکە کە کـورد تێیـدا زۆریـنەن و بێگومـان ئەمەش پانتـاییەکی گەورە دەگـرێتەوە کە لە باکوورەوە لەسەر سنووری ئەرمینیاوە دەست پێ دەکات و باشـووری تەواو نـاڕوون و تەڵـخە. هۆکـاری ئەوەی کە باشـووری کوردسـتانی گەورە نـاڕوون و تەڵـخە، کە لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە خـاکی ئەمـڕۆی دەوڵەتـی ئێرانەوە، کارکردنی دەوڵەتـی فارسیی ئێرانە لەسەر لوڕەکان. ئەوان بە سیستەماتیک توانیویانە قەناعەت بۆ لوڕەکان درووسـت بـکەن کە گرووپێکـی نـاکوردن. کـاری سـەخت و ئـاڵۆزی نەتەوەی کـورد لە داهاتوودا دەبێت بانگێشتکردن و هێنانەوە نـاوەوەی لوڕەکـان بێت بۆ نـاو کوردبوون. بێگومـان ئەمەش دەبێـت بە شـێوەیەکی زانسـتی و عەقڵانـی کـاری لەسـەر بکرێـت کە بەرژەوەنـدیی هەردوو گرووپـی پێـوە گرێـدراو بێت. ئەم بەرژەوەنـدییەش نابێـت هـیچ ئازادییەکی لوڕەکـان و هەمـوو گرووپە هاوشـێوەکانی وەکـوو ئێزیـدییەکان و تەنـانەت زازایەکانیش کۆت و بەند بکات. ئەوان چۆن دەیانەوێت بژین و چ جۆرە شـێوازێکی ژیان پەرە پێ بدەن، ئازادیی ناوخۆیی خۆیانە و دەبێت فەراهەم بکریت. تەنانەت ئەگەر ناشـیانەوێت کـورد بـن، دیسـان هەمـوو تونـدوتیژییەک لە بەرانبەریـان دەبێـت حەرام بکرێت. ئەگەر ئەوان هۆکارێکیـان هەیە کە دەیانەوێت لەم بـازنەی خەیـاڵی ئێمە بچـنە دەرەوە، ئێمە دەبێت هەزار هۆکاریـان پـێ بـدەین کە بەرژەوەنـدییان لەگەڵ ئێمە بێت.

لانـی کەم قەناعەتیـان بـۆ درووسـت بکەیـن کە بەرژەوەنـدییان لەگەڵ ئـێمە دێـتەوە و ئەگەر لە یەک چوارچێوەشدا نەبین، با لە دوو چوارچێوەی هەماهەنگ و هاوکاردا بین. ئەمەش لە پێناوی مانەوەی بارودۆخی ئەرێنی لەنێوانماندا و درووسـتنەبوونی ئەو ڕقە کەڵەکەبووەی ئێمە و ئەوانی دیکە، کە هەوڵیان دا بە زۆر ئێمە لە خۆیاندا بتوێننەوە و پەنـدی "دوژمنـی بـاب و کـالان، نـابنە دۆسـتی لاوان"مـان بەرانـبەر ئافرانـدن. هەروەهـا خاکی کوردستان تەواوی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوڕات لەناو خـاکی دەوڵەتـی تورکیـا و سـووریا دەگـرێتەوە لە ڕۆژاواوە هەتـا دەگـاتە ناوچەکـانی هەمەدان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان و خاکی ئەمڕۆیی دەوڵەتـی ئێران. ئەمە جگە لە چەنـدین شـار و ئـاوەدانی کە دەکەونە ئەودیوی فوڕاتەوە و لە داهاتوودا هێزی کوردان یەکلاییان دەکاتەوە.

لە کۆتاییی ئەم باس و خواسە شتێک هەیە کە گرنگە ئاماژەی پێ بدەم و پەیوەندیدارە بەو جـۆرە کوردبـوونەی کە لە باشـووری کوردسـتان هەیە و لای مرۆڤـی هۆشـیار تەواو ڕەتکراوەیە. وەکوو مامۆستا هێمنی موکریانی فەرموویەتی:

کە شیوەنی ئێمە شیوەنی ئینسانییە

بانگی ئازادی و گڕووی یەکسانییە

کوردبوون و ناسیۆنالیزمی کوردی ئەگەر پەیژەیەک بێت بـۆ حـوکمی خێڵەکی و کۆت و بەنـدکردنی ئازادییەکـانی ژن و خۆدەوڵەمەنـدکردن، بێگومـان دەبێت لای زۆرینەمـان ڕەتکـراوە بێت. مرۆڤگەلێک ئەگەر بە خـوێنیش کـورد بـن، مـادام دەسـتیان نـاوەتە نـاو دەستی دوژمنانی کورد و ئامـادە نین سـوپایەکی نیشـتمانی بـۆ کوردسـتان درووسـت بـکەن و پەرە بە نیشـتمانەکەیان بـدەن و خێزانەکانیـان بە شـێوەیەکی نایەکسـان بە بەراورد بە کـۆمەڵگەی کـوردی دەژیـن، هیـی ئەوە نـین کە خواسـتێکی وا مەزن بە تەنافیانەوە هەڵ بواسرێت. کۆی کوردبوون لەم دێڕە شیعرە ناوازەی مامۆسـتا هێمنـدا جێـی دەبێـتەوە. لە هەر شـوێنێک کوردبـوون و ناسـیۆنالیزمی کـوردی هـاوتەریبی ئینسانییەت نەبێت و ئازادی و یەکسانی نەهێنێت، کـارکردنێکی بێسـوود و نـاقۆڵایە بـۆ درووستکردنی سیستەمێکی فاشیستی دیکە لە جیهاندا.

دەشێ وەڵامبێت و دەشێ پرسیاربێت، دەشێ نەخشەڕێگابێت و دەشگونجێت تەنیا ڕوانینێکبێت،...وەک چۆن هەڵەش نابێت کە بڵێم ڕەنگە دەروازەیەکبێت بۆ خۆناسین.. دیزمون توتو باوەڕداری ئایینی کرستیان دەڵێت: (پەلکەزێڕینە بۆیە سەرنج بەرە، چونکە زۆرینەی ڕەنگەکانی لەناوخۆیدا کۆکردووەتەوە، گەر بەتەنیا یەک ڕەنگ بوایە، ئەوا هیچکات جێگەی سەرنج نەبوو.) ئەم قسەیەی گەر بهێنینە ناو چەقی بازنەی سیاسی و کولتووری و نەتەوەیی کورد، دەشێت بەم جۆرە بڵێین: فرە نەتەوەیی، فرە ئایینی، فرە شێوەزاری و فرە ئایدیای جیاواز، نەک بەشێک نین لە ناشیرنی و دواکەوتووی و پەرتەوازەیی، بەڵکوو گەر عەقڵانە ئیدارە بدرێت و سیستەمێک بینابکرێت، هەر ئەم جیاوازییانە دەبنە بنەمایەک بۆ تەواوکردنی تابلۆکە و ڕەنگدارکردنی نەک لێکهەڵوەشاندنەوە، نەک ئەم دێڕەش کە دەوترێت هەرییەکێک لەم جیاوازییانە بەشی خۆی دەبات و شەڕی بەشەکەی تردەکات یان هەوڵی قوتدانی دەدا... گەر لە دیدی (چارلز داروین) ئەم دێڕەی ناو تیۆرییەکەی دەرکەین کە دەڵێت: (مانەوە بۆ بەهێزەکانە) بیهێنینە ناو بازنەی ئیدارەدانی سیاسەتی جیهانی، ئەوا زۆر بەوردی دەتوانین نەخشەی سیاسەتی جیهانی و ململانێ توندەکان لە ڕابردوو تا دەگاتە ئەم قۆناغەی ئێستا شیکەینەوە کە شەڕ هەر لە قۆناغی سەرەتایەوە شەری هەژموون بووە لە پێناو مانەوە، تەنانەت ئەم دیدەی زانستی مرۆڤناسی(ئەنسرۆپۆلۆژی) کە باس لە قۆناغی سەرەتایی ژیاری مرۆڤ دەکات کە چۆن پیاو نەیویستووە لە هەمان باوەڕی ئەشکەوتدا بمێنێتەوە، هەم ویستویەتی منداڵەکانی دەستنیشانبکات و هەم ڕادەی ئەوەی لەڕاو پەیدای دەکات سنوورداری بکات بەو بەشەی خۆی مەبەستییەتی... کەواتا فکری خاوەندارییەتی لەپەنای ئەو فکرەیە کە دەتوانین بڵێین فکری ئیشکردن لە پێناو هەندێک یان بەشێک یان ناوبنرێ فکری بەشەکی، ئەم بیرۆکەیە دەشێ لە خێزانێکەوە دەستپێبکات، دواتر کە فکر لە جوغزێکدا ناوەستێت، دێتە ناو گوندێکەوە و دواتر شار و پاشان وڵات و دواتر جیهان. بەڵام ناکرێت چاوی هەموو ئینسانییەت لە من بکرێت و ئەوانی تریش کەڵبەکان لەجەستەی من گیرکەن، یان ئەم بارە گەورەیە بە کۆڵی یەک نەتەوە هەڵناگیرێ... تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی من دەست لە مافی خۆم هەڵگرم ئەوەیە تۆش چوارچێوەی خۆت

هەڵوەشێنیتەوە و ئەم سەکۆی ژیانە بێ ناوبێت و ئینسانییانە بەڕێوە بچێت، گەر ئەمە شتێکی وارید نییە، ئینساندۆستی من تا ئەو شوێنەیە لەگەڵتا کە بە پۆینت لەگەڵ گرۆی بەشەری جیاوازیم نەبێت، خاوەن کیان بێت، کیانم دەوێت، خاوەن زمانبێت، زمانم دەوێت، خاوەن هەرشتێک بێت دەمەوێ و لەویشم ناوێت، بەڵکوو خۆم بەدەستی دەهێنم...

بنەماکانی مافی مرۆڤ باوەڕم پێی دەبێت و دەبم بە پەپولە بە مەرجێک تۆی خاوەن نەتەوەی تر زەردەواڵە نەبیت، دەبمە ئاسک بە مەرجێک تۆی نەتەوەی هاوسێ گورگ نەبیت، دەبمە بولبول بە مەرجێک تۆی نەتەوەکانی تر لە بیری سازکردنی قەفەزدانەبیت، چیتر شۆڕشی کۆمەنیستیت وەک ڕابردوو ناکرێت بەس من باجەکەی بدەم و پەیامی ئینسانی و یەکسانی بەمن بڵێیتەوە و خۆشی خاوەن ئەتۆم بیت، نابێت دیفاعی ئایینیت بەس من بتوێنێتەوە لە ئاییندا و تۆش زەق و تۆختر کاتەوە، ناکرێت شەڕی سەرمایەداریت لەسەر حیسابی بەخزمەتکاریکردنی من بێ...من پێناسەیەکی نوێ دەکەم، هەڵبژاردنەکانی تۆ نابنە هەڵبژاردنم.. ئەمەی لێرەدا مەبەستمە فۆکسێکی تری بخەمە سەر ئەوەیە، ئایا گەر پەپولە بیت، گەرەنتی مانەوەت تاچەن هەیە زەردەواڵە نەتخوا یان پەڕوباڵت نەقرتێنێت، "بەیەکەوە ژیانی نەتەوەی " واتا چەند من پابەندم تۆش ئەوەندە پێوەی پابەندی؟ !گەر نەبویت، ئەوا لەو دۆخەدا، تۆ ناچاری ئەم دیدە باڵا ئەخلاقییە پەپولەییە کەمێک واقعی تربکەیت و چڕنوکێک پەیدابکەی تا تۆش وەک ئەو شەڕی مانەوە بکەی، بژیت بەبێ ئەوەی هێرشی بکەیتە سەر، بەڵام کەهێرشکرا، تەنیا نوزەت نەیەت و سکاڵای حاڵی خۆت بەریتە ئاسمان، دەشێت ببیتە ئەم جاڵجاڵۆکەیەی کە هێرشکارەکەی سەرخۆی لە تۆڕەکەی خۆیدا لەناوببان ...گەلی کورد وەک ڕەسەنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕامنەبووی سەربەخۆی بە کولتوور و فەرهەنگ ڕەسەن، هێندەی چیاکان کۆنە و هێندەی چیاکانیش ڕەگی و بنی لەناو ئەم زەویەدا گیرە کە میوانەکان شەڕی دەرکردن و ڕەگ قرتاندنی دەکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ڕەگێک بەم قوڵییە چۆن دەتوانرێت نەیارەکەی دەستی پێ بگات و بیبڕێت یان هەڵی کەنێت، ڕەنگە لەمەدا جوتیارێک ئەو پەندەمان بۆ شیکاتەوە کە دەڵێت: (دار گەر کردمی لە خۆی نەبێت، تەمەنی هەزار ساڵە.) کەواتە لێرەدا ئەمە هەر پەندێک نییە، ستراتیژجییە بۆ جوتیار کە ڕێگە نەدات دار کرماوی بێت تا

بەرهەمی هەبێت و بمێنێتەوە، هەم ستراتیجە بۆ کەسێکی دژەدار کە ویستی ڕەگێک ببڕێت و وشکی بکات یان دارەکە لە داربوون بخات، وا بکات کرماوی بێت و بەم کرمانە دارەکە گەندەڵ بکات، دوای زەمەنێک خۆی وشک بێت و ئەو کاتە بۆ ئەو ' تەنیا پاڵنانێکی بەسە ...کورد لە کۆنەوە دارێکی بەهێزی ناو ئەم سەر زەمینەبووە، لەتلەتکراوە و کوژراوە و خاک و خەڵک و خوێنی فەرهودکراوە، بەڵام کورد تەسلیم بووە، هەمووکات هەوڵدراوە لە ڕێگەی کرمەکانەوە ئەم داری نەتەوە ڕەسەنە وشکبکەن یان زەردو لاوازو بێ بەرهەمی بکەن ...لەپێش مادەکان و دوای ئەوانیش تا سەردەمی خەلافەتەکانی ناو مێژوو و میراتگرانی ئێستاشیان، کورد باجی ئەو پێناسەیە دەدات کە بۆی کراوە، ئەو بیرکردنەوەی سەبارەت بەخۆی هەیە کە بۆی درووستکراوە، ئەو قەناعەتەی هەیە کە تێیدا چێنراوە، بەڵام ئایا ئەم پرسیارە دەبێت چەندێک ڕوابێت بکرێت کە ئێمە کێبووین؟ هاوکات لەو پرسیارەوە هەوڵبدەین بەدوای شوناسی ڕاستەقینەی خۆماندا بگەڕێین و ئیتر پێناسەی خۆمان خۆمان بیکەین و پێناسەی نەتەوەکانی تر لەسەر خۆمان بدەینەوە بە خۆیان و بڵێین: لێرەوە کۆتایی هات بەوەی چاومان لە ڕوحمی ئێوە و نووسەرەکانتان بێت کە چۆن باسمان دەکەن، وەک هەندێک سەرچاوەی نەزانانە و پڕ لە ڕقی خۆتان کە کردوتانینە جنۆکە، بەڵام ئەمە پێناسەی ئێوەیە، گەر کردوتانین بە تورکی چیا، ئەوە پێناسەی ئێوەیە، پێناسەی خۆمان لێرە بەدوا دەکەین، قاتی خۆمان خۆمان دەی دورین و بالای خۆمان خۆمان پێوانەی دەکەین و لەناو سەرچاوەکانی ئێوە بۆ خۆمان ناگەڕێین، من مەبەستمە وەڵامی هیچ پرسیارێک نەدەمەوە لە پێشتردا کرابێت و سەرچاوەکەی لە دەرەوەی خۆمانبێت، چونکە وا بیر دەکەمەوە ئەساسی پرسیارەکە بۆ ئەوەبووە وەڵامەکە ئاڕاستەی ئەو شوێنەکەن کە پرسیارەکەی لێ کراوە، بۆیە بەبێ ئەوەی پرسیارێک درووستبکرێت کە هەڵقولاوی ناو بیرکردنەوە و هزری خۆت وەک تاک و نەتەوەکەت وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆی ناکاریگەر بەوانی تر، وەڵامدانەوە بە باش نابینم، چونکە دەبێتە ئاو و دەچێتە ئاشی ئەوان... بۆیە قبوڵیکەن ئەم نووسینەی من نە بۆ هیچ پرسیارێکە و نە دەشییەوێت بە دوای میحوەری یەک پرسیاردا بسووڕێتەوە، بەڵکوو تەنیا نەفەسێکە کە لە هەناوی ڕەسەنییەتێکەوە دێت کە دەڵێت: (ئێمە لە مێژووەوە ژێردەستە نەبووین، بەڵکوو لە سەرەتاکانی ژیارەوە هەوڵ دەدرێت ژێردەستەبین،

قولایی ئەم ململانێ سەختەی هەمیشە لەگەڵماندا هەبووە، هیی ئەوەیە کە ئێمە ڕامکراو نەبووین، شەڕی ئێمەش کە بەردەوام لەگەڵ سوڵتەکانی چوارچێوەی کوردی هەبووە لە کۆندا وەک میرنشین و لە ئێستاشدا وەک حیزب و حوکومەت، لەو گۆشەنیگایەوەیە کە ئەوان ئەو کرمەن یان ئەو خەڵکە ڕامکراو دەستەمۆیەن کە لە گۆڕەپانەکەدان.

خەڵک نا، بەڵکوو دەوڵەتانی ناوچەکە و لە کۆنیشدا خەلافەتەکان کردویانن بە قیادە و قودوە تاوەکوو کوردیان لێوە پێناسە بکەن و ببنە فاکتەریش تا دارەکە وشکبکەن و بەهۆی نابوتیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی کوردیان بزانین. کە ڕاستییەکەش ئەمەیە لە بنەڕەتەوە ئەو کرمەن کە لە داری کوردبوونمانیاندا، نەک نابێت گوێڕایەڵیان بین و بە نوێنەری کوردیان بزانین، بەڵکوو دەبوو پێش ئەوەی هەر جوڵەیەک بکەین بە ئاڕاستەی دوژمنی دەرەکی، ئەم کرمانەی جەستەی کورد لە خۆمان دەرکەین تاوەکوو سەرلەنوێ بشنێینەوە، سەوزبین و لە سەرزەمینی کوردیدا سروودی ئازادی و سەربەخۆی بچڕین، بێینە مەیدان و بە جیهان بڵێن، لێرە بەدوا لە هەناوی خۆمانەوە ئەم سەربەخۆییەی کە لە مێژوودا نەماندۆڕاندووە، دەیگەیەنینە ترۆپک، لەمپەڕەکانی بەردەم بالایمان دەشکێنین خۆ پێناسەکردنمان، بە بەلاوەنانی کۆی ئەم پێناسە ساختانە دەست پێ دەکات و دواتر دەستەڵاتی کرێگرتە کە بەکۆمەڵێک خەڵکی هاوزمانی خۆمان درووستتانکردووە دەیشکێنین، ئەم کرمانە لە جەستەمان ناهێڵین، ئەم بەروبوومەمان لەم ڕووەکە بەرهەمکوژانە دەپارێزین و بژاری دەکەین، بینای دامەزراوەی کۆمەڵایەتیمان تۆکمەتر دەکەین و ستایلی ژیانی کوردی بەشێوازێکی کوردیانەی تۆکمەتر ڕێکدەخەن، چیتر چاولەدەست و چاولەمست نابین، ئینسانییەتمان تا دوا سنوورەکان ئەڕوات، بەڵام ئەو کاتەی وەک کورد هێرشمان بۆ دەکەن، وەک کورد دیفاع دەکەین.. لە دوا دێڕدا دەمەوێت دوا دێڕ نەڵێم، بەڵکوو وەرددانەوەیەک بە هەندێک وێستگەدا بکەم ...لە کۆی ململانێکانی عوسمانی و سەفەوی، کورد نوێنەری وەک خاوەن دۆز نەبووە، بەڵکوو وەک هۆز و خێڵ و عەشیرەت هەی بووە، بوونەکەشی هێندەی گرێدراوی لایەنی ئاینداری و پێگەی دەستەڵات و ئابووری خێڵ بووە، بۆ بابەتی تر نەبووە، میرێک یان میرنشینێک لەژێر هەیمەنەی ئایینی و مەزهەبی خوێنی کوردی کردۆتە خەڵاتی یەکێک لەم خەلافەتانە، ڕەنگە ڕاشکاو بڵێم چاڵدێران هێندەی چاڵی فکری بووە هێندەی پانتاییەکی زەمینی نەبوو... ساڵی ١٩١٦سایکس

بیکۆ، مەرحەمەتێکی تری ئەوروپییەکان بوو کە زەنگێکی تری باشبوو بۆ وریابوونەوە کە ئەوانــیش لە هەگبەیانــدانییە تــۆ بگەیەنــنە کەنــار، گەر خــۆت نەتەوێــت، بــۆیە بەشبەشکرایت و پرسیاری تۆ لەو کاتەدا چونکە لە هەناوی کوردییەتدا هەڵنەقوڵابوو، بریتی بوو لەوەی دەبێت بکەوینە بەر بەشی شیعە یان سوننە!

ساڵی ١٩٢٠ کە پەیمانی سیڤەر وەک نەخشەڕێیەک و پەیمانێکی تر دێتە سەر مێز، کــورد نــوێنەرایەتییەکی لاوازی هەیە، ئەمەش گرێدراوی ئەوەیە کە خێڵەکــان هێشــتا نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە نوێنەرایەتی کەسێک یان دۆزێک، بەرپرسیارییەتییە و دەبێــت هۆشــمەندەکە هەڵــی بگرێــت نەک خێڵەکیــیەکە، بــۆیە لەو کــاتەدا بەشــێک لە هۆزەکان بوونە هۆکارێک کە نوێنەرایەتی کوردێک لە ئەنجوومەنەکە لاواز بکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیەش کە کورد لە زاکیرەیدا چێنراوە باشبووە، بەڵام بەهەمان ڕێککەوتن بەشێکی زۆری خاکی باکووری ئێستای نیشتمان دەچۆ ژێر دەستی ئەرمەنەکان... ساڵی ١٩٢٣ کە پەیمانی لۆزان لەدایکبوونی کۆماری تورکیای بەدوادادێت، کورد لەو کاتەشدا هێشتا لەم بازاڕ و سەودای مامەڵەیەدا بەشوێن دۆزی خۆیدا نەدەگەڕا، بەڵکوو بەدوای کەسێکەوە بوو خاوەنداری بکات کە دواجار ڕازیکرا دەستی بەسەردابهێنرێت نەک خۆی خاوەن سەر و دەستی خۆی بێت... بەدرێژایی ئەم قۆناغە مێژووییانە کە ١٩٢٥ ویلایەتی موسڵ دەخرێتە سەر بەشــەکانی تر و عێراق لە بیستەکاندا درووستدەکرێت، دیسان کورد لەلایەن نوێنەرە حیزبیەکان کرا بە قوربانی و خەڵکی لە دەرەوەی هاوکێشــەکە بوو.. ئەم عەقڵییەتە درێژەی هەبوو لە ســەردەمە جیاوازەکانی عێراق تا ڕووخانی دەوڵەتەکە لە ٢٠٠٣، بەڵام کورد وەک قۆناغی مێژوو، نــوێنەری دۆزەکەی نەبــووە، بەڵکــوو نــوێنەری حیزبــی هەبــوو، حیــزبیش لەنێــوان بەرژەوەنــدی خــۆی و نەتەوەکەی، دەســتبەرداری دۆزی نەتەوە بــوو، چــونکە هەر لەبنەڕەتەوە ئەو ئیشی هەڵگرتنی دۆزەکە نەبووە، گەر بیانزانییا لەم ئاستەدایە، ئێران چەکی پێ نەدەدا لە دژی عێراق، عێراق چەکی نەدەدا بە کورد دژی ئێران، سووریا نەی دەدا بە کورد دژی عێراقی دراوسێی، بۆ تورکیاش کە دەمارگیری زیاد لە حەدی بەرانبەر کورد هەبووە، یارمەتیی هیچ بەرەیەکی نەدا تا شەری ناوخۆی نێوان یەکێتی هاوپەیمانی ئێران و پارتی هاوپەیمانی تورکیا ....ئێستاش کە ساڵی ٢٠٢٤ی زاینییە ئەم نەتەوە ڕەســەنە، بەهــۆی ئەم نــوێنەرایەتییە حیــزبیەی کە درووســتکراون و بەســەر

کورددا فەڕزکراون، دۆزی نەتەوەیەکی وەک کوردیان لە ٦٠٠ بۆ ٧٠٠ملیاری مانگانەدا کورتکردووەتەوە، ئەم پۆینتەی ئێستا تێیداین، دەبێت گەورەترین شۆک بخولقێنێ کە خەونی نەتەوەیەک لە کوێ ئەم نوێنەرایەتییە ساختە لە کوێ؟!

**مەسعود بابایی**

بە بڕوای من لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی دەتوانم لە چەند خاڵێکدا کورت بکەمەوە:

١-خێڵەکیبوون: ئەم جۆرە خێڵەکیبوونە هەرچەند میراتی ڕابردووە، بەڵام فۆرمێکی جیاوازی وەرگرتووە؛ زمانێکی ڕووناکبیرانەی هەیە، کە دەرکەوتەکەی لە ناوچەگەری و زار و شێوەزارچییەتیدا خۆی دەنوێنێت.

٢-گرێی ڕەسەنایەتی: هەموو پێکهاتەکانی کورد بانگەشەی ڕەسەنایەتی دەکەن؛ ئەمە گرێی دڕدۆنگیی شاراوەی درووست کردووە کە لە باری دەروونییەوە جۆرێک لە "سێندرۆمی دابەشبوونی ئامیبایی" لە کەسایەتیی مرۆڤی کورددا خولقاندووە کە بەئاسانی ناتوانین شەنوکەوی بکەین، تەنیا دەبێت لە ڕێگەی تویژینەوە لە نۆرمە ڕەفتارییەکان دەستنیشانی بکەین.

٣-قەیرانی گوتار: ئەمە بەهۆی نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو یان ستاندارد کە کێشەی تێگەیشتنی ناوەتەوە. زمانی کوردی بەر دیواری قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکان دەکەوێت، بەپێچەوانەی مۆسیقا کە بەنێو جوگرافیای کوردستاندا بەئاسانی هاتوچۆ دەکات، زمانی کوردی ناتوانێت ئەو هاتوچۆیە بکات؛ چونکە هەستەکان شەبەنگێکی ناسکن کە دەتوانن لە ڕێگەی چاو و گوێوە بگوازرێنەوە، بەڵام زمان پێویستیی بە ڕێکخستنە تا تێگەیشتنی هاوبەش بخوڵقێنێت.

٤-گیروگرفتی ئایدیۆلۆژیای سیاسی: بەشێک لە ڕووناکبیران و دەستەبژێرانی کورد خۆیان لەمپەڕی گەشەی ناسیۆنالیزمی کورد بوون. لە سەدەی بیستەمدا دوو ئایدیۆلۆژیا و لە بەرەبەری کۆتایی سەدەی بیستەم ئایدیۆلۆژیاکی دیکە زیانی زۆریان لە هزری ناسیۆنالیستی دا. کاریگەریی چەپ و مارکسیزم لنینیزم و کۆمۆنیزم بە بانگەشەی کۆسمۆپۆلیتانیزم کە درووشمەکانی حکوومەتی جیهانیی کۆمۆنیزم و "برایەتیی گەلان"ی هەڵگرتبوو، بەشێکی زۆری گۆڕەپانی هزری و سیاسیی کوردی داگیر کرد. هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد دەبوو قاچێکیان لەنێو "کوردایەتی"دا بێت و قاچێکیشیان لەنێو گوتاری چەپ کە زۆربەری کۆمەڵگە بەباشی تێی نەدەگەیشت، لە هەمان کاتدا هەمووان وایان ڕادەنواند کە گوایە لێی تێدەگەن!

٥-بــزووتنەوە ئیســلامییەکان لەم قۆنــاخەدا کێشــەیەکی دیــکەن کە بەشــێوەیەک لە شێوەکان پاتەوپاتی کۆسمۆپۆلیتانیزمە ئەمجارەیان بە ناوی "برایەتیی جیهانی ئیسلام" کە زەینی ساویلکەی کوردی بە خۆیەوە خەریک دەکرد. لەپاڵ ئەوەشدا بیروباوەڕی پاســیڤ و کــارتێکراوەکیی ئانارشیســتی و دژیەتیــی دەوڵەت-نەتەوە وەک بــاوێکی ڕووناکبیری لایەنێکی دیکەی کۆسپ و لەمپەڕەکانە.

بەگشتی بنبەستی ناسیۆنالیزمی کورد بە بێ تێکشکاندنی لەمپەڕە زەینییەکان مەحاڵە. هەروەها خولکەخزمانێ (مجاملە) لەگەڵ دۆخی چەقبەستوو فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کورد لەمپەڕ و کێشەیەکی دیکەیە. بە بڕوای من بە بێ سیاسەتێکی فەرهەنگی ناتوانین بە هەماهەنگیی سیاسی بگەین. تەنیا بە داڕشتنی سیاسەتێکی فەرهەنگیی تۆکمە و دیسپلینێکی هزری و سیاسیی نوێ دەتوانین ناسیۆنالیزمی کوردی ببووژێنینەوە.

**گۆران سەباح**

سڵاو، بفەرموون ئەوە بۆچوونی منە، ڕێز.

دەبێت بزانین ناسیۆنالیزم چییە، ناسیۆنالیزم واتە پشتگیری بۆ بەرژەوەندیی و سەربەخۆیی سیاسیی نەتەوەیەک. ئەمانە ڕێگرن لەبەر دەمی ناسیۆنالیزمی کوردی:

١-**حیزبایەتی**: ئەقڵییەتی حیزبی لەنێو حیزبە کوردییەکاندا هەڵەیەکی کوشندە، ڤایرۆسێکە بەخێرایی و بەتووندی لە بەرژەوەندیی کورد دەدات. کارکردنی حیزبەیلی کوردستان سەقەتە. کار دەکەن بۆ مانەوە و پتەوکردنی جێی حیزب، نەک بۆ دەوڵەتداری. کار دەکەن بۆ پڕکردنی گیرفانی بەرپرسان. تاکە ئەرک و ئیشی حیزب پێگەیاندنی کادیری لێهاتووە بۆ پۆستی حکوومی. بەدەر لەوە، حیزب هیچ نییە. زاڵبوونی حیزبایەتی کاریگەری لە هەموو کەرتێکی نەتەوەی کورد کردووە. حیزب لە هەموو شوێنێک هەیە و ناهێڵێت هیچ شتێکی باش بۆ بەرژەوەندیی نەتەوە بکرێت، دەهێڵێت هەموو شتێک بکرێتە قوربانی مانەوەی حیزب، بە خاک و نەتەوەیشەوە. با گرەوێک لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان بکەین: ئایا ڕازین کوردستان بکرێتە دەوڵەت بە مەرجێک ئەم حیزبانە هەڵبووەشێنەوە؟ بێ شک نایکەن و قایل نابن. کەواتە حیزبەیلی کوردی لەمپەڕی هەرە گەورەن بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی.

٢-**بیرکردنەوەی خێڵەکی**: تا ئێستا تاکی کورد لە خێڵ و هۆزگەرایی دەرباز نەبووە. کرۆکی بیرکردنەوەی خێڵەکی بریتییە لە خزمەتکردنی یەک یان چەند بنەماڵەیەک، ئەوی تر دەبێت هەمووی لە خزمەتی گەورەی ئەو بنەماڵانەدا بن. پەیڕەوی بنەماڵە ئەوەیە: هەموو شتێک بۆ ئێمە، ئێمەیش کەمێک بە ئێوە دەدەین تا بژین. واتە گەورەی بنەماڵە پێی وایە تۆ دەژیێنێت. لەمپەڕی هەرە گەورەی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی خێڵ و هۆزەکانی کوردستان و بیرکردنەوەیانن. تا خێڵ بڵند و پیرۆز بێت، تا بیرکردنەوەی خێڵەکی زاڵ بێت، کورد قەت نابێتە دەوڵەت، چونکە دەوڵەت خزمەتی خێڵ ناکات. کۆماری کوردستان لەبەرچی شکا؟ لەبەر خیانەتی خێڵەکان. لە سیستەمی خێڵگەراییدا، یەک کەس بڕیار دەدات، ئەویش بۆ بەرژەوەندیی خۆی. دەوڵەت واتە تێپەڕاندنی خێڵگەرایی. حیزبەیلی کوردی لە هەناوی خێڵەوە هاتوون، هەر بە ئەقڵییەتی

خێڵەکیش حوکم دەکەن. لەبەر ئەم دوو هۆکارە، واتە حیزب و خێڵ، شتێک نییە بە ناوی ناسیۆنالیزمی کوردی. کەواتە ئێمە باسی شتێک دەکەین بوونی نییە، چۆن بتوانین باسی لەمپەڕەکانی بکەین؟

## ڕەوەند کوێستانی

**یەکەم، ئایین:**

لە کۆمەڵگەی کوردی ئێمەدا ئایین دەستی گرتووە بەسەر زۆرێک لەلایەنەکاندا.

کەسی ئاییندار سەرەتا ئایینەکەی لە پێش هەموو شتێکدا دەبینێتەوە.

بۆ وێنە: ئاییندارێک ئامادەیە لەسەر قسەیەک کە بەرانبەر ئەسەحابە یان ئایینەکەی بگوترێ، بۆی بکرێ دەتکوژێ.

لێ بەڵێ لە هەمانکاتدا ئەگەر بێت و ژ بەر چاوی هەمان کەسدا بێڕێزی یان جنێو بەنیشتمان، خاک، کەسایەتییە نەمر و کوردپەروەرەکانمان هتد... بدرێ هیچ کاردانەوەیەکی نییە و نابێت.

چما ؟

چونکە ئایین پێش هەموو شتێکە لەلای ئەو.

ئیسلامییە سیاسییەکانیش لێرەدا پشکی شێریان بەردەکەوێت، لە بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەموو کارێکیان کردووە و وایان لە جەوانەکان کردگە کە ئایین لە پێش هەموو شتێکەوەیە.

لە کاتێکدا هەر ئەو بە ناو مەلایانە کۆمەڵێک کار و قسە دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک لە کۆمەڵگەی کوردی و جیهانی بیرساییدا جێگای پەسەند نییە.

**دووەم، پەروەردە بەگشتی:**

لقی(أ) پەروەردەی داڵک و تاتە:

دایک و باوک دوو کەسن یان کەسایەتین کە کاریگەری زۆر ڕاستەوخۆیان لەسەر منداڵەکانیان هەیە.

١-بەداخەوە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا داڵک و باوکەکان نشیتمانی و نەتەوەیی(ناسیۆنالیستی) پەروەردە نەکراون و بۆیەش ناتوانن ئەو هەستە بگوازنەوە بۆ نەوەکانیان.

٢-لەو کۆمەڵگەیەی ئێمەدا کە بە هۆکاری ئەوەی کە سەدا نەوەتی زیاتر موسوڵمانن، بۆیە هەر لە منداڵییەوە وا لە منداڵەکانیان دەگەیەنن کە ژیان هیچ نییە و ئێمە هەردەمرین و تەنیا ئەو دونیا گرینگە.
منداڵ وای لێدێت کە ژیان بە هیچ ببینێت چجای بگات بەوەی کە سۆزی بۆ نیشتمان و خاک هەبێت.
نموونە: منداڵێک لە پۆلی چواری سەرەتایی دەبێت.
دەڵێت: من ناچمەوە قوتابخانە، دوای ماوەیەک ژ پێداگری ئەو منداڵە دایک و باوکەکەی لە قوتابخانە دەری دەهێنن.
ئێستا ئەو منداڵە نکاری تەنانەت ناڤێ خۆشی بە چاکی بنووسێت بەڵام خەریکی فێربوونی قورئانە و قورئان لەبەر دەکات.
لە داهاتوودا ئەگەر ئێمە بێین و دەربارەی خۆشەویستی نیشتمان و خاک قسەی لە بۆ بکەین یاخود کەسێک قسە بە نیشتمان و خاکەکەی بڵێت، پێتان وایە کاردانەوەی هەبێت؟
بە ئەگەری زۆرەوە نەخێر.
چونکە سەرەتا ئایین، ئینجا شتەکانی تر ئەویش ئەگەر بەشی ئەوەندە خۆشەویستی لە دڵدا درووست بووبێت بەرانبەری.
لقی(ب) قوتابخانە:
لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا قوتابخانەکانی بەشێوەیەکی پتەو گەلاڵەرێژ دەکرێت سەرەتا خاک و نیشتمان لەپێش هەموو شتێکەوە دادەنێن و مێژووی نەتەوەکەیان بەشانازیەوە بۆ خوێندکارەکان دەگێڕنەوە و کاریگەرییەکی یەکجار سەرەکییان هەیە لەسەر نەوەی داهاتوو، کە بەر لە هەموو شتێک نەتەوەیی بن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، ئایین لە شوێنی خۆی و دەوڵەت و یاساش کاری خۆی بکات. بەڵام ئەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا ڕێک نەخراوە. بگرە پەنجە بردن بۆ ئایین زۆر مەترسیدارترە وەک لە خاک و نیشتمان.
نموونە: کاتێک لە قوتابخانەکان کە سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب دەڵێنەوە، کاتێک دەگات بەو دێڕەی کە دەڵێت: دینمان، ئایینمان هەر نیشتمان، خوێندکارەکان دەی گۆڕن و دەڵێن؛ دینمان ئایینمان هەر ئیسلام یان بەهیچ شێوەیەک ئەو دێڕە ناڵێنەوە.

ئەوە کارەساتە و دەبینین هەر ئەوەی کە لە کاتی منداڵیدا کردوویانە لە گەورەییدا ڕەنگدانەوەی هەیە.
کاتێک کە ئەو خوێندکارە شەهادەکەی وەردەگریّ پیان دەڵێن؛ سوێند بێت بە خاکی پیرۆزی کوردستان کەچی خوێندکارەکان دەڵێن؛ سوێند بێت بە خوای گەورە یان بە ئایینی ئیسلام. هاوپێچ سوێند خواردن بە خاک و نیشتمان کفر نییە.
بۆ؟
چونکە، کەسێک کە خاک و نیشتمانی نەبێت، ناتوانێت بەرگری لە بیر و باوەڕەکانی بکات.

**سێیەم، سیاسەتی چەوت:**
بەداخەوە کە لە لای ئێمە کەسانێ زۆر هەن کە لەژێر کاریگەری(هەژموونی) حیزبیدان و سیاسەتە چەوتەکەی ئەوان، بووەتە هۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر ڕقیان لە خاک و نیشتمان ببێتەوە.
هاوپێچ نیشتمان بە هیچ شێوەیەک گرێدراوی سیاسەتی چەوتی ئەوان و حیزبایەتی ئەوان نییە.
بۆیە دووبارە دەیڵێمەوە بە داخەوە میللەتان و نەتەوە تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکان، بازرگانی ڕووناکبیریان هەیە، ئێمەی ژێردەستە، ڕووناکبیری بازرگان.
بیرسا = مەنتق(عەرەبی)
چما = لۆ، بۆ
لێ بەڵێ = بەڵام
تاتە = باوک
داڵک = دایک

هەواڵنامەی کتێب

## هەتاو كوردی

### لەمپەڕەكانی بەردەم ناسیۆنالیزمی كوردی

مێژووی ناسیۆنالیزم گرێدراوی بە بوونی مرۆڤ لەسەر نیشتمانێک، هەر نەوەیەک بە تێپەر بوونی کات زیاتر هەست و خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتمانەکەی دەربڕیوە و مادام لە گەشەسەندندا بووە، هەرچی مرۆڤ خۆی ناساندوە ناسنامەی خۆی و شوناسی خۆی لەناو جەماوەی کۆمەڵگەکەی بینیوەتەوە کۆمەڵگەکان بەو دەرەنجامە گەیشتوون کە ژیان لە چوارچێوەی بەکۆمەڵ واتای هەیە و دەتوانن لەژێر چەترێک پێکەوە کار کردن ژیانیان لە مەترسییەکان مسۆگەر بێت، مرۆڤ ناتوانێت لە دەرەوەی کۆمەڵگە و نەتەوەکەی خۆی پێناسەیەکی بۆ خۆی بدۆزیتەوە چون لە هەموو سەردەمەکان تووشی دارمان بووتەوە.

لەو کاتە کە مرۆڤ واتای خۆشەویستی و دڵسۆزی و کار کردنی بۆ نیشتمان و نەتەوەی بێت ئەو هەستەیان ناونا ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیزم واتە شناسنامەی مللی نەتەوەیەکە کە پێک هاتووە لە خاک، سەمبۆل، کولتوور و سیاسی و نزامی کە هەموویان فاکتری کۆمەڵگەیەکە.

مێژووی سەرهەڵدانی واتاداری ناسونالیزم بۆ سەدی نۆزدەهم دەگەڕێتەوە ناسیۆنالیزمێکی "لاو" لە هەموو کۆمەڵگەکان سەری هەڵدا و شەڕی نەتەوەکان بۆ یەکلایکردنەوەی سەروەری سیاسی خۆیان هەنگاویان نا تا کیانی سیاسی نەتەوەکەیان وەدەست بخەن.

نەتەوەی کورد لە سەدەی نۆزدەیەم لە دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکان خۆی کەمکەم دۆزیوە چەند کەسایەتی گەوە سەری هەڵدا کە ڕێبەرایەتی مەعنەویی و سیاسی کۆمەڵگە کوردوای کرد و کوردیان لە دەوری یەک بۆ ئامانجێکی دیاری کراو و شوناسخوازی مللی نەتەوەیی ڕێبەرایەتییان کرد ناسیۆنالیزم لاوی کورد زۆر سەرکەوتووانە هەنگاویان نا، کەسایەتی مەزنەکان وەک: (شێخ عبدول سەلام بارزانی، شیخ ئەحمەد بارزانی، شێخ سەعید پیران، سەید ڕەزا دەرسیم، سمایل ئاغای سمکۆ، شێخ مەحموود، سەردار ئەسعەد بختاری و قەدەم خێر و........)، ناسیۆنالیزمی لە دایکی بووی کورد زۆر زوو ڕووبەڕووی تەنگەشەمەیەکی نامۆ بوو ئەویش سەرهەڵدانی ئایدۆلوژیای چەپ بوو، لە سەردەمێک کە نەتەوەی کورد تازە خۆی

دەدۆزیەوە مێردەزمەی چەپ لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵدا و کوردی دووچاری سەرلێشێواوی کرد و سەر لێ شێواندنێکی ماڵوێرانی تووشی نەتەوەی کورد کرد کە گۆڕانکاری سیاسییەکان زۆر خێرا تێدەپەڕین و بەرزی و نزمی زۆری بە کورد کرد لە لایەک شەڕی بۆ دەوڵەت نەتەوە لە لایەک شەڕ لەگەڵ تراژیدی پەیماننامەی سایکس بیکۆ و دەوڵەت نەتەوە جەعلییەکان، کاتێک پێشەوا قازی محەمەد بناخەی هەویەتخوازی کوردی لە دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرنێتە دامەزراند ئایدۆلوژیای چەپ باڵای بە سەر مێشکی کۆمەڵگە ڕاکێشا، فەلسەفەی جەوهەری چەپ چی بوو، "برابری و برادری" بەرابەری و بەرادری یانی یەکسان کردنی هەموو کۆمەڵگەن و بە مەعنایەکی واتادار یانی سڕینەوەی نەتەوە، بەڵێ لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە چەند حیزب و ڕێکخراوی چەپ لە کوردستان سازبوو و سەر بە دوڵەتی یا نەتەوەی باڵای دەستی ئێرانیش بوون، وەک چۆن د.قاسملوو لە حیزبی تودە بوو وەک چۆن حیزبی کۆمەڵە کوردستان ژێر شاخەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون، هەموویان بە چەکێکی کوردی بەڵام بۆ ئێران، دەبێت مێژووی ناسیۆنالیزم کوردی دابەش بکرێت بە پێش و پاش هاتنی چەپ بۆ کوردستان، وەک چۆن هەمووما‌ن ئاگادارین ئەساسنامەی حیزبە تازە سەردەر هاوردەکانی کوردستان چەپ و سوسیالیزمی بوو و لە کاتێکیش چەپ دژی دۆزی نەتەوە دەبێت هۆشیاتر بە شوێن ناسیۆنالیزم بگرێت، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و پەکەکە سێ جەرەیان بوون کە لە کوردستان جێ پەنچەیان بە ئەرێنی و نەرێنی دیارە، هەنگاوی یەکمی چەپەکان دژایەتی کردن لەگەڵ خان و مالک و پیاوە گەورەکانی کوردستان بوو و دووبەرکییەکی گەورەیان لەناو کوردستان ساز کرد لە کاتێکدا دەوڵەت تازە سازکراوەکان هێشتا نەیانتوانی بوو کۆمەڵگەی کوردستان بە چۆک بهێنن چونکە هەردەم شۆڕشێکی مللی سەری هەڵئەدا، ئەم سێ حیزبە کوردانی کە خاوەن خاک و نیشتمان و زەوی ئاژەڵدار بوون کران بە کاریگەری مافخوراو، ئێستا ئەم سێ جریانە کوردییە کە هەم لە نالَیان دەدا هەم لە بزمار، حیزبی تعاونی لەنێوان کورد و دەوڵەتی دەستەڵاتدار، سێ حیزبی کوردی کە لەسەر سفرەی ناسیۆنالیزمی کورد دەخۆن و دەدزن دژی هەر هەنگاوێکی نەتەوەییەن، بە ئێرانی و ترکی کردنی کورد، پەرتەوازکردنی و دابەش هێز و (نیرو)توانای کورد بە سەر چەند حیزبی چەپ

تێچوییەکی زۆر قورس بوو بۆ کورد کە چەند دەیەیە کوردی تووشی دارمانی سیاسی کردە. نە د.قاسملوو نە مستەفا سوڵتانی نە ئۆجەلان هیچ کامیان پڕۆژەیەکیان لە بواری ڕێکخستنەی بنەمای نەتەوەیی نەبووە چین لە داوی چینی سیاسی ئەم حیزبانە لە بەها نەتەوەیاکان دورکەفتنەوە ئێستا هیچیان لە مایە پووچ بوون کەمتر نییە، نەیانویست هیچ پلانێکی نەتەوەیان جێبەجێ بکەن ئێستا دەست و دامێن تورک و فارس بەشکم هەرجۆرێک بووە بە قوربانی کردنی نەتەوەیش بووە لە سیاست بەشدارییان پێ بکرێت، پەکەکە کە بە درووستکردنە هەدەپە سەرنجی خەڵکی باکووری کوردستانی بە درۆشمە نەتەوەیان بۆ لای خۆی ڕاکێشا ساڵ لە دوای ساڵ لە ئارمانەکانی و داواخوازی خەڵکی کورد لە باکوور پاشەکشی کرد ئێستا خۆی وەک پارتێکی تورک دەبینێتەوە و هەموو سیاسەتمەدارە مللی خوازەکانی کورد پووچەڵ کردەوە ئێستا تورک ڕێبەرایەتی حیزبە کارتۆنییەکانی دەکات، کۆمەڵە دیمۆکرات دوو حیزبی شکستخواردوو هەم لەڕووی ئایدۆژیا و سیاسی و نزامی هەوڵیان ئەوەی چە لەگەڵ جاویا کوڕی شاهـ بەشداری لە دەستەڵات بکەن و هەمیشە خەڵکیان سەرگەرم چەند شۆعارێکی مایەپووچ کردە و شۆناسی کوردیان خستنەسەر ئێرانی بوونی، سەردەمێک خەباتی سیاسی کورد بۆ دەوڵەت نەتەوە بوو ئێستا لە هەبوونی حیزبەکان خەباتی کوردیان چینایەتی کردووە مافی کاریگەری و مافی ژن و ...

ئەو ڕاستییە لە خەڵک دەشارنەوە کە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و دەبێت نەتەوەی کورد هەر لە بەحری لوڕ تا دەریای ناوەڕاست بۆ شناس و ناسنامەی خۆی تێبکۆشێت، پڕۆژەی حیزبگەرایی لە کوردستان سەرەکیترین لەمپەڕ و دوژمنی ناسیۆنالیزمی کوردی و دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمانە.

ئەی مللەتی کورد با ئیتر نەبینە سووتەمەنی پڕۆژەی حیزبگەرایی هەر حیزبێک بەشێک لە هێز و (نیرو)توانای کوردی بۆ خۆی قۆرغ کردە و بە دوای مەرامی سیاسی و کەسی خۆیان بێڕێزی بە هەست و نەست و شعوورمان دەکەن، با ڕۆڵە بەنرخەکانمان نەبنە قوربانی چەندین سەرکردە هەلپەرست، ئێمەی کورد لە پاراستنی خۆمان شکستمان خواردوو بوونی هێزی پێشمەرگە حیزب هیچ واتایەکی نەماوە تەنانەت توانای بەرگیری کردنیان و تۆڵەسەندنەوی خۆیانیشیان نەماوە.

ئـێمەی کـورد کەی بـۆ کەرکـووک و مووسـل و کرماشـان ئـیلام و عەفـرین ٥٠هەزار شـەهیدمان داوە بەڵام بـۆ پاراسـتنی جەمیـل بایـک و سـەرکردە تورکەکـانی پەکەکە لە چیای بایرەکانی قەندیل لە سی و پێنچ ٥٠ هەزار ڕۆڵەی بەنرخمان شـەهید بـووە، واتە هەر سـاڵێک پاراسـتنی سـەرکردەکانی پەکەکە کە هەم بە کـردەوە هەم هەڵوێسـت دژی دۆزی نەتەوەکەمانن ١٣٠٠جەوان تێچووە کە پەکەکە دەنێتە بان دەست مللەتی کورد.

ناسـیۆنالیزمی کـورد پێویسـتی بە مەرهەم کـردنە نە بە دەرمـانی ئایـدۆژیای چەپ و ئیسلامی سیاسی بەڵکوو عەقل و بیربـاوەڕێکی کوردایەتی دەوێت کە بتوانێت سـەقفی حیزبگەرایی تێپەڕێنێت و تەواو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەژێر چەتری نەتەوایەتـی ڕێبەرایەتی و ڕێکخستن بکات.

هەواڵنامەی کتێب

**زیدان تەها**

هەڵبەت ناسیۆنالیزم قۆناغێکی زۆر گرنگ و پڕبایەخی نێو مێژووی سیاسی و هـزری سیاسـییە، دەگەڕێـتەوە بـۆ سـاتەوەختێک کە تێیـدا ڕۆحیەتـی نەتەوە خـۆی مانیفێست دەکات، ئەو چرکەساتەیە کە دەوڵەت-نەتەوە دێتە ئاراوە، لەپێش قۆناغەدا شوناسەکانی مرۆڤ پێکدەهاتن لە شوناسی ئایین و خێڵ و ئیمپراتۆرییەت وەلێ ئەو قۆناغە دەتوانین وەک قۆناغێکی بەهێزی گەشەی مرۆیی تەماشای بکەین.

لەو نێوەندەشـدا پەیوەندیـدار بە ناسـیۆنالیزمی کـوردییەوە، گەرچـی بیرکردنەوەیەکـی هەڵە لە ئـارادا هەیە بەوەی کـورد بەنەتەوە هەژمـار نـاکەن و پێیـان وایە شـتێک نیـیە بەنێوی ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەمە نەک تەنیا لەسەر ئاست و هـێڵە گشـتییەکە بەڵکوو زۆرێـک لە ڕۆشـنبیرانی کـوردیش لەم قـوڕە خەسـتەدا گێـرەی بیرکـردنەوەی خۆیـان دەکەن، بە دیـدی مـن ئەم فـۆڕمە لەبیرکـردنەوە تاسـەر ئێسـک هەڵە و کـورتبین و ناڕاسـتە، گەر قۆنـاغی هەسـتیاری ناسـیۆنالیزم بە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەیەم و سەرەتای نۆزدەیەم دابنرێت، ئەوا ئامادەیی ناسیۆنالیزمی کوردی زۆر لەوە دێرینترە بەو واتـایەی هەر لە پـێش درووسـتبوونی بـزووتنەوەی ناسـیۆنالیزمی ئەوروپـی و درووستبووی مۆدێرنێتەوە، ناسیۆنالیزمی کوردی چەکەرەی کردبوو.

هەر بۆ وێنە ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧) شـاعیر و ڕۆشـنبیری دیـاری کـورد بـووە. یەکـێکە لەو ڕۆشـنبیرانەی کە هەر لە سـەدەی حەڤدەیەمـدا لە پەرتـووکی مەم و زینـدا لەسـەر کـوردایەتی و نەتەوەخـوازیی کـوردی نووسـیویەتی. بەناوبـانگترین بەرهەمـی پەرتووکی شیعری مەم و زینە کە چیرۆکێکی دڵدارانە دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٦٩٢ بە شێوەزاری کورمانجی نووسراوە.

هەر لەو پەرتووکەیدا باس لە چەوسانەوەی گەلی کورد دەکات لەژێردەستی ڕۆم و عەجەم و داخ و حەسـرەت هەڵدەکێشـی کە بـۆچی گەلـی کـورد هەر بە ژێردەسـتەیی مـاوەتەوە و نەیتوانیـوە وەک نەتەوە گەورەکـانی دیـکەی ڕۆژهەڵات ببێـت بە خـاوەن پاشا و خاوەن وڵاتێکی سەربەخۆ بە زمان و کولتووری خۆی.

ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا
کورمانج د دەوڵەتا دنێدا
ئایا ب چ وەجهی مانە مەحرووم؟

ئەمەش ئەوە بەیان دەکات کە کورد هەمیشە لە دۆخی بەرخۆدان و بەرگریکردندا بووە دژی دەستەڵاتە سەردەستەکان و تەقەلای خۆبەڕێوەبەریان کردووە، هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆیەتەکانەوە هەتا هەنووکە تێیداین، هاوکات هەموو ئەو ڕوانین و پێناسانەش پووچەڵ دەکەنەوە کە لەبارەی کوردە گوتراون.
دوای ئەوەی گرنگی و بایەخی ناسیۆنالیزم و نەتەوەیی بوونمان زانی و قۆناغی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیشمان بۆ ڕۆشن بوویەوە ئەوەی جێی سەرنجە کە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ئەو ڕێگری و لەمپەڕانەن کە لە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردیدان، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە چەند لەمپەڕێکی گرنگ و سەرەکی بکەم لەوانە:

**-شوناسی ئایینیی و نەتەوەیی**

وەک لە سەرەتای نووسینەکەشدا ئاماژەیەکی خێرامان پێ کرد، قۆناغی پێش دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە شوناسی گرنگ و سەرەکی شوناسی ئایینی بووە بەبێ هیچ ڕەچاوکردنێکی نەتەوەیی ئایینداران، ئەو شوناسەی هەموو ئاییندارانی ئەو ئایینەی لەخۆی خڕ دەکردەوە شوناسی ئەو ئایینە بوو کە هەڵگری بوون، نەک ئەوەی سەر بە چ نەتەوەیەکن، دوای دەوڵەت نەتەوە ئەم دوو شوناسە (شوناسی ئایینی و شوناسی نەتەوەیی) دووچاری بەرکەوتنی یەکتر هاتن، ئەمەش بەو مانایە نا کە بەشێوەکی ڕەها و بێ قەید و شەرت ئایین لەمپەڕ و ڕێگری نەتەوەسازیی بێت، بەڵکوو دەشێت لە هەمان کاتدا میکانیزمی گەشەپێدانی بیری نەتەوەییش بێت بگرە هەتا ڕەیسیزم و فاشیزمییەتیشی بەرێت، هەر ئایینێک لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت و ئەمەش وابەستەیە بەشرۆڤەکارانی ئەو ئایینەوە لەو قۆناغەدا، هەر پەیوەست بە کوردەوە قۆناغە درێژەکانی ڕابردومان زۆرێک لە سەرکردە و ڕابەرانی شۆڕش و سیاسیمان، بەهۆی زاڵبوونی حوجرە و خوێندنی ئایینییەوە شێخ و مەلا و پیاوانی ئایینی بوون کە یاخیبوونیان بەرانبەر زۆردار و دەستەڵاتە سەردەستەکان ئەنجامداوە.

لە کوردیش بترازێت تورکەکان هەر لە کەمال ئەتاتورکەوە تا ئەردۆغان ئایین وەک چەکێکی بەهێزی بەهێزکردنی نەژادی تورکی بەکارهێناوە و پاوانخوازی و داگیرکاری پتری کردووە و بۆ ئەم کارەش شەرعییەتی لە ئایینەوە وەرگرتووە، بەم چەشنە توانیوویەتی سۆزی ئایینداراانی ئیسلامیی ناتورکیش بۆ خۆی ڕابکێشێت، هەروەها حیزبی بەعسیش بەهەمان شێوە سوودێکی ئێجگار گەورەی لە ئیسلام و قورئان و ئەنفال وەردەگرت بۆ پان-عەرەبیزم بەشێوەیەک نەک عەرەبیزمی لە ئیسلامدا نەتواندەوە بەڵکوو ئیسلامی بوونیشی لە عەرەببیبووندا بەرتەسک کردەوە.

لە بارودۆخی ئەم دوایەیەی هەر پەیوەندیدار بە کوردەوە دۆخەکە گۆڕانکاری ڕاستەقینەی بەسەرداهات و کاریگەری ئایین لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی ئاوەژوو بوویەوە، بەهۆی زاڵبوونی تەوژمی ئیسلامی سیاسی و سەلەفییەتی عەرەبی سعوودی، نەک نەتوانراوە سوود لە ئایین وەربگیرێت بۆ بەهێزکردنی نەتەوەیی بەڵکوو هەموو تەقەلایەک دراوە کە شوناسی کوردبوون وەلابخرێت و شوناسی ئایینی و ئوممەی ئیسلامی شوێنی بگرێتەوە کە دابەشکاری مرۆڤەکان دەکەن لەنێوان موسوڵمانان و ناموسوڵماندا جا سەر بە هەر نەتەوەیەک بێت، بەو مانایەی شوناسی کوردبوون بسڕدرێتەوە و شوناسی موسوڵمانبوون جێی بگرێتەوە، ئەمەش تا دۆخێک ڕۆیشتووە کە مەیل بۆ دوژمن و داگیرکەرانیش درووست بکات بە پاساوی ئایینی.

**-ڕەوتی چەپ و مارکسیزم**

هەڵبەت ناکرێت ئەوە نادیدە بکرێت کە لێرە و لەوێ هەوڵی گرنگی نەتەوەیی هەبوون بۆ کورد وەک کەمینەیەکی ژێردەستە و ستەملێکراو، بەڵام لەنێو هێڵەگشتییەکەیدا چ لە ڕابردوو و چ بە ئێستاشەوە ڕەوتی چەپ چ لە خۆرهەڵات و چ لە خۆراوا نەیانتوانییوە ڕۆڵێکی چالاک و ڕادیکاڵانەی هەبێت بۆ کورد و بەرگرییەکی ڕەوا لە دۆزی کورد بکات وەک نەتەوەیەکی ستەمدیدە و قوربانی، بۆیە لەمپەرێکی تری بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی بوون، دیدگەی چەپی ڕادیکاڵ، بەتایبەت دیدی ترۆتسکی و لوکسمبۆرگ، لە بەرانبەر مافی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی گەلە ستەمدیدەکان، پەیوەستیی بە (ئابووریگەری)یەوە هەیە، کە پێیان وابوو لەگەڵ کاروانی پێشکەوتنی شۆڕشی کرێکارییی یەکناگرنەوە. پرسی یەکییەتیی پرۆلیتاریاش خاڵێکی سەرەکی ئەم

دیده بووه، که جەختکردنەوە و تەسککردنەوەی کردنەوەی کێشەی کوردبووە لە بن دەستی عەرەب و فارس و تورکی شۆڤێنی بۆ کێشەی کار و سەرمایە و یەکگرتنی پڕۆلیتاریا و کرێکار.
ئەمەش لە تێنەگەیشتنێکی قووڵەوە بووە بۆ پرسی کورد و بچووککردنەوەی هەموو کێشەکەبووە بۆ کێشەی پڕۆلیتار و بۆرژوا، زۆرجار ئەوەی ئەوان خواستوویانە دەوڵەتێکی تورک و ئێران و عێراقێکی سۆسیالیست بووە نەک دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خاوەن سەروەری، بەم دواییە تەنانەت تەنیا بەخاتر سەنگەرگرتن لە کاپیتالیزم و خۆراوا تەنانەت دۆستایەتی و دەنگی خۆیان دەخستە پاڵ ئیسلامی سیاسی لە کاتێکدا کە ئیسلامی سیاسی وەک نەیارێکی سەرەکی ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەیداندا بووە.
لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدراوە پرسی نەتەوەیی وەک پرسێکی ئێکسپایەر و بەسەرچوو تەماشا بکرێت کورد وتەنی ببێتە کڵاوێکی بابردوو، زاڵبوونی ڕوانینێکی مادی بەسەر پرسی نەتەوەیی و ئاڵا و نیشتماندا و دارنینیان وەک پرسێکی شوناسی، کورد لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا ئەوەی بە نمرەی یەک پێویستی بووە شوناسی نەتەوەیی بووە زێدەترە نەک شوناسی ململانێی چینایەتی، لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو خەباتی کردووە بۆ سەربەخۆیی و هەبوونی دەوڵەتێک کە ماف و دەستکەوتەکانی بپارێزێت، بۆیە لەم سۆنگەیەوە قسەکردن لەبارەی مرۆڤی گەردوونی و پەراوێزخستنی نەتەوە و وڵاتینامە لە ئاستی واقیعیدا تەنیا دیدێکی ڕۆمانتیکیانە کە یەک ناگرنەوە لەگەڵ هەلومەرجی ڕاستەقینەی کوردیدا.

**-قەیرانی ڕۆشنبیرانە**

یەکێکی تر لەو ئاستەنگ و بەربەستانەی دیکە ئەوەیە کە بەشێک لە ڕۆشنبیرانی سەدەی بیستەم و زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی سەدەی بیست و یەکەمیش نەیانتوانیووە هەوڵێکی درووست و خۆڕسکیان هەبێت لەم بارەیەوە لانی کەم بەرخوردێکی بابەتی بکەن لە هەمبەر دۆزی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵکوو هەمیشە هەوڵیانداوە کورد بناسن و لە کورد تێبگەن لە ڕێی ئەوانی ترەوە، ئەوانی تری ناکوردەوە،

جووینەوە و خۆدانە دەست ڕۆشنبیرانی بیانی ناتوانێت کۆمەکی دروستمان بکات بۆ تێگەیشتن لە خود و ناسینی خود.
خوێندنەوە و لە قاڵبدانی کورد لەنێو سیستەمە گشتییەکەدا گەلێک جار بەرەو هەڵەی گەورەی میتۆدی و لۆژیکیمان دەبات، زۆرێک لەو ڕۆشنبیرانە پێداگریان لەسەر هەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە وەک پێدراوێکی مۆدێرنێتە بێئاگا و بێسەواد بە ناسیۆنالیزمی کوردی، هەر بەپێی سیستمی مۆدێرنێتە تەنانەت کورد بە نەتەوەش هەژمار ناکرێت و بە گەل و میللەت پێناسە دەکرێن، لە کاتێکدا ئەوەی کورد هەیەتی زمان و فەرهەنگ و کولتوور و نەژاد و خاکی خۆی هەن، کە پێکڕا ئەمانە پێکهێنەری نەتەوەن، بەڵام لەبەر ئەوەی قبوولکراوی نێو ئەو سیستەمە نین ئەوا تەنانەت بە نەتەوەش هەژمار ناکرێن، ئەوەی نەتەوە درووست دەکات لەنێو ئەم سیستەمەدا هێزە، بەو مانایەی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن لەسەر بنەمای هێز درووست دەبێت.
لەم ڕوانگەیەوە ڕۆشنبیرانی کورد نەیانتوانییووە تێگەیشتنێکی درووستیان بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی هەبێت و بە بیرکردنەوەیەکی هاوردەکراو و عەقڵییەتییەکی کۆڵۆنیالکراوەوە لە پرسی کورد و کوردستان دەڕوانن، هێشتا لایان وایە و خەون بە دەوڵەتێکی عێراقی دیموکراسییەوە دەخوازن کە مافە بنچینەییەکانی کورد دەستەبەر بکات، لە هەندێک ئاستیشدا لایان وایە کورد هێشتا شیاوێتی دەوڵەتداری و خۆبەڕێوەبەری نییە، کێشەی کورد تەواو بچووک دەکەنەوە بۆ پرسی بژێوی و مووچە و خزمەتگوزاری.
ئەم دیسکۆرسە سەری لە خودنەفرەتی و ڕقلێبوونەوە لە خود دەردەچێت، کۆمەڵ لەم چوارچێوەیەدا هەمیشە خۆی وەک تاکێکی گزگل و بێکەڵک و هیچ دەبینێت، بەشێوەیەک پێناسی ئەم سەرزەمینەمان بۆ دەکەن کە گونجاوتربێت لە "کوردستان"ەوە ناوی ترانسفێر بکەین بۆ "جەهلستان" بە سەرزەمینێک ناوی دەبەن کە پڕی بێت لە گەمژە و جاهیل، کارخانەیەکی بەردەوامبێت لە بەهەرهەمهێنان و ئینتاجی جەهل و گەمژەیی، کە پێکڕا جومگەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە و خێزان و سێکتەرە کۆمەڵایەتییەکان جەهل بەڕێوەی ببات بە مانایەکی تر جەهل لە قوڵایی هەموو ئەم هەرێمەدا چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی گشت کارا بێت و جەهل ئاڕاستەکەری ڕاستەقینەی بێت و بەڕێوەی ببات.

ئەمە دیدێکی تەواو تاریک و ترسناکە دەچێتەوە نێو مێنتەڵێتی دابەشکاری قووڵی دووجەمسەری نێوان خۆرهەڵات و خۆراوا، قینێکی سایکۆلۆژی توندە لە خۆ و خودنەفرەتییەکی بێئامانە، کە خۆرهەڵات بە سەرزەمینی جەهل و خورافە و ئەفسانە و گەمژەیی دەبینێت و خۆراواش وەک سەرزەمینێک کە پڕیەتی لە عەدالەت و عەقڵانییەت و چاکە و ئاکاری باڵا، ئەم ڕوانینە خۆکوژییەکی ناوەکییە، لە لەنێوبردنی خود و هەموو تەقەلایەک بۆ بوون بەویترەوە سەرچاوە دەگرێت بەشێوەیەک کە وجوودی خۆت دەدۆڕێنیت و ناشتوانیت ببیت بە هیچ لەناو ئەویکی تر، کاتێک تۆ هەیت و بەها و وجودی کارات هەیە لەنێو بووندا کە خۆت وەک ئەوەی کە هەیە قبوول بێت قبووڵ بەو مانایەی لە هەوڵی خودناسینی بەردەوامدا بیت لە ڕێگەی بیرکردنەوە و سەرپێخستنی عەقڵەوە ڕێبکەیت، کاتێک هەیت کە پێداگری لەسەر کوردبوونت بکەیت وەک شوناس، نەک تف لە خود بکەیتەوە خۆت بدۆڕێنیت و لاسایی ئەوانی تر بکەیتەوە بۆ ئەوەی نرخ پەیدابکەیت لەنێو هاوکێشەکەدا.

**-حیزب و دەستەڵاتی کوردی**

خراپی حکومڕانی کوردی و نەبوونی خۆبەڕێوەبەرییەکی درووست کە بەرجەستەکاری مافە گشتی و ئازادییە کەسییەکان بێت، هەبوونی گەندەڵی و فەرهوودی سامانی گشتی و ئیدارەدانێکی خراپ و شەڕی یەکترکوژی و تۆخکردنەوەی شارچێتی، شۆڕ بوونەوەی دوو بنەماڵە بۆ نێو جومگەکانی دەستەڵات و دواتریش بچووکبوونەوەی بۆ دوو خێزان و نەوەکانیان، ڕێگرییەکی ڕادیکاڵانەی توندتربووە لە گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی لەلای تاکی کورد، یەکسانکردنەوەی حکوومەت و دەستەڵاتی کوردی بە نەتەوەی کورد هەڵەیەکی کوشندەیە، زۆرجار وڵاتانی نەیاری کورد لە ڕێی سزادانی ئابوورییەوە هەوڵیانداوە ئەم هەستە پتر بخرۆشێنن و ئینتیما و سۆزی نەتەوەیی کورد بکوژن. تەنیا قڵپکردنەوەی دوو پارتی سیاسی بەس نییە، ئەوەی پێویستمانە کوشتنی ئەم فۆرمەیە لە مێنتەڵێتی حکومڕانی و بەڕێوەبردن و ئیدارەدان کە لەبارترین زەمینەسازییە بۆ پتەوبوونی پتری ناسیۆنالیزمی کوردی کە پایەکانی ڕۆنرابێت لەسەر عەدالەت و یەکسانی و ڕێزگرتن و پاراستنی شکۆی تاک، بەبێ گۆڕانکاری سیاسی ئیمکانی قسەکردن نییە لەبارەی

گـۆڕانەوە، چـون گۆڕانکـاری سیاسـی هەوێنـی گۆڕانکـاری ڕادیکـاڵانەی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بەدووی خۆیدا دەهێنێت.

**-داگیرکاری فەرهەنگی**

کۆتـا خـاڵ کە هێمـای بـۆ دەکەم داگیرکـارییەکی هێـواش و لەسـەرخۆیە، کە دەوڵەتە سەردەستەکان دوای مێژووییەک لە هێرش و پەلامار و داگیرکاری کە نەیانتوانیووە ڕۆحی ئاڵنگاری و بەرخۆدانی کوردان بکوژن، هەستاون بە داگیرکاری کولتووری لە ڕێـگەی زمـان و میـدیا و هـونەر و مۆسـیقا و درامـا و کولتـوورەوە، هەڵـبەت ئەمە چەکێکـی گرنگـی سـەردەمی جیهـانگیرییە و تەنـانەت وڵاتە زلهێزەکـانی جیهـانیش بەکاریدەبەن لەم مەبەستەدا، تورکیا و ئێران دەستێکی باڵایان هەبووە لەم داگیرکارییە کولتووریەدا لەم ساڵانەی دوایدا، کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر تواندنەوەی کورد لەنێو گەلانی داگیرکەردا.

هونەر و میدیا و فەرهەنگ ئەسپاییترین(لەسـەرخۆترین) و بەهێزترین چەکێکە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕەواجی هەیە بۆ داگیرکاری و سەپاندنی هەژمـوون بەسـەر گەلانـی ژێردەستەدا، هەمیشە سیاسەتکردن و داگیرکاریی ئاتاجی بە تفاقی جەنگ و جبەخانە و چەکی قوورس نییە. لە هەندێک باردا دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانیش لە ڕێگەی هونەر و وەرزش و میـدیا و فەرهەنـگەوە مژووڵـی سیاسـەتکردن دەبـن و هەیـمەنە و هەژموونی خۆیان مانیفێست دەکەن.

**ڕۆژیار خاڵە حەسۆ**، **لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردیی چین؟**

ناسیۆنالیزم: وشەیەکی ئینگلیزییە، لە وشەی لاتینی (nascor)ەوە هاتووە بە واتای " من هەم یان لە دایک بووم " چەمکێکی بەهێزبووە بۆ درووستبوونی زۆرێک لە دەوڵەتەکان، چونکە بڕوای وایە کە دەبێت نەتەوەکە خۆی بەڕێوەببات نەک لەلایەن کەسانی دەرەکییەوە بەڕێوە ببردرێت. بەمەش هەر نەتەوەیەک لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە توانیویەتی دەستەڵاتداری ناوچەکەی خۆی بێت و خاوەنداری نیشتمانەکەی بکات، ناسیۆنالیزم بڕوای بە پاراستنی فەرهەنگی نەتەوەکان هەیە واتا " هەر وڵاتێک نەتەوەکەی دەتوانێت دەوڵەت درووستبکات و نەتەوەکە خاوەن دەوڵەتەکە بن و لە ڕێگەی دەستەڵاتەکەوە پارێزگاری لە فەرهەنگەکەی خۆیان بکەن ". تا ڕادەیەک ناسیۆنالیزم نزیک دەبێتەوە لە ڕاسیزم، چونکە هەمان ڕێچکە دەگرنە بەر لە بواری دەوڵەتسازییدا. چەمکی ناسیۆنالیزم چەمکێکی گرنگ بووە لە دوای (شۆڕشی فەڕەنسا) و گۆڕانی دنیا لە سیستمی پاشایەتییەوە بۆ سیستمی دەوڵەتداری، چونکە توانیویەتی لە ڕێگەی بیری ناسیۆنالیستیی خەڵکەکەوە بەبێ هەبوونی پاشایەک سیستمێک بەڕێوەی ببات. بەڵام ناسیۆنالیزمی کوردیی هەمیشە لە قەیراندا بووە، چونکە کورد لە هەبوونی ناسیۆنالیزمدا هیچ کات لە خۆیدا بەرجەستەی نەکردووە، بەگشتی کۆمەڵێک شاعیر و ڕووناکبیری کوردییمان هەبوو کە ناسیۆنالیزمانە دەیاننووسی وە ئەوەش توانی کاریگەریی لەسەر خوێنەران دابنێت، بەڵام نەبوونی سیستمێکی درێژخایەن و زنجیرەی ناسیۆنالیزمیی کورد شکستی هێنا! هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لەمپەڕانەی لە بەردەم ئەو سیستمە ناسیۆنالیزمییە هەبووە کە بریتین لە:

**یەکەم**: ڕێگریکردن لە زمان و فەرهەنگ: زمان و فەرهەنگ لە ناسیۆنالیزمدا بابەتێکی یەکجار جێی بایەخە، چونکە زمان و فەرهەنگی نەتەوەیەک دەبێتە مۆرکی زمان و فەرهەنگی وڵاتێک کە تێیدا تایبەتمەندیی دەوڵەتدارییەکە جیا دەکاتەوە و یەکڕیزی و یەک هەڵوێستیی بەرهەمدەهێنێت، بەڵام ڕێگریکردن لێیان دەبێتە لەمپەڕێک لە بەردەم تەشەنەکردنی بیری ناسیۆنالیزمیی لەناو خەڵکدا، چونکە بە یەکبەستنەوە و تێگەییشتن لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە تەنها فەرهەنگ و زمان دەیتوانی ئەو

جیاوازییانەیـان بکـاتەوە یەک، بەڵام ئـێمە نەک هەر ڕێگـری لە فەرهەنـگ و زمانمـان دەکرێت، بەڵکوو فەرهەنـگ و زمانمـان بە شـێوەیەکی ئاشـکرا دەدزرێت و دوژمنـان دەیـکەنە دەسـتکەوتی خۆیـان و مێژووە ڕاسـتییەکەی لـێ دادەماڵـدرێت بـۆ نمـوونە: " شایی، کە شایی هیی هیچ وڵاتێک نییە و سەرەتا لەناو کوردەکان سـەریهەڵداوە. ئێسـتا وا لە وڵاتانیتریش دەکرێت بە دەستکەوتی خۆیـان، یـان زۆرێک لە وشـە کوردیییەکـان یـان شـێوازی خواردنەکان...هتـد کە ئەمـانە نمـوونەی بەرچـاو ئاشـکرای داگیرکـاری فەرهەنگی و زمانی.

**دووەم**: دەروونـی کوردەکـان لە بـارەی خۆیـانەوە: بـابەتی دەروونناسـی (سـایکۆلۆژیا)ی بـابەتێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا، کە تەواوی هەڵسـوکەوت و بڕیارەکـان دەخـاتە ژێر ڕکێفی خـۆیەوە. بەمەش تۆ بە شـیکاری دەروونیی مرۆڤێک دەتوانیت دۆخـی وڵات و بڕیـاردان لەو وڵاتە دیـاری بـکەی، بـۆ نمـوونە: لە پەرتـووکی " میـرزا مەنگوڕیـدا " بە ناونیشانی (شەش پەرتووکی مێژوویی باس لە حکومی کوردەکان دەکات) و دەڵێت: لە سـەرەتای کـانوونی یەکەمـی سـاڵی ١٩١٨ بریکـاری دادوەری شـای جیهـان بەنـاوی " کولونیل وڵسن " هاتە سلێمانی بۆ بەستنی کۆنگرێسێک کە پێکهاتبوو لە شـەش نەفەر لە کـوردی (پشـدەر، هەورامـان، مەریـوان، سـەقز، سـنە، بـانە، جـاف، شـارباژێر و هەمەوەنـد). داوایـان کـرد کە ئیدارەیەکی سـەربەخۆیان بـۆ دابنـدرێت لەژێـر چـاودێری لەندەنـدا، کۆلۆنێـل وڵسـن لەسـەر داوای کوردەکـان نـاوچەیەکی لە (خـانەقینەوە هەتـا شەمزینان-لە چیای حەمرین تا ناوەڕاستی ئێران) بکـاتە ژێر ڕکێفی کوردەکانەوە و " شێخ مەحمود " دەستەڵاتداربێت تێیدا، بەڵام (کەرکووک و کفری) ئەوەیان نەویست و وتیـان: ئـێمە نـامەنەوێ لەژێـر دەسـتەڵاتی کوردیـدا بـین کە شـێخ مەحمـودە! بـۆچی کوردەکـانی نیشـتەجێی کفـری و کەرکـووک ئەوەیـان نەویسـتووە؟ چـونکە ململانێـی دەروونی ناوخۆی کوردەکـان هۆکـاربووە لەوەی لە یەکگـرتن سـڵ بکەنەوە و نەتـوانن سـازش بـۆ یەک بهێننەوە هەر، بۆیە دەروونـی کوردەکـان هۆکارێـک بـووە بـۆ ئەوەی ڕێگـری هەبێـت لە بەردەم ناسـیۆنالیزمی کـوردیی، هەر ئەم هۆکـارەش بـووە هـۆی ئەوەی دوژمن سوود لە جاشەکان وەربگرێت بۆ بەزاندنی کورد و پارچەپارچەکردنی. کاتێک دەڵێم دۆخی دەروونیی کوردەکان مەبەستم لە (دۆخە خۆبەکەم زانینەکە)یە کە

وا دەكات هەمیشە خۆی بە كەسی دووەم بزانێت لە بەرانبەر بێگانەیەک و دەسەڵاتی كوردی لە هەمبەر خۆیدا قبوڵنەكات، چونكە نائاگایانە پێی وایە كەسێک كە وەكوو خۆی كەسی پلە دووی جیهانە ناتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست بەسەریدا، بەمەش لە هەر پرس و ڕایەكدا بەهۆی بەهێزنەبوونی دەروونیی لە ئاست بەرانبەردا نەیتوانیوە بەرگرییكات و لە ڕێكەوتنە جیاوازەكاندا خۆی بە دەستەوەداوە. وە لەناو ژیانی ئاسایی كوردەكانیشدا بەهۆی خۆ بەكەم زانینەوە، هەموو ژێردەستەییەكی پێ ئاسایی بووە و ڕەوایەتیی پێداوە بە زۆرداری لە بەرانبەر هەندێک شتی سادەدا! وە لە بەرانبەردا كاتێک دەسەڵاتی كوردی دەسەڵاتداریی بەسەردا بكات بەرپەچی توندی دەبێت، لە كاتێكدا بۆ هیچ دەسەڵاتێكی دیكتاتۆری دراوسێ یان بێگانە ئەو هەڵوێستەی نییە !ئەمەش هۆكارێكی گرنگە كە لەناو ئەو مرۆڤەدا ناسیۆنالیزم گەشە نەكات و كپ ببێت.

**سێیەم**: شەڕە خۆ كوژییەكان (براكوژی): شەڕی خۆكوژی بووەتە شەڕێكی نەریتیی لەناو كورددا لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەكان، ئیتر كورد پارچەپارچەكرا و هەمیشەش لەناو خۆیاندا دەبوو بە شەڕ و ململانێ، ئەمەش ببووە شتێكی نەریتیی و وەكوو خووییەكی لێ هات، واتا چەند دەسەڵاتی كوردیی درووستبووبا ئەوەندە ململانێ درووستدەبوو! بۆیە عوسمانیی و سەفەوییەكان سوودییان لەو ململانێیە دەبینی، هەمیشە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكارییان دەهێنا، وە ململانێی كورد لەو سەردەمەدا وای كرد جیاوازییەكی نەریتی لەناو كوردەكان درووستببێت و نائاگایانە ڕابێت لەگەڵ پارچەپارچەكردن و لایەنگری دوژمن، ئەمە وای كرد لە "پەیماننامەی لۆزان " كورد هیچ هەڵوێستێكی وەها گەورەی نەبێت سەرەڕای هەبوونی ئەم هەموو خاكە زۆرە، بەڵام مێشكی خەڵک بە تەواوەتی لەگەڵ هەبوونی دەسەڵاتداریی دوژمن ڕاهاتبوو، بۆیە دوژمن ئاسانتر ئەو داگیركارییە فەرمییەی ئەنجامدا و سەد ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام دووبارە خۆكوژی سەری هەڵداوە چەند سەیرە گەر بڵێین واتا (لە كاتی ژێردەستییشدا كورد لە خۆكوژی و براكوژی بەردەوام بوو)! بەڵام ئەمە هاندانێكی نائاگایانەی خەڵک و لایەنگران بوو بۆ ئەم كارە، كەچی خۆیان نەیاندەتوانی هەست بەمە بكەن، ئەمەش بووە لەمپەڕێكی گەورە لە بەردەم هەبوونی ناسیۆنالیزم

لەنێو تاکی کورددا، چونکە ناسیۆنالیزمی کوردیی دەرگایەکی گەورەی بۆ دامەزراندنی کوردستانی گەورە والا دەکرد، بەڵام لەم ماوەیەدا هێندە وەکوو لایەنگری دوژمن ئیشی لەسەر کرا نەیتوانی خۆی کۆبکاتەوە، وە شەڕی خۆکوژی و براکوژی هۆکارەکەی دووبارە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خۆبەکەمزانین، واتا هۆی خۆبەکەمزانین لە بەرانبەر دوژمندا وای کردووە براکوژی درووستببێت و ڕێگری لە فەرهەنگ و زمان دووبارە جیاکاری لەنێوان کوردەکان درووستکرد، بۆیە ئەم دۆخە تا ئێستا و تا کاتێک بەردەوامی دەبێت کە کورد دەگاتە ئەو خاڵەی کە پێی وایە دەبێت یەکگرتووبێت و وڵاتێکی گەورە لەژێر دەستەڵاتی خۆی درووستبکات.

**وریا کوردستانی**

بەبڕوای من ناسیۆنالیزمی کوردی لە پێناو بڕیاردان لەچارەنووسیی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و لەمپەڕ بووەتەوە/دەبێتەوە کە بەبۆچوونی من، یەکبەیەکی ئەم خاڵانەی لە خوارە باس دەکرێن بەتەنیا دەیان گوتار، لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی، بنکۆڵکردن، پەرتووک، کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار، هەڵوێستە و ڕاوەستە هەڵدەگرێ و کاری تاک نییە بەڵکوو کارێکی بەهەرەوەز و تیمیی دەخوازێت بەڵام لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەم بەربەستگەلە دەکەم:

١-پارچەپارچەبوونی گەلی کورد لەڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە: گەلی کورد، بەبێ ویستی خۆی، بەسەر چوار وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریادا دابەشکراوە. ئەم پارچەپارچەبوون و دابەشکراوییە وای کردووە کورد وەک هێزێکی یەکگرتوو، یەکپارچە و یەکە، ڕێکخستن و کۆکردنەوەی قوورس بێت. پەرشووبڵاوی کورد، هەوڵەکانیشی بۆ دەستەبەرکردنی دانپێدانان و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی خۆی ئاڵۆزتر کردووە.

٢-دژایەتی دەوڵەتانی دراوسێ: حکوومەتەکانی تورکیا، ئێران، سووریا، عێراق هەموویان دژایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی و بیرۆکەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان کردووە؛ ئەم حکوومەتانە ترسیان لەوە هەیە/هەبووە کە هەبوونی دەوڵەتێکی کوردستانی لە تەنیشت و دراوسێیەتی ئەوان، سنوورەکانی ئەوان تێکبدات و بە ئەگەرێکی زۆرەوە ببێتە هۆی جیابوونەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان.

٣-نەبوونی پاڵپشتی نێودەوڵەتی: سەرەڕای بارودۆخی نالەباری گەلی کوردستان لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوودڵ بووە/دوودڵە لەوەی کە بەتەواوی پشتیوانی مافی چارەی خۆنووسینیی کورد بکا؛ ئەم دوودڵییەش دەگەڕێتەوە بۆ نیگەرانییەکان سەبارەت بەناو سەقامگیری ناوچەکە و مەترسیی

ورووژاندنی ململانێ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و هەروەها هەڵایسانی(هەڵگیرسانی) شەڕی ناوچەیی.

٤-دابەشبوونی کورد لەناوخۆدا: بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و ڕزگاریخوازیی کورد بەدوور نەبووە و نییە لە دابەشبوون و پەرتەوازە ناوخۆییەکان، بەو واتایە کە گەلی کورد بەدرێژایی خەبات لە پێناو ئازادیدا، بەسەر ئایدۆلۆژیا و کۆتلەی زۆر جیاواز لە یەکتر دابەش بوون و ئەولەویەتە سیاسییەکانی لایەن و بزووتنەوەکان لەباتی لە بەرژەوەندی نیشتمانیدا بشکێنەوە بەقازانجی حیزب، گرووپ، تاقمی سەر بەئایدۆلۆژییەکاندا شکاونەتەوە، کە زۆر جار ئەوە تا ئاستی شەڕی ناوخۆش چووە و هەمیشە بووەتە لەمپەڕ لەهاوکارییکردنی یەکتر بۆ چێکردنی کۆدەنگیی نیشتمانیی و یەکگوتاریی.

٥-ئاستەنگە ئابوورییەکان: داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە کوردیان لە ئەگەری ڕاگەیاندی دەوڵەتیی کوردستانی لەلایەن کوردەوە لە پرسیی ئابووری ترساندووە؛ داگیرکەرانی کوردستان و کۆلۆنیالیستەکان هەموو کاتێک ئەوەیان بەگوێی تاکیی کورددا چرپاندووە کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئابووری گەورە لەوانە کەمیی سامانی سرووشتی، لاوازیی ژێرخانیی ئابووریی، ڕێژەی بەرزی بێکاریی و گەمارۆ لەلایەن دراوسێ بەدفەڕەکان دەبێتەوە (باشووری کوردستان بە نموونە). لە ڕاستییشدا خۆ گێل دەکەن لەوەی کە هەر ئێستا گەلی کورد لەناو ئەو قەبۆکاریی و ئالنگارییانەدا دەژین و هۆکاریی سەرەکیش خودی داگیرکەرانی کوردستانن.

٦-پەراوێزخستنی ئابووری کورد بەدرێژایی مێژووی سەت ساڵەی داگیرکراویی لەسەر خاکی خۆی، لە ڕووی ئابوورییەوە پەراوێز خراوە؛ گەلی کورد لەدەستڕاگەیشتنێکی یەکسان بۆ خوێندن و دەرفەتی کارکردن و داهێنان بێبەش کراوە. نەبوونی یەکسانیی لە ئیمکاناتیی بەردەستدا بووەتە هۆی نایەکسانیی لە داهات،

بژێـویی ژیـان، پەرەسـەندن، گەشـانەوە و لە ئاکامـدا هەژاریـی لەنێـو کـۆمەڵگەی کوردستاندا پەرەی سەندووە.

٧-ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی کورد لەچوار پارچەی کوردستان: سیاسەتەکانی ئاسمیلەکردن کاریگەرییەکی قووڵ و هەمیشە نەرێنییان لەسەر گەلی کورد هەبووە/هەیە. ئەم سیاسەتانە ئامانجیان سڕینەوەی ناسنامە، کولتوور و فەرهەنگ و زمانی کوردی بووە و کۆمەڵێک دەرەنجامی زیانبەخش و دەقەرەبوونەهاتووی بۆ گەلی کوردیی لێ کەوتووەتەوە.

٨-سەرکووتکردنی زمانیی یەکێک لە باوترین شێوەکانی ئاسمیلەکردن و تواندنەوە، سەرکووتکردنی زمانیی کوردی بووە. لە تورکیا، ئێران و سووریا زمانی کوردی لە قوتابخانە، میدیا و بەڵگەنامە فەرمییەکان و هەموو شوێنێک قەدەغە کراوە، ئەمەش وای کردووە کورد فێری زمانیی خۆی نەبێت و لە ئاکامدا بەکاریشی نەهێنێ تا ئەو جێیەی بەکارهێنانیی زمانی کوردی لەناو توێژی گەنجدا لە باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەم بێتەوە یان هەر نەمێنێ. دیاریشە کەسێک لە ڕێگای زمانەکەی خۆیەوە ئاشنای فەرهەنگ و کولتوور و مێژووی خۆی نەبێت هەست و سۆزیی نیشتمانیی چۆن دەبێ.

٩-پەراوێزخستنی کولتووریی سیاسەتی ئاسمیلەکردن لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، کولتووریی کوردیشی پەراوێز خستووە؛ لانی کەم لە سێ بەشی نیشتماندا پەیڕەوکردن و ئەنجامدانی هەموو چەشنەکانی کولتووری کوردی سەرکووت یان زۆر بەتوندی سنووردار کراوە؛ ئەمەش وای کردووە کە هاووڵاتییانی کورد ناسنامەی کولتووریی خۆیان لەدەست بدەن یان لەلایان بە جۆرێک کاڵبێتەوە کە میراتیی ڕابردووی خۆیان لەبیر کەن.

١٠-لێکدابڕانی نەوەی کورد لە یەکتر کاریگەرییەکانی ئاسمیلەکردن بە تایبەتیی لەسەر بەرەی نوێی کورد لە چاو نەوەی ڕابردوو قووڵتر بووە. لە ئەنجامی سەرکووتکردنی

زمان و پەراوێزخستنی کولتووریی، زۆرێک لە لاوانی کورد بەتایبەتیی باکووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نیشتمان شارەزای زمانی کوردیی نین یان نامۆن بە فەرهەنگ، کولتوور، ترادیسیۆن و نەریتی کورد. ئەمەش بووەتە هۆی دابەشبوون و دابڕانی نەوەکانی کورد لە یەکتر. نەوەی ڕابردووی کورد پتر دەستیان بەناسنامەی خۆیانەوە گرتووە و لە هەمان کاتدا بەرەی نوێی کورد زۆرتر کەوتوونە ژێر کاریگەریی فەرهەنگیی نەتەوەی سەردەست و داگیرکەر.

١١-سەرکووتی سیاسی پەیرەوکردنی سیاسەتیی بەردەوامیی ئاسمیلەکردن هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتی سیاسییدا بووە. هەر کاتێک حیزبێکی سیاسی یان بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان سەری هەڵدابێت ئەوە پێش لەدایک بوونی بەمردوویی، لەلایەن داگیرکەرانەوە لەبار براوە. بەم هۆیەوە دەیان کەس لە خەڵکی سیاسیی و داکۆکیکار لە مافی کوردان تووشی زیندان، ئەشکەنجە، ڕاوەدوونان و تەنانەت تیرۆر و سێدارەش بوونەوە. بۆیە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردیی لە چوارچێوەی حیزب یان ڕێکخراوەیەکدا کە لە ڕێگەیەوە بتوانرێت داکۆکیی لە مافی کورد بکرێت قورس، ئاستەم و زۆر جار نەکردە، بووە و بەو شێوەیە تاکیی کورد گۆشەگیر کراوە و پەراوێز خراوە.

١٢-ئاکامگەلی درێژخایەنی ئاسیمیلاسیۆن پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆن لەلایەن داگەرکەرانی کوردستان کاریگەریی نەرێنی زۆریی لە درێژخایەندا لەسەر کورد بەجێ هێشتووە. سەرکوت و قەدەغەکردنی زمان، فەرهەنگ و کولتوور و ناسنامەی کوردیی لەلایەن داگیرکەرانەوە بووەتە هۆی هەستکردن بەبێهوودەیی، بێهیوایی و نامۆبوون بە ناسنامە و ڕابردوو لەلای تاک و کۆمەڵگەی کوردییەوە. کورد چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵگە بەهۆی ئەو هەموو لەمپەڕانە کە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە لە پێشیی قوت کراونەتەوە نەیتوانیوە لە هەموو پۆتانسییەل و تواناکانی خۆی لە ڕێی پەرەپێدان و گەشەدا کەڵک وەربگرێت، خۆی پێ بگەیێنێ و هەڵکشێ بۆ ئاست وڵاتانی خاوەن سەروەریی بۆیەش هەمیشە لەچاو نەتەوەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا دواکەوتووتر دەرکەوتوون یان وێنا کراون. بە ئێستاشەوە خەبات، هەوڵ

و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد بەردەوامە و پرسی ئاسمیلەکردنی کورد وەک چەقی پرسەکان ماوەتەوە و دەبێت لەلایەن ڕووناکبیران، سیاسەتڤانان، چالاکڤانان و هەموو ئەوانەی خەمیی نەتەوەییان هەیە و لەخەمی نەتەوەکەمان دان گرینگیی تایبەتیی پێ بدرێ و ئاوڕیی جیددیتری لێ بدرێتەوە. سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، ناسیۆنالیزمی کورد وەک بزووتنەوەیەکی خۆڕاگر و خاوەن هەستێکی بەهێزیی نیشتمانیی ناسنامەی خۆی پاراستووە. گەلی کورد مێژووییەکی دوورودرێژیی خۆڕاگری و بەرخۆدانی هەیە و بەردەوامە لە خەبات بۆ مافی چارەی خۆنووسین. ئەگەر داهاتووی ناسیۆنالیزمی کوردی تا ئێستاش نادیار بێت، ئەوە بزووتنەوەکە، خۆڕاگریی و خۆگونجانێکی بەرچاویی لە هەمبەر نەهامەتییەکانی ئافرێندراوی داگیرکەران لە خۆ نیشانداوە.

هەواڵنامەی کتێب

## چرا یاسین

ناسیۆنالیزم چەندین مانای گەورە و قوڵ لە خۆی دەگرێت، و تا ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لە سادەترین شێوەیدا بریتییە لە جۆرێک هەستی وەفاداری بۆ نەتەوەیەکی تایبەت و جۆرێک لە نیشتمانپەروەری، ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و بزاڤێکی نەتەوەیی دیاردەیەکی نوێیە بۆ کورد، دەربڕینەکانی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بەرایی سەدەی بیستدا سەریهەڵدا، و تاوەکوو ئێستاش بنەماکانی بەتەواوی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگی دانەکوتیوە، ئەوانیش بە تێڕوانینی خۆم دەگەڕێنمەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:

### ١-جێگیرنەبوونی بیری نەتەوایەتی:

هەستی نەتەوایەتی و بیری نەتەوایەتی دوو شتی زۆر لە یەکتر جیاوازن، ئەوەی لای ئێمەی کورد زۆرترە هەست نەتەوایەتییە، نەوەک بیری نەتەوایەتی، نەتەوەپەروەری ئێمەی کورد نەتەوەپەروەرییەکی لاواز و خاوە، بە زمان هەموومان کوردپەروەر و نیشتمانپەروەری نیشان دەدەین بەڵام لە کرداردا هیچ کەس ئەرکە نەتەوەییەکان جێبەجی ناکات.

تەنانەت زۆرینەی ئەو کەسانەشی کە ناسیۆنالیستن، هەست و هزری ئێمەی کورد تەنیا لە زمان و قسەماندایە نەک لە دڵ و مێشکمان.

هەموو ئەو میللەتە سەرکەوتوو و بەهێزانەی هەن خزمەتی یەکییەتی خۆیان دەکەن و لە پێناو بەرژەوەندی و نیشتمانەکەیاندا تێدەکۆشن.

کاتێک کە بابەتێک دەبێتە بەرژەوەندی میللەت، ئاڵا و وڵات، ناکۆکی و کێشە ناوخۆییەکان وەلا دەنرێن و یەکدەگرن و تێکڕا دەبنە یەک دەنگ و یەک هێز، و یەک هەڵوێست. بێگومان ئەوەش لە بەهێز بوونی هەستی نەتەوەیی، خودئاگایی و هزری نیشتمانپەروەری ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت.

بە پێچەوانەوە ئێمەی کورد هیچ کاتێک نەمانتوانیوە ببینە خاوەن ئەو هەست و گیانە نەتەوەییە کە بتوانین بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆمان، پەراوێز بخەین و لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کۆ ببینەوە.

٢-**ئاگـادار نەبوونمـان لە مێـژووی خۆمـان** و پەنـد لێوەرنەگرتنمـان، مێـژوو مانـایەکە بـۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و ئێستامان، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی ڕابـردوو لە گۆشـە نیگـا جیاوازەکـانەوە یارمەتیمـان دەدات کە بە باشـی لە ئێسـتامان تێـبگەین و پێشـبینیمان و کارکردنمـان بـۆ داهـاتوو بە باشـی پرۆسـێس بکەیـن، وە هەروەهـا مێـژوو یارمەتیمـان دەدات لە ناسـاندنی ناسـنامەی تـاکی و نەتەوەیمـان، بێگومـان ئەمە یەکـێکە لە گرنگتـرین ئەو خـاڵانەی کە هانمـان دەدات بە گـرنگیەوە لە خوێندنی مێژوو بڕوانین.. لە ڕێگەی مێژووەوە دەتوانین لە گۆڕانکارییەکان تێبگەین و بکـۆڵینەوە کە چـۆن کـۆمەڵگە و نەتەوە و جیهـان گەشـتووە بەم حـاڵەی ئێسـتا و یارمەتیمـــان دەدات لە بنەڕەتـــی کێشـــە سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکـــان تێـــبگەین، مێژوونووسی ئینگلیزی (جۆرج سێڵ) دەڵێت:
{سیاسـەتمەدارێک ناتوانێت گرفتێک چارەسـەر بکـات بەبێ گەڕانەوە بـۆ ڕابـردوو بـۆ چارەسـەرکردنی ئەو گـرفتە، ئەگەر هـاتوو لە مێـژوو هەڵوێسـتی گونجـاو وەربگرێـت، هەروەهـا دەرکردنـی بڕیـارێکی گونجاو و پەسـەند پێویستی بەگەڕانەوەیە بـۆ مێژوو، چـونکە مێژوو هەر وەکوو کۆگـا وایە لەبەر ئەوەی تەمەنـی مـرۆڤ کەمە و ناتوانێت هەموو شتێک تاقی بکاتەوە لەبەر ئەوە پێویستی بە کەسانی تر دەبێت}.
یەکێکـی دیـکە لە سـوودەکانی بایەخـدانی ئـێمە بە مێـژوو بـریتییە لە پێناسـاندنی شوناسمان، لە ڕێی مێژووەوە و دەزانین چین و کێین و دۆستمان کێیە؟ دوژمنمان کێیە؟ هیچ نەتەوەیەک بەبێ بوونی مێژوویەکی نەتەوەیی بوونی نییە، تا بیرەوەری هاوبەشی ئازار و سەرفرازیەکانی، قارەمانان و خراپەکارانی، دوژمـن و جەنگەکانی و شکست و سـەکەوتنەکانی لە هـزر و بیـری خەڵـکەکەی نەچەسـپابێت، سـەرکەوتوو نابێـت. ئەو هەنگـاوە لە داهـاتوودا دەبێـتە هۆکـارێکی سـەرەکی بـۆ بەهێزبـوونی یەکگرتـوویی ڕیزەکانی نەتەوە و لە کۆتاییدا ئاساییشی نەتەوەیش بەهێزدکات.

### ٣-ڕۆڵی ئایین

ئـایین یەکـێکە لە فـاکتەرە هەرە دیارەکـانی بەردەم لاوازی ناسـیۆنالیزمی کـوردی، کە لەسـەر دوو ئاسـتی  نـاوەخۆیی و دەرەکـی بـووەتە لەمـپەڕ و کـاریگەری خـۆی هەیە لەسەر لاوازی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

أ-لە ئاستی دەرەکیدا ئەگەر سـەیر بکەیین عەرەبە ئیسـلامییەکان خـاوەن ٢٢ دەوڵەتـن کەچی دژی نەتەوەکانی وەک کورد و ئاشووری... هتدن، کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هەبێت، و ئـایین دەکەن بە بیـانوو، بـۆ نمـوونە: دەوڵەتێکـی وەکـوو ئێـران کە چەنـدین نەتەوە تێدا دەژی و لەژێـر سـێبەری فارسـەکاندان و دەوڵەتـی نەتەوەیـی بە داهێنـراو دەزانێت چونکە ئایینی ئیسلام وای گوتووە، بە هەمان شێوە وڵاتی تورکیای تۆرانی و نەتەوەپەرسـت کە دەیـان نەتەوەی جیاجیـای تێـدایە، لە دوای نەتەوەپەرسـتی خۆیـان ئـایین وەکـوو ئامرازێـک بـۆ سـەرکوتکردنی گەل و نەتەوەکـان دیکە بەکـار دەهێـنن و زمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکە قەدەغە دەکەن.

ب-لەسەر ئاستی ناوەخۆییش لە مێژوودا تاکی کورد لە دێرزەمانەوە خاوەن هەست و سـۆزێکی لە ڕادەبەدەر بـووە، بە تـایبەت کە باسـەکە دەکەوێـتە سـەر ئـایین، هەمیشـە ئایین وەک ئامرازێکی بەستنەوەی کورد بەکارهاتووە لەلایەن دوژمنانییەوە بۆ نموونە: دوڵەتی عوسمانی بە بیانووی شەڕی کافر و موسڵمان سوودی لە هاوکاری و توانـای کـورد وەرگرتـووە، لە هەمـان کاتـدا بـوونی هەسـتێکی ئـایینی ڕەهـا و ڕانەگرتنـی هاوسەنگی لەنێوان هەستی ئایینی و هەستی نەتەوایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، فـاکتەرێکی دیـکەی سـەرەکییە لە بەردەم لاوازی ناسـیۆنالیزمی کـوردی، بـۆ نمـوونە: کوردێـک ئەوەنـدەی خەون بە ڕزگـارکردنی قودسـەوە دەبینێـت و ویسـتی بـۆ هەیە، ئەوەنـدە تـامەزرۆ نییە بـۆ ڕزگـاری کـورد لەژێردەسـتەیی و دامەزرانـدنی دەوڵەتـی کوردی. هەرچەنـدە گومـان لەوەدا نییە «قودس» بۆ موسڵمانان پیرۆزی خۆی هەیە بەو پێیەی یەکەم ڕووگەی موسڵمانانە، بەڵام دەبێت هێشتا خـاک و نیشتمانی خۆمـان لە پێشینەتر دابنێین، لە کۆتاییدا خـاکی خـۆم شوناسـی خـۆمە و نوێنەرایەتیم دەکـات، نەک خـاکی نەتەوەیەکـی تـر. ئەم هەسـتە وەهـا تـۆکمە ڕۆچـووەتە نێومـان بە جۆرێـک

زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی خۆیان دەخەنە نێو دوو هەڵبژاردەوە، یان ئەوەتا دەبێت پابەندی ئایین و بنەما ئایینییەکان بێت و لە بەرانبەردا پشت بکاتە نیشتمان و کۆپرسە نەتەوەییەکان، یان بە پێچەوانەوە.
بەڵام ئەمە لە بنەڕەتدا وانییە، پشت کردن لە نیشتمان و کۆ پرسە نەتەوەییەکان لە ئاییندا بوونی نییە، هەموو موسڵمانێک مافی خۆیەتی بەرگری لە خاک و وڵاتی خۆی بکات و ئینتیمای هەبێت بۆ ئەو زێدەی لێی هاتۆتە بوون، ئەوەتا پەیامهێنی ئیسلام محەمەد(د.خ.) کاتێک ناچار دەبێت بە جێهێشتنی شاری مەککە کە شوێنی لە دایکبوونی خۆی بوو، و کۆچکردنی بەرەوە شاری (مەدینە) ئاوڕێک لە شارەکەی دەداتەوە و چاوەکانی پڕ دەبن و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر ناچار نەبا جێی نەدەهێشت.

**٤-جیا نەکردنەوەی نیشتمان و دەستەڵات**

بە بۆچوونی من یەک لە کێشە هەرە گەورەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی، نەبوونی ئینتیمایە بۆ خاک، نیشتمان، ئاڵا، و کۆپرسە نەتەوەییەکان، کە بۆ ئەمەش چەندین هۆکار هەن، وەک خراپی دۆخی سیاسی وڵات، خراپی باری گوزەران و ئابووری هاوڵاتیان، وا دەکات خەڵکی ڕقیان لە کۆپرسە نەتەوەییەکانیان بێتەوە زۆر گرنگە پرسی ئاڵا، نەتەوە، خاک، نیشتمان، کە بابەتی گشتی و پەیوەست بە کۆمەڵگەن بەتەواوی دایانماڵین لەو جۆرە خاوەندارییەتی کردنە، دەبێت تێبگەین لەوەی کە بوونی خۆشەویستی و ئینتیما بۆ ئاڵا، یەکسان نییە بە بەرگریکردن لەو سیستەمەی لەژێر ئەم ئاڵایە کار دەکات، وە دژایەتیکردنیشی بە هەمان شێوە، چونکە دەستەڵات هیی بەشێک لە خەڵکییە، بەڵام (ئاڵا، خاک، نیشتمان) هیی هەمووانن و شتانێکن کە ئەگەر دەستەڵات و سیستەمی فەرمانڕەواییش بگۆڕێن ئەوانە هەر وەک خۆیان دەمێننەوە و گۆڕانیان بەسەردا نایەت. تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک بێت بە یاسای فەرمی نێودەوڵەتی دان بە کوردستان دابنرێت و و ئاڵای کوردستان لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبکرێت، (ئەو ئاڵایەی لە UN هەڵدەکرێت، گوزارشت لە وڵاتی کوردان دەکات، نەک دەستە و تاقمێکی دیاریکراو).

**٥-بارودۆخی سیاسی کوردستان**

بــارودۆخی ڕابــردوو و ئێســتای کوردســتانیش هۆکــارێکی دیــکەیە، دابەشــبوونی حیزبایەتی لەسەر بنەمای لایەنی و، بوونی شۆڕشی جیاواز، کە گەورەترین زیانیان لە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی داوە، وەک نموونە: دروستبوونی شەڕی ناوخۆ کە شەڕی ناوخۆ هەموو بنەماکانی ناسیۆنالیزمی شێواند. لە ئێستاشدا نەبوونی دەستەڵاتی ناوەند و دابەشبوونی ئیداری و حیزبایەتی ئێستای هەرێمی کوردستانی بە یەکێک لە ئاڵنگاریەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە قەڵەم دەدرێت تا دەستەڵاتی ناوەندی لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت مانایەک بۆ ناسیۆنالیزم نابێت.

خراپی بارودۆخی سیاسی کوردستان کە لەسەر هەموو لایەنەکانی تری ژیان ڕەنگی داوەتەوە، خراپی گوزەران و هەستنەکردن بە یەکسانی لە کۆمەڵگەدا جۆرێک لە تورەیی و بێ هیوایی لەلای خەڵکی دروستکردەوە، بە جۆرێک پشت بکاتە ئامانجە گەورەکەی خۆی کە دەوڵەتی کوردییە، و یان ئەوەتا بڕیاری کۆچکردن بدات، یانیش حاشا لە نیشتمان و هەموو کۆپرسە نەتەوەییەکان بکات.

هەر لە بازنەی سیاسییەوە نەبوونی سەرکردەی کاریزما لە ئێستادا هۆکارێکی دیکەیە بۆ پاشەکشێکردنی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردییە، سەرکردەی کاریزما ئەو کەسەیە کە بەدیهێنەر و خوڵقێنەری ژیانێکی شایستەبێت بۆ گەلەکەی، و دیدێکی درێژخایەنی هەیە و هەموو لایەنەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو دیدە گەورەیە کۆ دەکەنەوە. هەروەها توانابیەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ گۆڕینی دیدگای لایەن یاخوود حیزب بۆ ئامانجی گەورە و پاڵنەر، تا ئەو ڕادەیە کە هەموو ئەندامانی ژیانی خۆیان ببەخشن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و ئەو سەرکردانە مرۆڤێکی چالاکن و بەردەوامن لە کارکردن و دەبنە هاندەر بۆ ئەوانی تر، بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکەیان.

**٦-کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتی** لەسەر کەمکردنەوەی هەست و بیری نەتەوایەتی، بێگومان تۆڕی کۆمەڵایەتی وەک چۆن کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی بە هەمان شێوەش کاریگەری هەیە لەسەر لاوازکردنی بیری نەتەوایەتی لە نێو توێژی گەنجان بە تایبەت گەنج بەهێزترین هێزی گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە و چەقبەستوو و سووتەمەنی گشت شۆڕش و ڕاپەڕین و گۆڕانکاری

گەورەیە هەر بۆیە لە هەر کۆمەڵگەیەکی زیندوو ئەقڵی گەنج و ڕووحی نوێبوونەوەی گەنج دەرفەتی گەورەی پێ دراوە بگرە پێشەنگە، بەشێک لە گەنجانی کورد بە شێوازێکی ناتەندرووست تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن سەرەنجامی ئەمەش بەرهەمهێنانی گەنجی کەمئەزموون و کەمتەرخەمە لە کۆمەڵگەدا، گەنجانێک کە ناتوانن کاتیان تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوەی پەرتووک و پەیداکردنی شارەزایی دەربارەی مێژووی خۆی و نەتەوە و نیشتمانەکەی، کەچی ئامادەیە بە چەندین کاتژمێر لە یاریەکی ئەلیکترۆنی دابێت، یاخوود لە نێو لایڤێکی بێ سوودی وەک لایڤەکانی تیک تۆک بە چەندان کاتژمێری خۆی ببەخشێت بە دانیشتن بە دیار کەسانی بێ سوود و ئاش بەتاڵ.

هەوالنامەی کتێب

## کامەران کوردی

من باوەڕم وایە یەکەم هۆکاری ڕێگر یان بەربەستی(لەمپەڕ) نەتەوەیی بوونی کورد بۆ گرفتێکی ڕیشەیی بوونیادی دەگەڕێتەوە کە ئەویش نە ناسانی کورد خۆیەتی. مرۆڤی کورد پێش ئەوەی خاک و نیشتمانی داگیر و وێران کرابێت، هزر و یادەوەری و ویژدانی داگیر و شێوێنراوە. مێژوومان شێوێنراوە جا بە ئەنقەست و پلان و بەرنامە بوو بێت، یان بەهۆی نەزانی و کەموکووڕی خۆشمانەوە بوو بێت (گرنگی نەدان بە ئەرشیف و دۆکیۆمێنتاری). بۆیە بۆ من پرسی نەگەیشتن بە شوناسێکی هاوبەش و گشتگیر کە خەم و دونیا بینینی کۆمەڵی و چفاکی بنیاد و درووست بکات و دواتریش پەرەی پێدات، یەکەم هۆکاری ڕیشەی ئەو خۆ نەناسینەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردییە. کاتێک مرۆڤ بێئاگا و ناهۆشیار بوو بە خوودی خۆی، ئەو کاتە دەکرێت چاوەڕێی هەموو جۆرە نامۆبوون و سەرلێشێواوی و پەشۆکاوییەک بەدیبکەی وەک بارودۆخی تاکەکەسی و جڤاکی ئەمڕۆی کوردستان بە گشتی و باشوور زۆر بە تایبەتیتر. خاڵێکی تر ئەوەیە کە دەرەنجامی کێشە بنەڕەتییەکەیە (هۆکاری یەکەم)، ئەویش کەوتنە ژێر کاریگەری پێناسە و ناساندن و ناونانی کورد لەلایەن ئەو دەوڵەت و نەتەوانەی کە سەردەست و باڵادەست بوون بەسەر کوردا. واتا پێناسەی کورد بوونی ئێمەی کورد زۆرجار لەسەر زار و بیری شۆفینیزمی عەرەبی و تورک و فارسدا خۆی بینیوەتەوە کە ئەوانیش کاریگەری و دەور و ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا نەتەوەگەراییەکانی وەک بەعسیزم و کەمالیزم و ئێرانگەراییە. تەنانەت ئەو نادادی و ستەمە کەسانی بەناو ڕۆشنفکری ناو ئەو نەتەوانەشی گرتووەتەوە. بۆ نموونە: کورد لە تورکیا بە کوردی شاخاوی پێناسەکراوە و ناسێندراوە. تەنانەت لە لایەی ڕۆژاوایی و ئەمەریکییەکانیش تا ماوەیەکی زۆر دوو چەمکی دژبەیەک و جیاوازی وەک کوردی باش و خراپ هەبوو (Good and Bad Kurds) ئەو کوردەی دژ بە تورکیایی ئەندامی ناتۆ خەبات و تێکۆشانی دەکرد بە کوردێکی خراپ پێناسەدەکراو دەناسێندرا، خستنە لیستی تیرۆری پارتی کرێکاری کوردستان باشترین بەڵگە و نموونەی ئەم جۆرە تێڕوانین و تێگەیشتنەیە. مەبەستمە بڵێم کورد خۆی بڕیار و ویستی تەنانەت هەڵبژاردنی ناو و پێناسەی بوونیادی خۆشی نەبووە چ جای ئەوەی هەست و شوناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی گەشەو و پەرە پێبدات. وە کێشە و

دۆزی ڕەوای کورد لە ناوەندی ڕۆژهەڵات ئەوەندەی خەم و ویستی مانەوە و بەرگریکردن بووە لەناوونەچوون (Survival)، ئەوەندە بواری گرنگیدان و خزمەتکردنی دۆزی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی نەبوون. وە زۆر گرنگیشە لێرەدا ئەو ڕاستییەمان لەبیر بێت کە بنیادی هەست و هزری نەتەوەیی پێویستی بە دامودەزگایی نەتەوەیی هەیە کە کورد نەیبووە و تا ئێستا نییەتی. مەبەستیشم لە دامودەزگای کۆمەڵایەتی گرووپ و حیزبی نەتەوەییە کە خۆیان لە جووڵانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نمایش دەکەن یان ڕێکدەخەن، وە پاشان دامودەزگای ڕۆشنبیری و مەعریفی وەک ناوەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی وە پاشان فێرگە و میدیا و ڕاگەیاندن و زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنفیکریەکان. پاشانیش لەسەر هەموو ئەمانەوە وەک چەتر و سەقفێک، بوونی دەستەڵات و حوکومەتی نیشتمانی و نەتەوەییە کە هەم بەرگری لەو شوناسە نیشتمانی و نەتەوەییە بکەن وە هەم گەشە و پەرەی پێ بدەن. گەر بەوردی و ئاگاییەوە سەیری بارودۆخی کورد بکەین لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا کە چەرخ و سەدەی گەشەکردن و سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و هۆشیاری و شوناسی نیشتمانی بووە، کورد بزر و دوور و بێ کاریگەر بووە لەو شەپۆل و پەرەسەندندا وە هۆکارەکانیشمان دەستنیشان و باسکردووە لەسەرەوە.

بە سوپاس و پێزانینەوە کامەران کوردی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناشفڵ (کوردستانی بچووک)٢٠٢٤/١/٢٩.

## سەرهۆز تاهیر

بەربەستەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی ناسیۆنالیزم یان نەتەوەپەروەری، پێناسەی فرە چەشنی هەیە، یەکێک لەو پێناسانەی کە زۆر لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا یەکدەگرنەوە و لەگەڵ کرۆکــی ناســیۆنالیزم دەگــونجێن ئەمەیە: بــریتییە لە ڕێبــازێکی خــوێنی، کە نەتەوەیەک بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بە دروستکردن یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکــی ئۆرگــانی، و پاراســتن و گەشــەپێدانی نەتەوە بــۆ ئامــانجە مێژووییەکــانی نەتەوە .لەم پێناسەیەدا بنەمای خوێنی ڕەچاوکراوە، کە ناسیۆنالیزم بەشێوەی بنـاغەیی داکـۆکی لــێ دەکــات، خــوێن گــرینگە بــۆ دروسـتبوونی یەک شوناســی نەتەوەی.
نەتەوەکەش بەیەک دەبەستێتەوە ئەم ڕێبازەی کە ناسیۆنالیزمی ناوە و بە هەوڵدان بۆ دروســتکردنی دەوڵەتێکــی سرووشــتی ئۆرگــانی، واتــا دەوڵەتەکە پێویســتە لەســەر شوناسـی یەک نەتەوە دروســت ببێــت و بەشـێوەی ئۆرگانی وەک جەسـتەی مـرۆڤ کــارگێڕیی بکرێــت. ئامــانج لە پاراســتن و گەشــەپێدان ئەوەیە کە نەتەوەکە لە ڕووی بـایۆلۆژی و دەروونـی سـەقامگیربێت، بۆیە ناسیۆنالیزم هەر ئامـانجی دروسـتکردنی دەوڵەت نییە، بەڵکوو ئامانجی لە سەروو دەوڵەتەوەیە، ئەویش پەیـامی مێژووییە. هەر نەتەوەیەک بۆ تێگەیشتن لە پەیامی مێژووی خۆی پێویستە مێژوو بەباشی و بە چاکی شیبکاتەوە، چونکە بە شیرکردنەوە مێژوو زۆر وەڵامی پرسیارە نەزانراوەکان دەزانین.
نەتەوایەتی لە دوو بەش پێکهاتووە:

١-**هۆشیاری**: هۆشیاری یان زانین بە بـوونی خـود، ئەو هەسـتەیە کە مـرۆڤ لە سـەرەتای چاخەکـانی مێـژووەوە هەسـتی پـێ کـردووە، مـرۆڤ درکـی بەوە کـردووە کە سـەر بە گرووپ و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە، بۆیە هۆشیاری نەتەوەیی لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە خودەوە سەرچاوەی گرتووە و مرۆڤی گەیاندووە بە ناسیۆنالیزم.

٢-**بیـری نەتەوەیـی**: بیـری نەتەوەیی، واتـا بیرکـردنەوە لە ئایینـدە و ئێسـتا و ڕابـردووی نەتەوە و دانانی بنەماکانی دەوڵەت و فەلسەفەی نەتەوەیی. بیری نەتەوەیی تا ئاستێک نزم و لاواز و تازەیە بۆ کورد، سەرەتای دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بـۆ ئەحـمەدی خـانی

کە بیر دەکاتەوە لە یەکگرتن و درووستکردنی دەوڵەتێک لەسەر شوناسی کوردی، کە ئەمە بیرۆکەی نەتەوەییە.
لە پاش تێگەشتن لەم بەرچاوڕوونیانە پێویستە ئێستا ئاستەنگەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی دیاری بکەین و هۆکارەکانیان بخەینەڕوو:

**١-دیموکراتییەت**: دیموکراتییەت وەک شێوازێکی فەرمانڕەوا و ڕازیکردنی کۆمەڵگە بە فرە چەشنی لە بوارەکانی سیاسەت، بیرکردنەوە، دەستەڵات، ...هتد. کاریگەری زۆری لەسەر کورد داناوە بەشێوەیەکی زۆر نەرێنی، دەتوانین هۆکارەکانی لاوازی ناسیۆنالیزمی کوردی بگەڕێنینەوە بۆ "دیموکراسی"، چونکە ناسیۆنالیزم وەک پێناسەکرا، ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و هیچکات نابێت تێکەڵ بە بیر و هزری دیکە بکرێت، بەڵام ناسیۆنالیزمی کوردی لە پێش ١٩٤٥ خاوەنی سەربەخۆیی تەواوبوو لە دیموکراسی، لە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم و دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ژێکاف و دانانی دیموکراسی لەناو کورددا، دیموکراسی بووە هۆی فرەیی لە هەموو بابەتەکانی دیکەی کۆمەڵگە. کاریگەرییەکانی دیموکراسی ئەمانەن.

**-فرە حیزبی**: هەبوونی حیزبایەتی و پارتایەتی لەناو کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دیموکراسی وەکوو بنەما لەناو هزر و هۆشی زۆرێک لە بیرمەندانی کورد لە سەدەی ڕابردوو، ئەم فرەییەش لەخۆیەوە درووست نەبوو، لە ١٩٤٦ لە دامەزراندنی کۆماری مەهاباتەوە هەیە هەتاوەکوو ئێستا، کە بەداخەوە ڕەگی داکوتیوە و ناتوانرێت لە ئێستادا چارەسەر بکرێت.

**-فرە ئایدیا**: کردنەوە کەشوهەوا بۆ گفتووگۆی ئازاد، بۆ پەرتووکی جۆراوجۆر بەبێ سانسۆر و بەبێ چاودێری، لێکەوتەی لەم شێوەی لێ دەکەوێتەوە کە بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیدا هات، یەکێک لەو ئایدیا مەترسیدارانەی کوردستان «برایەتی گەلان»ە کە بووەتە هۆی خۆشویستنی دوژمن بەبیانووی مرۆڤایەتی و برایەتی.

**-فره نەتەوەیی**: فره نەتەوەیی واتا ڕێگەدان بە نەتەوە و گەلی دیکە لەسەر خاکی گەلی ڕەسەن. وڵاتێکی فره نەتەوە هەرگیز ناتوانێت بگاتە قۆناغی دەوڵەتێکی سەقامگیر یان ئاستی دەوڵەت نەتەوە.

**٢-مارکسیزم**: بریتییە لە بیرۆکەکانی «کارڵ مارکس» لەسەر ئابووری و کۆمەڵگە. مارکسیزم هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٤ لەناو کوردستان و عێراقدا پێگەیشتووە، مارکسییەکانی سەدەی ڕابردوو بە تەواوەتی لەگەڵ مانەوەی کورددا بوون لە چوارچێوەی عێراق-ئێران، چونکە لەلای ئەوان بیرۆکەی سەربەخۆیی پلانی دەوڵەتانی کۆلۆنیال و داگیرکەربوو. مارکسیزم توانی گورزی کوشندە لە بیر و باوەڕی نەتەوەیی بدات، توانی نەتەوایەتی بۆ سەدەیەک قۆرخ بکات و نەتەوایەتی لاواز بکات.

**هێما نیازی**–نووسەر (**ماستەر لە زانستە سیاسییەکان**)

لەم چەند خاڵەدا بۆچوونەکانی خۆم بەچڕی و بەکورتی دەردەبڕم:

**١-لاوازیی فەرهەنگی نەتەوایەتی**: دیارە بەر لە هەر شتێک، ناسیۆنالیزم، فەرهەنگ و بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەیەکی دەستەیی لە پێناو بیرکردنەوەیەکی گشتی و لەبەرەنجامیشدا ئاکت و چالاکییەکی گشتی بەرەو ئامانجێکی یەکگرتوو. بەڵام دیارە ناسیۆنالیزمی کوردی، لەم ڕەهەندە کولتوورییەوە هەژارە و بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی و جوگرافیایی، ئەم فەرهەنگە مۆدێرنە شارییە درەنگوەخت گەیشتووەتە نەتەوەی کورد و کەمتر ڕۆچووەتە نێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردەواری.

**٢-نەپەڕینەوە بۆ نەتەوە و نەتەوەسازی**، وەکوو پڕۆسەیەکی مێژووکردی قۆناغبەند یەکێکی دیکەیە لە لەمپەڕەکان. دیارە ناسیۆنالیزمی گەشەکردوو بەرهەمی مۆدێرنیتەیە کە چەندین سەدە لە وڵاتان گەشە و پرۆسەی بەردەوامیی بەخۆیەوە دیوە. بەڵام دیارە یەکە بچووکەکانی خوار نەتەوە لە کۆمەڵی کوردیدا ئەو پەڕینەوەیان بە سستی بەخۆوە بینیوە یان هەر نەبینیوە، لەبەر ئەوەشە خێزان و عەشیرەت و ناوچە، لە بیرکردنەوەی گشتیدا، زیاتر بەهێزترن وەکوو لە یەکەی نەتەوەیی و بیرکردنەوەی نەتەوەیی. ئەمەش زۆرجار خێڵگەرایی و ناوچەگەرایی لێ کەوتووەتەوە کە ڕێگر بووە لە بەردەم نەتەوەگەراییەکە.

**٣-لاوازیی دانایی و زانایی نوخبەی سیاسیی کورد** لە درێژایی مێژوودا یەکێکی دیکەیە ئەو ئاستەنگانە. دیارە ژیانی کوردەواری هەر مەینەتی و شەڕ و شۆڕ و ڕاکەڕاک بووە و بەزەحمەت جاروبارە ئاهێکی هاتووەتە بەر و شارستان بووە، کاتێکیش کە تۆ هەر بار بە کۆڵتەوەیە و لە کۆڕەو و شەڕدای، میکانیزمەکانی بەرگری لەخۆکردن گەشە پێ دەدەی و ئەو زانست و زانین و تێفکرینەی بۆ زانستە مرۆییەکان و سیاسەت پێویستت دەبێت، دەستت پێی ڕاناگات. کە وابوو مرۆڤی هەڵکەوتووی زانا لەم کۆمەڵگانەدا کەم هەڵدەکەوێت کە خۆی بۆ پیشەی سیاسەت و ئابووری و فەلسەفە یەکلایی بکاتەوە و لە پەنجەرەیەکەوە دەستی بگاتە پێشخستنی کۆمەڵەکەی. ئەو ئیلیتە

سیاسییە بەردەوام لەژێر سێبەری هەژاریی زانستی و مەعریفیدا بووە و سیاسەت وەکوو بابەتگەلی سۆزداری و ئایینی و عیرفانی تێگەیشتووە و کەم بەلای عەقڵانیبوون و واقیعبوون و سوودخوازیدا چووە و دەچێت.

**٤-سەرمایە لە وڵات کۆ نەبووەتەوە** و تا بە ئێستاش دەگات هەر وایە، سەرمایە و سامان و خێروبێری وڵات، لەلایەن داگیرکەرانەوە فەرهوود دەکرێت. دانەگەڕانی سەرمایە و سامانی خۆت لە وڵاتی خۆتدا، توێژێکی ڕۆشنبیریی شاریی پێشکەوتوو دروست ناکات کە چینی ناوەند پێک بهێنن و بیر لە کاروباری سیاسی و دەوڵەتداری و شارسازی بکەنەوە. گوند و ناوچە و شوێنی دابڕدابڕی کوردستان لەو دۆخە ئابوورییە سەختەدا بووە، ئەوەش وا دەکات خەڵکی ژێردەستەکراوی کورد ڕووی لە داگیرکەرانی خۆی بێت و بۆ ژیان و ئیدارە و ئابووریی خۆی ڕووی لە خزمەتکردنی زمان و کولتوور و ئابووریی وڵاتە زاڵدەستەکە بێت. ئەم دۆخە تاکوو ئێستاش بەردەوامە.

٥-**داڕووخانی دۆخی دەروونی تاکی کورد** و کۆمەڵگەکەیە کە لە ڕووی پەروەردە و هێزی بڕوابەخۆبوونەوە داهێزراوە. بۆیە خۆی و کۆمەڵ و کولتوور و زمانی خۆی پێ کەمە و هیی دوژمنەکانی پێ زۆرە. ئەوە بۆ زۆرێک لە کوردان نەیارشەیدایی دروست کردووە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دەوڵەتانی داگیرکەر. ئەم لەمپەڕە کاری یەکجار سەخت و دژواری دەوێت تا ڕاست دەکرێتەوە و دووبارە پەروەردە دەکرێنەوە، بە ئاڕاستەیەکدا کە بڕوایان بە خۆیان هەبێت و خۆیان پێ لە هیچ کەس و نەتەوەیەک کەمتر نەبێت.

**٦-لاوازیی دروستبوونی سەرکردەی کاریزمایی** کە بتوانێت لە سنووری پارچەیەک و ناوچەیەک زیاتر، هەموو کوردان پێکەوە کۆ بکاتەوە و وەکوو ڕەمز هەمووان قبوڵیان بێت. دیارە دروستکردنی سەرکردە و ڕابەر پرۆسەیەکی سیاسی و حیزبیی نێو هەناوی کۆمەڵگەیە و لەو ڕووەوە کۆمەڵگەی کوردی لە دروستکردنی سەرکردەی نیشتمانیی سەرتاپاگیر، زۆرجار شکستی هێناوە و دەهێنێت. کۆنەبوونەوەی لایەن و

هێزە سیاسییە کوردستانییەکان لەسەر بەرەمزکردنی یەک سەرکردە بەربەستێکی زۆر گەورەیە لە بەردەم کێشەی کورد و دۆزەکەیدا. چونکە ڕێکخەرێک و یەکخەرێک بۆ ئامانجێکی ئاوا لەگۆڕێدا نییە یان لاوازە.

**٧-یەکنەبوونی زمانێکی گشتگیر** و ئامرازێکی لێکتێگەیشتنی گشتگیر، کە هەموو کوردان لەمسەر تا ئەوسەر، پێی لەیەک بگەن و پێی بێنە گۆ، یەکێکە لە کێشەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمی کورد. ئەم کێشەیەش مێژووییە، بەڵام تاکوو ئێستا ماکی درووستنەبوونی بیرکردنەوەی نەتەوەییە لەنێوان زار و ناوچە و پارچەکاندا.

**٨-یاسای نێودەوڵەتی** یەکێکی دیکەیە لەمپەرەکانی بەردەم ئەو ناسیۆنالیزمە. ئەو یاساییە لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامە و بنەماکان دانراوە کە دەوڵەتان دایانڕشتووە. بێگومان ئەو یاسایانە هێز و سەروەری و قورسایی دەدەنە دەوڵەت، نەک یەکەی نادەوڵەتی وەکوو کورد. لەبەر ئەوەیە لەناو چوارچێوەی هەر دەوڵەتێکدا کە کوردی تێدایە، یاسای نێودەوڵەتی پشتیووانی دەوڵەتی زاڵدەست دەکات و حسێب بۆ ئەکتەری نادەوڵەت و گرووپی نەتەوەیی ناکات. لەو دۆخەدا دەنگهەڵبڕین و بەهێزبوون، قورسە. زۆری دەوێت بە یەکگرتن و پشتیووانیی یەکدی، بتوانی ئەو یاسایانە بشکێنی، یان بیانگۆڕی. لەبەر ئەوەی هەمیشە دەوڵەتی زلهێز لە هەموو ئەو بنەمایانە کەڵک وەردەگرێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دایڕشتوون، بەڵام تۆ ناتوانی لێی بەهرەوەر بیت، بگرە زیانیشی لێ دەکەی.

**٩-لاوازیی هزری دامەزراوەیی** و کاری بەکۆمەڵ و سیستەماتیک، یەکێکە لە کێشە هەرە گرنگەکانی ناو ڕێکخراوە سیاسییەکان. تا ئێستا کورد بە شێوەیەکی دامەزراوەیی بیر ناکاتەوە، بەڵکوو زۆربەی جار ئارەزوو و ویستی کەسی و گرووپی باڵ بەسەر سیاسەت و دۆخی گشتیدا دەکێشن و میللەتێک گیرۆدەی چەقین دەکەن. ئەمەش تەنگوچەڵەمە و لەرزینی زۆر بۆ ئەو بزووتنەوەیە درووست دەکات. چونکە هیچ ناسیۆنالیزمێک بەبێ کاری گرووپی و هاوکاریی گشتی ناگاتە ئەنجام.

**زەردەشت نوورەدین**

ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە، توێژینەوەی سێیەمی خۆی دەکات لەسەر بابەتی: "لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی چین؟ "سەرەتا سوپاس و دەستخۆشیم هەیە بۆ ئەوەی جەمێکی(کۆمەڵێکی) خەمخۆر و دڵسۆز پێکەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی هەنگاوێک بە ئاڕاستەی سەربەخۆیی یان ئازادی گەلێکدا بنێن. هیچ گومانم لە دڵسۆزی، پەرۆشی و نییەتپاکی ئێوە نییە کە دەتانەوێت خزمەتی گەلێک بکەن، کە هێشتا بوونی لە بەردەم مەترسی سڕینەوەدایە چ بگات بە کولتوور و ناسنامەکەی؛ بەڵام گومانم لەوە هەیە "ناسیۆنالیزم" وەکوو تیۆر و جیهانبینییەک بتوانێت بە ئەرکێکی وەها هەستێت. تیۆری ناسیۆنالیزم بە هەموو فۆڕمەکانییەوە کێشە و گرفتی بنەڕەتی هەیە، لێرەدا و لەم پانتاییە تەسکەدا ناتوانم لەسەر ئەو کێشە و گرفتانە هەڵوەستە بکەم. تەنیا سەرنجێک لەوبارەوە دەخەمە ڕوو. ڕەنگە ئەگەر باس لە نموونەی باشی ناسیۆنالیزم بکرێت چەند نموونەیەکی ئەورووپی بهێنرێنەوە، کە ئەوانیش لەبەر ئەوە نییە کە دەوڵەت-نەتەوەیان هەیە و خۆیان وەکوو قەوارەیەکی سیاسی لە پێگەی ناسیۆنالیزمدا ناساندووە؛ ئەگەر ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە چارەسەر بووایە دەبوو ئێستای جیهان کە ئەو هەموو دەوڵەت-نەتەوە و قەوارە ناسیۆنالیستییە هەیە بەهەشت بوایە یان شوێنێکی باش بوایە بەڵام دەبینین بەداخەوە وانییە. ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس لە ناسیۆنالیزم بکەین کە ئێمەش بەشێکین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە بەبێ دوودڵی دەبێت بڵێین ناسیۆنالیزم ناوی کێشەیە و بە هیچ جۆرێک چارەسەر نییە. دەوڵەتە زاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکوو ناسیۆنالیست کارەساتی گەورەیان خوڵقاندووە بە ئێستاشەوە ئێمە وەکوو کورد خۆمان قوربانی دەستی ناسیۆنالیزمین؛ کەواتە چۆن دەکرێت کورد ناسیۆنالیزم هەڵبگرێتەوە؟ ئەگەر واز لەوانیش بهێنین و باس لە ناسیۆنالیزمی کوردی بکەین دەبینین هەموو ئەوانەی بانگەشەی ناسیۆنالیزم دەکەن، هەر ئەوانەن لە ئێستادا و لە ماوەی زیاتر لە سی ساڵ کورد دەچەوسێننەوە. بە تیۆرێکی کۆن کێشەدار ناتوانین واقیعێکی ئازادکراو بینا بکەین. ئەم قسانەم بە مانای ئەوە نایەت لەگەڵ سەربەخۆیی کورد و کوردستاندا نەبم یان ئەوەی کورد قەوارەی سەربەخۆی نەبێت هەموو ئەمانە شتی سەرەتایین بەڵام ئەم دواکارییانە کورد زیاتر لە سەت ساڵە پێوەی مەشغولە و

خەباتی بۆ دەکات بەڵام بەرەنجامی نەبووە؛ ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا ئێستا سۆز و حەماس ئێمەی جووڵاندووە و بیرمان نەکردووەتەوە لەوەی کورد چۆن ڕزگاری دەبێت؟ سەرەتا دەبێت کوردبناسین و لەسەر کوردۆلۆژییەکی درووست دەتوانین باس لە ڕزگاری کورد و کوردستان بکەین. جگە لەوە هەرچییەک بکەین درێژە بەو دۆخە دەدەین کە ئێستا هەیە و دەبینە بەشێک لە کێشە و گرفتەکان لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدەین بەشێک لە چارەسەر بین. ڕاستی ناسیۆنالیزمی کوردی خۆی یەکێکە لە گرفتەکانی بەردەم ئازادی و سەربەخۆی کورد و کوردستان. بەهیوام پێکەوە بیر لە چوارچێوەیەکی هزری نوێ بکەینەوە بۆ خەبات و ڕزگاری کورد و کوردستان، هەر بمێنن...

هەواڵنامەی کتێب

**میران حەسەن**

کێشەکە لەوەوە دەست پێ دەکات کە ناسیۆنالیزم دەگۆڕێت بۆ ئەڵترا ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی، ئەمەش ئەزموونی ڕابردوو و ئێستاش دەیسەلمێنێت. لەبری ئەوەی باوەڕم بەوە هەبێت کە نەتەوەکەم تایبەتە-کە ئەمەش بۆ هەموو نەتەوەیەک ڕاستە-ڕەنگە دەست بکەم بە هەستکردن بەوەی کە نەتەوەکەم باڵادەستە، بە هەموو دڵسۆزی خۆم قەرزاری ئەوم و هیچ پابەندبوونێکی ترم بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە نییە. ئیتر ئەمەش درێژەپێدەری جەنگی ئابووری و سەربازییە. لەلایەکی ترەوە ئاڵنگاریە گەورەکانی سەدەی بیست و یەک لە سرووشتی خۆیدا جیهانی و گلۆباڵین. بۆ نموونە: چی ڕوودەدا کاتێک گۆڕانی کەشوهەوا کارەساتی ئیکۆلۆژی گەورەی لێ دەکەوێتەوە؟ چی ڕوودەدا کاتێک ئامێرە تەکنەلۆژیەکان زیاتر و زیاتر لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا لە مرۆڤ باشتربن و لە زیادبوونی ژمارەی کارەکاندا جێگەیان بگرنەوە؟ خۆی لەسەر ئەم پرسیارانە مشتومڕی گەورە و ململانێی زۆر درووستدەبێت. بەڵام پێناچێت ئەم مشتومڕ و ململانێیانە ئێمە لە یەکتر دابڕن. بەپێچەوانەوە وامان لێ دەکەن زیاتر وابەستەی یەکتر بین و پشت بەیەکتر ببەستین. سەرنج بدە ئێستا ئێمە ئیکۆلۆژیایەکی جیهانی و ئابوورییەکی جیهانی و زانستێکی جیهانیمان هەیە، بەڵام هێشتا لە سیاسەتی ناسیۆنالیزمی و نەتەوەیدا چەقیوین. ئەم ناتەباییە ڕێگری لە سیستەمی سیاسی دەکات کە بە شێوەیەکی کاریگەر بەرپەرچی کێشە سەرەکییەکانی ئێمە بداتەوە. بۆ ئەوەی سیاسەتێکی کاریگەرمان هەبێت، یان دەبێت ئیکۆلۆژیا، ئابووری و بەرەوپێشچوونی زانست بە ناوچەیی بکەین، یان دەبێت سیاسەتەکەمان جیهانگیر بکەین. بەو پێیەی مەحاڵە ئیکۆلۆژیا و بەرەوپێشچوونی زانست و ئابووریی ناوچەیی و خۆجێی بکرێت، تاکە چارەسەری ڕاستەقینە جیهانگیری سیاسەتە. ئەمەش بە مانای دامەزراندنی حکوومەتێکی جیهانی نییە، بەڵکوو جیهانگیرکردنی سیاسەت بەو مانایەیە کە داینامیکی سیاسی لەناو وڵاتان و تەنانەت شارەکانیشدا قورسایی زۆر زیاتر بە کێشە و بەرژەوەندییە جیهانییەکان بدات، لەبری هەڵچوون و بەیەکداچوونی نەتەوەکان بەرانبەر یەکتر. پێناچێت هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی یارمەتیدەری ئەمەبێت چونکە ناسیۆنالیزم بە سرووشتی خۆی ناوچەییە و کێشەکانیش جیهانیی.
بیر لەو شەپۆلە بێکارییە جیهانگەرییە بکەوە کە لە ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵی داهاتوودا بەهۆی

بەرەوپێشـچوونی تەکنەلۆژیـاوە ڕوودەدات، ئەمە تەنیـا فکرێکـی ئینـتەر-ناسیۆنالیسـتی توانای بەرەنگار بوونەوەی دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

**م. عەبدولحەمید سیوەیلی**

ئـێمە کاتێـک کە بـاس لە ناسـیۆنالیزمی کـوردی دەکەیـن ئەگەر ناسـیۆنالیزم بریتیبێـت لەو هەسـتە گەورەیەی مـرۆڤ دواجـار بـۆ نەتەوە دەیبێـت، ئەمە کـارێکی ئاسـایی و سرووشـتییە لە خـودی مرۆڤدا تەنـانەت لەڕووی دینیشـەوە کاتێک سـەیر دەکەیـت لە قورئـانی پیـرۆزدا بە ئاشـکرا بـاس لەوە دەکـات کە پێغەمـبەران هەوڵـی یەکەمیان یا قسەی یەکەمیان لەگەڵ دەوروبەرەکەیـان بووە کە هاوزمـان و هـاوخوێنی خۆیـان بـوون چـونکە ئەوان لە پێشـتربوون و ئەوان توانیویـانە پـێگە بـۆ پێغەمـبەران بەهێزتـر بـکەن یـا لانـی کەم دەتـوانین بڵێـین خێـری پێغەمـبەران دەبێت لە نزیکتـرین کەسەوە دەست پێ بکات بۆیە لەڕووی ئایینیشەوە بابەتی نەتەوەیی بابەتێکی ئاسـاییە، وە بەئاسـایی وەرگیـراوە وە خەمـی نەتەوە خەمێکی ئاسـاییە بەڵام دواجـار ئێمە وەک میللەتی کورد هەست پێ دەکەی لەدایک بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ پێکـدادانی هەردوو هێـز و دەسـتەلاتی سـەفەوی و عوسـمانی کە دەکرێـت بڵێـین هۆکارێکی سەرەکی هاتنە دنیای بیری ناسیۆنالیزمی لەلای کورد وە بەتـایبەتیی لەلای ڕائیدی بیری ناسیۆنالیزم وەک ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی دەگەڕێتەوە بۆ پێکـدادانی هێـزی شارسـتانییەت و دەسـتەلاتی سـەفەوی و عوسـمانییەکان کە لەو نێوەشـدا کـورد بـووەتە پێخـۆری هێـزی ئەوان وە بـووەتە ئەو مـیللەتەی کە دواجـار زەرەری زۆری کـردووە لە پێکـدادانی هێـزی هەردوولادا بـۆیە لێـرەوە دەمـاری ناسـیۆنالیزمی کـوردی گەیشـتۆتە گرژبـوون وە دەتـوانین بڵێـین ئەحـمەدی خـانی بە خـاوەنی ئەو بـابەتەو بە ڕائیـدی لەدایـک بـوونی ناسـیۆنالیزمی کـوردی دادەنرێت وە حـاجی قـادری کۆییش لە دواییدا، لێرەوە مـن وای تێدەگەم ناسـیۆنالیزمی کـوردی لە ئەساسـەوە لە هەسـتێکی خۆمـاڵی نەتەوەیـیەوە نەهـاتووە بەڵـکوو ئەوەنـدەی لە دەرەنجـامی ڕووداوەکـانەوە هـاتووە و گەشـەی کـردووە نە ئەوەی کە بیرێکـی داڕێژراوی کوردی بێت، بۆیە لێرەوە دەتـوانین بڵێین یەکێک لە لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوەیە کە نەیتوانیوە ناسیۆنالیزمی کوردی بکاتە شـتێکی بەهێز وە هەوێنێکی حەقیقی خۆی هەبێت لە لای کورد هێشـتان نەبووەتە شـوناس، بۆیە کە سـەیر دەکەیـن لەنـاو ئـێمەدا شـتێکی سەرنجڕاکێشـی ناخۆشـە هەتـا ئەم ساتەشـی لەگەڵدابێت دەبینـین گەنجێکی کـورد دوای ئەو هەمـوو ئـازار و نـاڕەحەتییەیی بەسـەر

کورددا هاتووه له سەد ساڵی ڕابردوودا وه بەتایبەت له پەنجا ساڵی ڕابردوودا کاتێک حیزبی بەعس بۆ خۆی قائیدی لەناوبردن و ئیبادە و زەحمەتییەکانی میللەتی کورد بووه بەڵام دواجار وێنەی سەدام حسێن دەبینیت بووەته وێنەی (کەڤەر)ی منداڵی کورد ئەمە پێت دەڵێت: ناسیۆنالیزمی کوردی له بەردەم خەتەرێکی زۆر گەورە دایه وه ئەمە پێت دەڵێت: کەوابوو هێشتا ناسیۆنالیزمی کوردی لەلای تاکی کورد هەر ئەسڵەن قەتماغەی نەبووه یا نەبووه به هەوێن، ئەمەش بەردەوام من کێشەکە دەگەڕێنمەوه بۆ خۆمان، بۆ نموونه: سەیر دەکەیت تا ئەم ساتەش لەناو میللەتی کورددا ناسیۆنالیزم پەیوەندیدار نەبووه به نەتەوه بەڵکوو پەیوەندیدار بووه به شوناسی حوکمییەوه واته چەندێک هێزه سیاسییەکان یا سیاسییه دەستەڵاتدارەکان و ئەوانەی حکوومەتیان بۆ کورد درووست کردووه له ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ئەوان چۆن بوبن ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر ئەمان شوناسی وەرگرتووه نەک لەسەر بیری نەتەوایەتی بۆیه پارێزگاری کردنیش له ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر پارێزگاری کردن بووه له شوناسی حوکمی لێرەوه قەیرانەکان بۆ خۆیان ناهێڵن ناسیۆنالیزمی کوردی بچێته قاڵبێکی تایبەت بەخۆیەوه ئەمەش ئاماژەیەکی خراپه بۆ نمۆنه تورەیی خەڵک له سیستەمی سیاسی و له دەستەڵاتداران ئەمانه هەموویان تەحەدان له بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردیدا وه جیاوازی لەسەر چۆنیەتی سیستەمی سیاسیمان تا ئەم دەقەیەش که ئێستا ئێمه نەمان توانیوه چۆنیەتی پاراستنی بیری نەتەوایەتی لەسەر ئەساسی جیاوازی لەسەر چۆنیەتی سیستەمی سیاسی نەبێت ئەمه بۆ خۆی تەحەدایەکه بۆ نموونه: له باکوور و له باشوور لەسەر چۆنیەتی سیستەمی سیاسی تا ئێستا ڕێکنەکەوتووین تا ئێستا هەر یەکەمان خوێندنەوەیەکی ترمان بۆی هەیه بۆیه لەو نەتیجەیەشەوه دەمان هەوێت بیری نەتەوایەتی بپارێزین دەی ئەمه چۆنیەتی پاراستنی بیری نەتەوایەتیشمان دەگۆڕێت واته له بەینی ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا له بەینی باکوور و باشوور مادام جیاوازیمان لەسەر چۆنیەتی سیستەمی سیاسی بۆ کوردستان هەیه کەوابوو جیاوازیشمان بۆ درووست بووه لەسەر چۆنیەتی پاراستنی بیری نەتەوایەتیمان دەی له وڵاتانی دەوروبەر نزیکترینیان له ئێمه عێراق و ئێرانه یا فارس عەرەب و تورک ئەو سێ میللەتە له دەورمانن که هەر یەکەیان فیعلەن هێزی ناسیۆنالیستین لەناو وڵاتانی خۆیاندا لەوانەیه گرفتی سیاسیشیان هەبوو بێت

یان گرفتی گۆڕینی حکوومەتیان هەبوو بێت بەڵام ئاڵا و خاک و نەتەوە لەلای ئەوان هێڵی سوور بووە ئەی لەلای کورد کە مەعلومە بەداخەوە بەو جۆرە نییە، نە لەسەر ئاڵا و نە لەسەر سنووری خاک ڕێک نەکەوتوین وە نەهێزی پاراستنی بیری نەتەوایەتیشمان یەک هێز و یەک شەپۆلە بەڵکوو هەموویمان بەستۆتەوە بە جیاوازی بیرکردنەوەمان لەسەر چۆنیەتی سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا لە هەر چوار پارچەکەیدا، ئێمە کە هێشتا نەمان توانیوە شوناسی حکوومەتی لە شوناسی نەتەوەیی جیابکەینەوە کەوابوو گەورەترین قەیرانمان هەیە لە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردیدا بۆیە کە نەمان توانیوە ئەوە بکەین بەردەوامیش حکوومەت لەلای ئێمە هەموو قەیرانەکانی بەوە داپۆشیوە یا ڕوپۆشی کردووە بە خستنەڕوو و وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی خەڵک وە دواجار بەوە نوقستانییەکانی خۆی داپۆشیوە واتا لەلای خەڵکی هێشتا ئەوە ناڕوونە ئایا ئێمە شوناسی حکوومەتیمان گرنگە یا شوناسی نەتەوەییمان نەمان توانیوە ئەوە یەکلایی بکەینەوە بۆیە بەردەوام هێزەکانیش باسە نەتەوایەتییەکانیان کردووە بە عەبایەک بۆ خۆیان و وورووژاندویانە لەو کاتەی کە قەیرانی دەوڵەتداریان بۆ درووست بووە، میللەت هێشتا ئامادەیی تیدا نییە زۆرجار بیری نەتەوەیی لە بەردەم خەتەردا بووە هەرکاتێک خەڵک لە هێزێکی سیاسی ڕازی نەبووبێت پەلاماری ئاڵا و نەتەوەی خۆی داوە نەک دەست بردن بۆ گۆڕینی هێزێکی سیاسی وە دواجار داخوازیە نەتەوەییەکان هەمووی کراون بەقوربانی قەیرانە سیاسییەکان دەکرێت بەشێک لە ئامانجی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم درووستکردنی دەوڵەت بێت ئاساییە، بەڵام لە هەرێمەکانی کوردستاندا دەوڵەتەکان (حکوومەتەکان) خۆیان بوونەتە قەیران بۆ بیری ناسیۆنالیزمی کوردی بۆیە ئێمە ئەگەر بمانەوێت لەمپەڕەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی هەڵبگرین یەکەمیان دەبێت بیری ناسیۆنالیزمی ڕزگار بکەین لە بیرێکی حکوومەتییەوە بۆ بیرێکی نەتەوایەتی وە دواجار خۆمان پێناسەی ناسیۆنالیزمی کوردی بکەین وە خۆمان بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی کوردی پەروەردە بکەین لەناو تاکی کورددا وە لانی کەم خەڵکی تر نەخشەی ناسیۆنالیزمیمان بۆ بۆ دانەڕێژێت کە ئێمە هەندێک جار خەڵکی تر پلاکی ناسیۆنالیزمیمان هەڵدەکات نەک خۆمان خەڵک لە دەرەوەی خۆمان لە سیاسەتی دەوروبەر ئەوان بڕیار دەدەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی ئێمە تا چەند بەرەو پێشەوە

دەچێت وە تەنـانەت لە دواخسـتن و لە پاشـگەزبوونەوەمان لە ناسـیۆنالیزمی کـوردی لەلایەن دەوڵەتان و زلهێزەکانی دەوروبەرمانەوەیە، ئێمە پێویسـتە بـۆ چارەسـەرکردنی ئەم کێشــەیە بە هەمووممـان کـار بـۆ ئەوە بکەیـن ناسـیۆنالیزمی کـوردی جـارێکی تـر بخەینەوە سەر شارێگای خۆی کە بریتـی بێت لە هەسـتێکی پاکی نەتەوایەتـی وە زۆر سرووشتییە (دەعم) بکرێت بە بیری ئایینی بە (تەئصیل) کردنی ئایینی وە بە (تەئصیل) کردنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی وە بخرێتە چوارچێوەیەکەوە کە دابببڕین لە سیسـتەمی سیاسی بۆ ئەوەی دواجار گرفتەکانی سیستەمی سیاسی ڕاستەوخۆ نەبن بە گرفت لە بەردەم بیری ناسیۆنالیزمیدا.

هەواڵنامەی کتێب

## دلێر ڕۆستەمی

ناسیۆنالیزمی کورد هێشتا لە قۆناغی کۆرپەیی بوون دایە و تا کاتێک کە ئەم کۆرپە گەشە نەکات و نەگاتە قۆناغێک کە خوەی لە بەردەم کۆمەڵگە دابنێت، ناتوانی بزانی کۆسپەکانی بەردەمی چەند یان بۆ خۆی تا چ ڕادەیک هێزی لەناو کۆمەڵگەی کوردییە هەس. بەداخەوە خاکی کوردستان لە دوای لۆزانەوە جۆرێک دابەش کریاگە کە هەر کام لەم پارچەگەلە سریک کۆسپگەل تایبەت بە خۆی لە بەردەمی دایە، جگە لەمەیش کۆمەڵگەی کوردستانی بە لە گشت پارچەگانە بە قۆناغێک بردگە کە چارەنووس و غەم و داخوازیەکانیشمان تا ڕادەیکی زۆر جیاوازەن لە یەک. ئەم تەڤەرە هەڵگری باسێکی قووڵ و دوورودرێژە، بۆ من بە کوورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم:

١-**عەقڵییەتی سیاسی زاڵ بەسەر ئەحزابی کوردی عەقڵییەتێکی خێڵەکییە**، و هەر کام لەمانە بە هەر باوەڕێک کە بیانبێت حازر بە هیچ گۆڕانکارییێک نیین لە باری عەقڵییەوە، هەر بۆیە بە گشتیانەوە کۆسپن لەسەر ڕێگای گەشەسەندنی ناسیۆنالیزم، هەرچەن کە خوەیشیان وەک ڕەوتێکی ناسیۆنالیستی پێناسە بکەن.

٢-**هەر ڕەوتێکیتر کە درووست دەبێت و گەرەکییە کە گۆفتمانێکیتر و جیاوازتری بێت**، چۆن عەقڵییەتەکە لە قۆناخی کۆرپەییە و گەشەی نەکردگە، تووشی هەمان هەڵە ئەون کە کۆنترینەکان بە بەردەوامی دووپاتی دەکەنەوە و ئەوەندەی خۆیان سەرقاڵی شەڕ ژێگەل لاینی بەرانبەر دەبن کە بۆ خۆشیان لەو گێژاوە ئەمننەوە و بە هەمان دەرد دەچن.

٣-**داگیرکەرەکان** وایان لەم گەلە کردگە ئەوەندەی سەرقاڵی باری ئابوورین کە هیچ دەردێکیتری نەتەوەکەی خۆی ناناسێتەوە، ئەگەریش بیناسێت گرینگییێکی ئەوتۆی پێ نادات چۆن ئەولەویەتی ئەو نەماگە ئیتر.

٤-**چارەنووسی گەلی کورد** بە داخەوە گەلێک خراپە و بەردەوامیش ڕووە لە خراپتریش ئەڕوات و بەم حاڵەی ئێستا کورد لە داهاتوویەکی نەفرەدوور بە تواوەتی لەناو دەچێت، بۆیە تەنیا گەشەی ناسیۆنالیزمی کورد دەتوانێت ڕێگر لەمە بێت کە ئەویش هیوایێکی وای پێ نییە، چۆن نە جەریانێک هەس کە بتوانێت ناسیۆنالیزم گەشە پێ بدات و ئەگەریش بێت تەنیا لە پارچەکەی خۆی.

٥-**بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە** تەنیا یەک ڕێگە هەس ئەویش بە ئیدە کردنی سەربەخۆیی لەناو ئەم گەلە، کە ئەویش:

أ-تیۆریسینگەلێکی دڵسۆزی خاک و گەلی پێویستە کە شناسێکی تواوی لەسەر کۆمەڵگەی کوردییە بێت.

ب-میکانیزمێکی پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەم تیۆرییە.

هەولێرنامەی کتێب

**د.هیوا حەمید شەریف**؛ **مامۆستا لە بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە**

ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەیەکی مێژووییە و ماوەیەکی پێویستە بۆ هاتنە کایەی، یەکەم هەنگاوی ئەم پرۆسەیەش بە ورد و خاشکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێش قۆناغی ناسیۆنالیزمە، واتە کۆتایهێنان بە سیستەمی خێڵەکی-ناوچەیی، تاوەکوو دەسەڵات و عەقڵییەتی ئەو سیستەمە لەناو کۆمەڵگە کۆتایی پێنەهێنرێت ناتوانرێت ناسیۆنالیزم بنیاد بنرێت، لەناو کوردیش ئەم هەنگاوە نەنراوە، تاوەکوو ئێستاش دەستەڵات و عەقڵییەتی خێڵەکی برەوی زۆری لەناو کورددا هەیە. بۆیە کاتێک حیزب شوێنی خێڵ دەگرێتەوە بە هەمان عەقڵییەت هەنگاو دەنێت، عەقڵییەتی ناوچەگەری و دابەشکردنی کوردستان لەنێوان خۆیان.

سەربارى ئەم هۆکارە کە من بە فاکتەری سەرەکی دەزانم، ئەو دەوڵەتانەی کوردیشیان بە سەر دابەشکراوە زۆر بەوردی کار لەسەر پەرتەوازەکردنی کورد دەکەن و دووریان دەخەنەوە لە یەکگرتن، کە بنەمای سەرەکی ناسیۆنالیزمە.

**ئالان دارا**

سەرەتا دەبێت بزانین دەوڵەت چۆن درووست دەبێت بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین چی بەربەستە لەبەردەی ئێمەی کورددا، من لەگەڵ ئەو ڕایەی هیگڵ نیم کە دەڵێت:" درووستبوونی دەوڵەت بریتییە لە پەنگخواردنەوە و یەکگرتنی ئیرادەی یەک میللەت و دەچێـــتە نـــاو خـــانەی پەیمـــانی کـــۆمەڵایەتییەوە" بەڵکـــوو کـــارەکە هیـــی دامەزراوە(مؤسسـة)یەکە کە کـار لە مـیللەت بکـات و دەوڵەتەکە درووسـت بکـات، کە کورد لە قەیرانی ئەو دامەزراوەیەدا بووە لەو مێژووەوە کە ئێمە چاومـان دەیبینێت، لە بەرانبەردا ئێمە کەوتوینەتە ژێر کاریگەری دامەزراوەکانی نەتەوەکانی تر، ئەوان بۆ پڕۆژەی خۆیان مێژوویان بەکارهێنا وەک تیۆری ئێرانی بوون (پڕۆژەی فیردەوسی ئاسـا)، ئـاری بـوون، ئەنـادۆڵی تـورک، عیراقـی پیـر ئەمـانە هەمـوو ڕێگـرن لە بەردەم پڕۆژەی کورددا، و ئەوان دینیان بەکارهێنا بۆ پڕۆژەکەیان دەبێت هەموو ئەوە بزانن کە تـا سـەدەی هەژدە ئیسـلام بەس بە ڕواڵەت لەنـاو کـورددا هەبـووە بەڵام ئەوەی سەروەر بووە بیری کورد خۆی و عادات و تەقالیدەکانییان بەڵام لەو بەرواره بەدواوە بە دەستکیسـەی جـوو و شـێخ و تەریـقەت و شـەریعەتی ئیسـلامی زاخـاو کـراو بەو بیرەی خۆیـان دەیانەوێت کورد هەیبێت لەناو کورددا پەیدادەبێت تـا دەگـاتە ئەوەی جێگەی خەیـاڵە کوردییەکە دەگرێتەوە بەڵام کۆتـاییەکە بە قسـەیەکی ئیبن خەلـدوون تەواو دەکەم کە دەڵێـت: "هـیچ باڵنـدەیەک هەڵنەفـڕی، وەک چـۆن هەڵفـڕی و کەوتەوە خوارەوە" ئەمە ئەگەر بەسەر ڕەوشتی میللەتاندا دانـایی لێ وەربگرین دەبێت هەموو میللەتێـک دەسـتپێکێکی هەبێت، هەڵکشـانێک و بـاڵگرتنێکی هەبێت، لـوتکەیەکی هەبێت، شکانەوە و نوشوستییەکی هەبێت، و دووبـارە هەسـتانەوەیەکی هەبێت؛ ئەمە ئەوەمـان پێ دەڵێت کورد ئێستا لە هەوڵی هەستانەوەدایە و پێ دەگرێتەوە.

**یوسف حەسەن**

سەرەتا دەبێت ئاشنای خودی ناسیۆنالیزم بین، کە داهێنراوێکی سەردەمی مۆدێرنەیە واتە بەرهەمی دوای ڕێنیسانسە و بە گەشتی لە خزمەتی دروستکردنی دەوڵەتنەتەوەدا دەوەستێتەوە و ڕەگی سەرەکی ئەو هەوڵدانە بۆ دروستکردنی دەوڵەتنەتەوە (ویستی ململانێ)یە کە مرۆڤەکان بەرەو ئەوە دەبات کۆمەڵ بن و یەکبگرن بۆ دروستکردنی دەستەیەک، لە پێناو زاڵبوون بەسەر ئەوانی تردا هەرچەنە ڕای بەرانبەریش هەیە وەک عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە پێی وایە دەوڵەت مێژووییەکی کۆنتری هەیە بەڵام شێوەکەی جیاواز بووە زیادتر دەتوانین پێی بڵێین ئیمپڕاتۆری نەک دەوڵەت چونکە کۆگەلێک لەناو یەک کۆسووڕی سیاسیدا ژیاون وەک ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، چین، هتد... کە لەناویاندا چەقێکی دەستەڵات هەبووە کە بناغەکەی یان ئایین بووە یان هێزێکی پادشایی، لە ڕاستییدا لە جیهاندا سێ پێناسە یان دنیابینیی هەیە بۆ ناسیۆنالیزم کە پێناسەی فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزین، لە لای خۆمان زیادتر پێناسە ئینگلیزییەکە باوە، لێرەوە لە کێشەکە دەدوێم: من پێم وایە کورد ئەو ڕەگی ململانێکردنەی بۆ زاڵێتی کەمە یان بڵێین لە ئاستی پێویستدا نییە بۆ ئەوەی بتوانێت دەوڵەتی پێ دروست بکەیت هۆکارەکەشی پەیوەندی بە جوگرافیاوە هەیە، با گریمانەیەک دانێین (ڕەگی ململانێ بۆ زاڵێتی هاری لە ژینگەی خراپ و وێرانەوە دروست دەبێت) کە کورد لەو ژینگەیەدا نەژیاوە! ئەگەر سەیری نەتەوەیەکی وەک عەرەب، تورک بکەیت دەتوانیت بە ئاسانی بڕیار لەسەر ئەوە بدەی کە بیابان، نەبوونی خۆراک، ژینگەی خراپ ململانێی لەنێوان تاکەکانیدا ساز کردوە و ئەو ویستەش دەبێتە هۆی ئەوەی حەزی لە داگیرکاری و پاوانخوازی هەبێت، بەڵام کورد لە ناوچەیەکدا بووە کە خۆراک ئاسان دەستکەوتووە، ژینگەیەکی ئارام و باشیان هەبووە ئێ خودی ئەمە وا لە مرۆڤ دەکات نەرمتر بێت لەوانی تر و ویستی پاوانخوازی نەبێت، هۆکارێکی تری نەبوونی سەردارێکی ڕاستەقینەیە کە پێناسەی دنیابینی کورد بکات، کە بە نەتەوەی کورد بڵێ کێ دوژمنییەتی و کێ دۆستییەتی، پێناسەی کوردبوون بکات، پێناسەی باشە، خراپە، جوان، ناشرین، ڕاست، چەپ، هتد... بکات و سەرلەنوێ دنیابینییەکی گشتگیر دروست بکاتەوە.

**گۆران ماد**

بەڕای من سێ هۆکاری سەرەکی و دەیان هۆکاری لاوەکی هەن، کە هۆکارە سەرەکییەکان ئەمانەن ..

**یەکەم**: شکست هێنانی دەستەلاتی ٣٤ساڵەی کوردی لە باشوور، کە سەرەڕای ئەوەی کاری لەسەر دروستکردنەوەی بیری نەتەوەیی نەکردوە، بە خراپییەکانیشی بووەتە هۆی ئەوەی ئەوەندەی دیکە تاکی کورد لە بیری نەتەوەیی دوور بکەونەوە.

**دووەم**: ڕۆڵی خراپی مامۆستا و کەسایەتییە ئایینییەکان کە کەمترین قسەیان لەسەر بابەتی نەتەوەیی هەیە و زۆرجار نەک قسەی باشیان نییە بگرە هاندەرن بۆ دوورکەوتنەوە لە بیری نەتەوەیی و هەندێک ڕاستەوخۆ بانگەشە بۆ بیری دوژمن پەرستی دەکەن.

**سێیەم**: لاوازی کەس و گرووپ و ڕێکخراو و پارتە نەتەوەییەکان لەڕووی کار و چالاکی و نەبوونی چەندان میدیای بەهێز لە خزمەتی بیری نەتەوەییدا.

هۆکارە لاوەکییەکان زۆرن بەڵام لێرەدا گرنگ هۆکارە سەرەکییەکانن.

هەولێرنامەی کتێب